شانۆنامە

## بەختیار عەلی

# بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان



Rahand

## ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

ناوی کتێب: بۆ دۆزەخ... ئەی بێگوناهان
نووسەر: بەختیار عەلی
بابەت: شانۆنامە
دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم سالح
دیزاینی تێکست: ڕەنجدەر جەبار
نۆرەی چاپ: یەکەم ۲۰۲۱ سلێمانی
نرخ: (٦٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: نا بۆ زیندووکردنەوەی سانسۆر

مافی ئەم بەرهەمە بۆ نوسەر پارێزراوە. بەبێ ڕەزامەندی نوسەر، هیچ کەس و کتێبخانە و چاپخانەیەک لەناوەوەی ولات و دەرەوەیدا مافی کۆپیکردن یان لە چاپدانەوە ئەم کتێبەی نییە. هەروەها کەس مافی ئەوەی نییە بێ ڕەزامەندی نوسەر ئەم بەرهەمە یان بەشێکی بخاتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت یان لە شێوەی CD و کتێبی خوێنراوەدا بۆ مەبەستی بازرگانی تۆماربیکات. بە پێچەوانەشەوە ڕوو بە ڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی دەبێتەوە.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
07709309121
Ktebxanai Rahand

## دیمەنی یەکەم

«ژورێکی زیندان دوو تەختی خەوی تێدایە، مستەفا لەسەر قەرەوێڵەیەکی ئاسایی خەوتووە، دۆشەکێکی ئەستوور و سێ لەسەر قەرەوێڵەکەیە، جلەکانی بە ژوور سەرییەوە هەڵواسراون. ژوورەکە لە لای ڕاستەوە دەرگایەکی هەیە، قفڵێکی ئەستووری لێدراوە. لەو دیو دەرگاکە و لە سوچێکی تری شانۆکەدا پاسەوانێک بەبێ چەک لەسەر کورسییەک دانیشتووە. لە لای ڕاستی شانۆکەوە، دوو پیاوی قاتڵەبەری باریک دەردەکەون. هێندەی ئەوان دەگەنە سەر شانۆ پاسەوانەکە هەڵدەستێت و دۆخی ئامادەباش وەردەگرێت. یەکێک لە دوو پیاوە قاتڵەبەرەکە بە بێدەنگی ئاماژەیەک بۆ پاسەوانەکە دەکات. پاسەوانەکە دەرگاکە دەکاتەوە و هەر دووکیان دەچنە ژووری».

فەرمانبەری یەکەم: بەڕێز مستەفا ڕێبەر خەوتووە. ئەگەرچی لە ڕاستیدا تا ئێستا هیچ ماندووبوونێکی وەهای بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵام خەوتووە.

فەرمانبەری دووەم: بەڵێ هاوڕێیم، شتێکی سەیرە، بەڵام من بیستوومە، گوناهباران چەند شەوی یەکەم لە زیندان هەمیشە باش دەخەون، ڕەنگە هۆکەی ئەوە بێت، بیانەوێت تاوانەکەی خۆیان لە بیربکەن.

فەرمانبەری یەکەم: تاوانەکەی خۆیان؟ نا نا تۆ بڵێ بێتاوانیی خۆیان. هەموو کە دێن سەرەتا وادەزانن بێتاوانن.

فەرمانبەری دووهەم: هەق بە تۆیە، منیش بینیومن زۆر پێ لەسەر بێتاوانیی خۆیان دادەگرن. بەتایبەت لە سەرەتادا.

**«مستەفا لەبەر دەنگی دوو فەرمانبەرەکە بە ئاگادێتەوە و هەڵدەستێت و لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دادەنیشێت و سەرسام لە هەر دوو فەرمانبەرەکە دەڕوانێت»**

فەرمانبەری دووەم: ڕۆژێکی خۆش، بەڕێز مستەفا ڕێبەر، بە هیوای ئەوەی لە خەوێکی خۆشمان نەکردبێت.

**«مستەفا هەڵدەستێت و بە خێرایی پانتۆڵێک بەسەر بیجامەکەیدا**

**لەبەر دەکات و چاکەتێکی هەڵواسراو لە پشت سەری خۆیەوە دادەگرێت و لەبەری دەکات»**

مستەفا: بەیانیتان باش بەڕێزان....

هەردوو فەرمانبەرەکە: بەیانیت باش.

مستەفا: هیوادارم کاتی ئەوە هاتبێت پێم بڵێن بۆ لێرەم. دوو ڕۆژە بەبێ ئەوەی تۆمەتێکم ئاڕاستەبکەن دەستبەسەرم. مرۆڤ لایەنیکەم هەقی ئەوەی هەیە بزانێت بۆ گیراوە.

فەرمانبەری یەکەم: ببورە جەنابی مستەفا، ببورە. دەبێت خۆمانت پێ بناسێنین، هەردووکمان، من و هاوڕێکەم فەرمانبەرین لە بەڕێوەبەرایەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی بێتاوانیدا. هەر دووکمان لەوێوە ڕاسپێردراوین لێپرسینەوەی یەکەم لەگەڵ بەڕێزتاندا ئەنجام بدەین. هیوادارین ئەنجامێکمان دەستبکەوێت بە دڵی ئێوەی بەڕێزیش بێت.

مستەفا: «بەسەرسامی سەیریان دەکات» مەبەستت دائیرەی چاکسازیی تاوانبارانە ؟ بەڵام من هیچ تاوانێکم نییە. من فەرمانبەرێکی ئاسابیم لە کتێبخانەی گشتی، لە دەوامی ڕۆژانەی خۆم بووم، هاتمە دەرێ گرتیانم و هێنایانم بۆ ئێرە.

فەرمانبەری دووەم: نەخێر، نەخێر بەڕێز مستەفا، نەخێر، ئێمە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتن و چاکسازیی تاوانباران نین؟ «سەیرێکی هاوڕێکەی دەکات» وانییە؟ وادەزانم ناوەکەی بەوجۆرەیە.

فەرمانبەری یەکەم: بەڵێ جوانت گووت، ئەوە ناوە دروستەکەیەتی، ئێمە وەک عەرزی بەڕێزتانم کرد سەر بە دەزگایەکی

ترین، ئێمە سەر بە دەزگای نەهێشتنی بێتاوانیین. نا، چۆن ناوی دائیرەکەی ئێمەت نەبیستووە، بەڕێوەبەرایەتییەکی کۆنین؟

مستەفا: دەتوانم بزانم ئیشی ئەم دەزگایەی ئێوە چییە؟

فەرمانبەری دووەم: فەرموو بەڕێزم دانیشە، ئێمە لە کاتی واجبدا بۆمان نییە دابنیشین، بەڵام ئێوە گەر دەتانەوێت دابنیشن.

**«مستەفا دادەنیشێت»**

فەرمانبەری یەکەم: ئێمە کارێکی گرنگمان هەیە، دڵنیام کەسانی خوێندەواری وەک ئێوەش لە خەڵکی عەوام باشتر تێیدەگەن. ئیشی ئێمە لەوەدا کورتدەبێتەوە دژ بە هەستی بێتاوانی خەباتبکەین. کێشەی هەستکردنی مرۆڤەکان بەبێتاوانی، کێشەیەکی جیهانییە، وەک کێشەی ژینگە، کێشەی تیرۆر... بەڵام هەستکردن بە بێتاوانی گەر بڵاوبێتەوە لە تاعوون ترسناکترە. ئێمە لەسەر فەرمانی کەسانی لێپرسراو لەمجۆرە تاوانانە لێرەین تا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئێوەدا بکەین.

مستەفا: ڕاستی تێناگەم. شتێک هەیە تێیناگەم. مەبەستتان ئەوەیە من لەسەر بێتاوانی گیراوم؟

فەرمانبەری یەکەم: نا بێگومان، ئێمە بەرپرسین لەو مرۆڤانەی هەستی بێگوناهییان بەهێزە. ئەوەی هەستدەکەیت بێتاوانیت، نیشانەی نەخۆشییەکی ترسناکە. نیشانەی ئەوەیە بەڕێزتان پێویستیتان بە چارەسەرە. فەرمانبەرەکانی ئێمە لە هەموو کوچە و کۆڵانێکدا هەن و لەو حاڵەتانە ئاگادارماندەکەنەوە، ئەو کەسانە لەلایەن ئێمەوە میوانداری دەکرێن و چارەسەر دەکرێن.

فەرمانبەری دووەم: بەڕێز مستەفا یەک تۆز بیر لە پرسیارەکەی خۆتان بکەنەوە بە تەواوی لە هەموو شت تێدەگەیت. ئێوە واهەستدەکەن لەسەر بێتاوانی گیراون؟ ئەمە نیشانەیەکی گەورەیە خۆتان بە بێتاوان دەزانن.

مستەفا: ڕاستی هەست ناکەم یان بیرم نییە یاسایەکم پێشێلکردبێت یان تاوانێکم ئەنجام دابێت.

فەرمانبەری یەکەم: «ڕوودەکاتە فەرمانبەری دووەم» هاوڕێم، هەر ئێستا دۆسییەیەکی نوێ بکەرەوە. فەرموو بۆ ئەوەی بە بێ کێشە بتوانیت بنوسیت، دەتوانیت لە تەنیشت میوانەکەمانەوە دابنیشیت و وتەکانی تۆماربکەیت.

**«فەرمانبەری دووەم لە تەنیشت مستەفاوە لەسەر قەرەویڵەکە دادەنیشێت، لە جانتاکەی فایلێک دەردەهێنێت و سەیری فەرمانبەری یەکەم دەکات».**

فەرمانبەری یەکەم: بنوسە، بەڕێز مستەفا پێیوایە هیچ یاسایەکی پێشێل نەکردوە و هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە.

فەرمانبەری دووەم: ئەمە بەو مانایەیە تۆ هیچ هەستێکت بە گوناهـ نییە؟

مستەفا: ڕاستییەکەی نەخێر، هەستێکی تایبەتیم بە گوناهـ نییە. دەتوانم دڵنیابم، بەڵێ دەتوانم ئێوەش دڵنیابکەمەوە هەستی لەو جۆرەم نییە .

فەرمانبەری یەکەم: بنوسە: هەروەها تاوانبار بۆی ڕوونکردینەوە، هیچ هەستێکی تایبەتی بە گوناهـ نییە.

مستەفا: «بەسەرسامییەوە». بەڵام بەڕاست ئاخۆ ئەوە خراپە؟ ڕاستی تێناگەم بۆ من گیراوم و بۆچی لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکرێت و ئێوە کێن.

فەرمانبەری یەکەم: بێگومان، دۆخی ئێوە پێدەچێت دۆخێکی دژواربێت.

فەرمانبەری دووەم: پێدەچێت هەڕەشەبن بۆ سەر ئاسایشی گشتی.

مستەفا: من بۆیە هەست بە گوناه ناکەم، چونکە کارێکی خراپم نەکردوە. ئەوەش شتێکی تەواو سروشتییە.

فەرمانبەری یەکەم: بنوسە: تاوانبار هەستدەکات هیچ تاوانێکی خراپی نەکردوە، ئەوەش بۆتە مایەی ئەوەی زۆر پێداگری لەسەر بێگوناهیی خۆی بکات. هەستی بێتاوانی بە هەستێکی سروشتی دەزانێت، هەر جۆرە تۆمەتێک ڕەتدەکاتەوە و بە توندی پێ لەسەر بێگوناهیی خۆی دادەگرێت .

مستەفا «لە جێگای خۆی هەڵدەستێ»: ئەمە چییە. لە ڕاستیدا لە هیچ تێناگەم، لە هیچ.

فەرمانبەری یەکەم: ببورە عەزیزم، ئێمە ئیشمان ئەوەیە گفتی سەرەتاییتان لێ وەربگرین، جۆری ئیشەکەمان ڕێگامان پێنادات زۆر شتت بۆ ڕوونبکەینەوە. بێگومان لە داهاتوویەکی نزیکدا کەسانی پلە باڵاتر لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمانەوە دێن و لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکەن.

فەرمانبەری دووەم: «سەیری کاغەزەکانی بەردەمی دەکات» ئێستا دەبێت ئەم خانانە پڕبکەینەوە. تا ئێستا هیچ کەسێکت کوشتووە؟

مستەفا: نەخێر.

فەرمانبەری دووەم: تا ئێستا پەلاماری هیچ ژنێکت داوە، کاری جنسیی ناشەرعیت لەگەڵ هیچ خانمێکدا کردوە؟

مستەفا: نەخێر.

فەرمانبەری دووەم: چەند جار دزیت کردوە.



هەواڵنامەی کتێب

مستەفا: دزیم نەکردوە.

فرمانبەری دووەم: بۆچەند دەوڵەتی بیانی، کاری سیخوڕیت ئەنجامداوە.

مستەفا: بۆ هیچ دەوڵەتێک.

فەرمانبەری دووەم: بە چ شێوەیەک، دژایەتیی دەوڵەت و فەرمانبەران و دەزگا بەرپرسەکانت کردوە؟

مستەفا: بە هیچ شێوەیەک. بە هیچ شێوەیەک.

فەرمانبەری دووەم: چەند جار جنێوت بە سەرۆک یان بە مەرجەعییەتە سیاسی و دینییەکانی وڵات داوە؟

مستەفا: هیچ جارێک، بەڕێز هیچ جارێک، من پیاوێکی جنێوفرۆش نیم.

فەرمانبەری دووەم: هیچ قەرزێکت لە دەوڵەت، لە بانکە ئەهلییەکان، لای کەسانی تایبەت وەرگرتووە؟

مستەفا: نا بەڕێزم، موچەکەم شتێکی کەمبوو، بەڵام بەشی ژیانی خۆمی دەکرد. قەرزاری کەس نیم.

فەرمانبەری دووەم: لە لایەن بەڕێوەبەرێتی باجەوە، هیچ جۆرە تۆمەتێکتان ئاڕاستەکراوە؟

مستەفا: نا کێشەم لەگەڵ دائیرەی باجدا نەبووە.

فەرمانبەری دووەم: زۆرباشە، ئالێرەدا بە خەتێکی جوان واژۆیبکە کە هەست بە هیچ تاوانێک ناکەیت و ویژدانێکی ئاسوودەت هەیە.

**«مستەفا کاغەزەکان وەردەگرێت و سەیریکیان دەکات و واژۆیدەکات»**

فەرمانبەری یەکەم: بەڕێز مستەفا. سوپاس بۆ هاوکاریت. کەسانی پسپۆڕ

و شـارەزا لـە دائیرەکەمـان وەڵامەکانـت دەپشـکنن و هەنـگاوی پێویسـت دەگرنەبـەر. ئێمـە تەنیـا ئیشـمان ئەوەبـوو گفتـی سـەرەتاییتان لـێ وەربگرین. لـە ڕۆژانی داهاتـوودا لایەنـە پسـپۆڕەکان لـە هـەر هەنگاوێکـی دیکـە ئاگادارتدەکەنـەوە.

فەرمانبـەری دووەم: هیـوای مانەوەیەکـی باشـت بـۆ دەخوازیـن. ئـەوەی لەسـەر ئێمەیـە پێـت بڵێیـن ئەوەیە ئەو کاتـەی لێرەیت بـە وردی بیربکـەرەوە، هـەر کات بـە یـادت هاتـەوە گوناهێکتکردوە شـایەنی ئەوەیە بیخەینـە فایلەکەتەوە، ئاگادارمانبکـەرەوە. لـە ڕاسـتیدا زۆربـەی ئەوانـەی دێن بـۆ ئێـرە سـەرەتا بـەم جـۆرە دەسـت پێدەکـەن، دوایـی وردە وردە گوناهەکانیـان بیردەکەوێتـەوە، هەندێـک زۆر بـە خێرایی پێشـدەکەون و هەندێکیش ماوەیەکیان دەوێت.

فەرمانبەری یەکەم: تا سـووربیت لەسـەر ئەوەی گوناهێکت نەکردوە شـایەنی شـەرم و پەشـیمانی بێـت، کێشـەکەت قورسـتر و گرێدارتـر دەبێت.

مستەفا: بەڵام بۆ من ئاسان نییە، درۆ لەگەڵ هەستەکانی خۆمدا بکەم.

فەرمانبـەری یەکـەم: بەڵـێ ڕاسـتە، ئـەوەش هەیـە، بـەڵام تێگەیشـتنی ئێمـە لـە هەسـتی گوناهبـاری کەمێـک جیاوازتـرە لـە هەسـتی خەڵکـی عـەوام. بەداخـەوە ئێمە دەرفەتمان پـێ نەدراوە هیـچ جـۆرە زانیارییـەک بدەینـە بەڕێزتـان، کارمـان تەنیا تۆمارکردنـی قسـەکانی ئێوەیە.

فەرمانبـەری دووەم: هـەق بـە تۆیـە. کاتێکـی ئەوتۆمـان نییـە. بەڕێـز ڕۆژانـی

داهاتوو باشتر لە دۆخی خۆتان تێدەگەن. ئێمە ئێستا دەبێت بڕۆین.

فەرمانبەری یەکەم: خەڵکانێکی تریش هەن، پێویستە گفتی ئەوانیش وەربگرین.

فەرمانبەری دووەم: ئێستا دەتوانیت ڕابکشێیت و درێژە بە خەوەکەت بدەیت.

مستەفا: سوپاس، زۆر سوپاس.

فەرمانبەری یەکەم: ڕۆژێکی خۆش بەڕێزم.

فەرمانبەری دووەم: ڕۆژێکی خۆش.

**«هەر دوو فەرمانبەرەکە بە هێمنی دەڕۆن و لە چاوان وندەبن، مستەفا بەردەوام بێدەنگ سەیریاندەکات».**

هەواڵنامەی کتێب

## دیمەنی دووەم

«لە بەشی پێشەوە شانۆکە کورسی و مێزێک دانراوە. مستەفا ئەم جارە لە جلی زینداندا لە سەر کورسی و لەبەردەم مێزێکدا دانیشتووە. کاتێک شانۆ ڕوناک دەبێتەوە قۆمیسەرێکی بە قەلافەت بە فایلێکەوە دێت و بێدەنگ بەرامبەری دادەنیشێت، جلێکی تایبەتی خاکی لەبەردایە کە دوگمەکانی تا سەرەوە داخراون، کەمێک سەیری کاغەزەکانی بەردەمی دەکات، دەست دەبات ئامێرێکی بچوکی تۆمارکردنی دەنگ لە گیرفانی دەردەهێنێت و دەست بە دوگمەیەکدا دەنێت و دڵنیادەبێتەوە لەوەی ئامێرەکەی ئیشدەکات. ماوەیەک بێدەنگ سەیری مستەفا دەکات».

هەواڵنامەی کتێب

قۆمیسـەر: بەڕێز مستەفا، من بەرپرسی فایلی تایبەتی تۆم لە بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی هەست بەبێگوناهی. هەفتەیەک لەوەوبەر فایلەکەی تۆیان ڕادەستکردم. هاوکارانم لەسەر دۆسیەکەی ئێوەیان نوسیوە، دوای تێپەڕینی دوو مانگ بەسەر لێکۆڵینەوەکاندا هێشتا سووریت لەسەر ئەوەی بڵێیت هەستێکی تایبەتیت بە گوناه نییە و بڕوات وایە هیچ جۆرە یاسایەکت پێشێل نەکردوە.

مستەفا: زۆر ڕاستە. کاتێک من کارێکی خراپم نەکردبێت بۆ خۆم لە تاوانەوە بگلێنم. ئەسڵەن هەر لە هەفتەی یەکەمەوە وازم لەوە هێنا بپرسم گوناهم چییە؟ ئەوەی مرۆڤێکی بێگوناه بۆ تاوانێک بگەڕێت خۆی پێ گوناهباربکات، دژ بە پرەنسیپەکانی منە. لە ڕاستیدا دوای هەفتەیەک بڕیارمدا ئیتر نەپرسم گوناهم چییە، بۆ گیراوم، هەر خودی پرسیارەکە گەمژانەیە. ڕوونە من لەسەر هیچ خەتایەکی دیاریکراو نەگیراوم.

قۆمیسـەر: بەڵێ بەڕێز مستەفا، ئەوەم لە پرسیار و وەڵامەکاندا خوێندەوە. بەداخەوە دەبێت بڵێم، پێدەچێت من و تۆ ماوەیەکی درێژ بەیەکەوەبین. هەندێک شتی بنەڕەتی هەیە فەرمانبەرانی پێش من بۆیان نەبووە دەربارەی بدوێن، لەبەرئەوەی زۆرینەی میوانانی ئێمە پاش ماوەیەکی کەم دەستبەرداری ئەوە دەبن وەک کەسانی

بێگوناهـ ڕەفتاربکەن، تەنیا ژمارەیەکی کەم کەسانی سەرسەخت دەمێننەوە، کەسانێک سوورن لەم جیهانە پڕ لە تاوانەدا بڵێن بێگوناهین. بۆ ئەو جۆرە کەسانە ناچارین ئێمە لە لیژنەی باڵای قۆمیسەرەکان دەست لە کارەکان وەربدەین.

مستەفا: ڕاستی جەنابی قۆمیسەر، من خۆم بە بێگوناهـ دەزانم، ئەوە شتێکە ناتوانم درۆی تێدابکەم.

قۆمیسەر: ئەمەش لە حاڵەتێکدایە، بوونی مرۆڤی بێگوناهـ لەگەڵ دۆخی گشتی دونیا و لەگەڵ پرەنسیپەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئێمەدا تەبا نایەتەوە.

مستەفا: جەنابی قۆمیسەر ڕاستی، مرۆڤ گەر تاوانێکی نەکردبێت، ناتوانێت ئاسان هەستی لەوجۆرە لە خۆیدا دروستبکات. من دەزانم وڵاتی ئێمە، ڕەنگە تەواوی دونیاش هەر وابێت، تاوانباری زۆر تێدایە، بەڵام من وەک هاوڵاتییەکی سادە بەشدار نیم لەو تاوانانەدا، ئەوەش بڕوایەکم پێدەبەخشێت پێ لەسەر بێتاوانیی خۆم دابگرم.

قۆمیسەر: بەڵێ جەنابی مستەفا، ئێمە لە کارەکەی خۆمان سەروکارمان لەگەڵ ئەم جۆرە هەستەدا هەیە. هەستێکە مرۆڤەکان بە هەڵەدا دەبات. ئەوانەی بیریان لە دامەزراندنی دەزگاکەمان کردۆتەوە، پێشوەخت ئاگاداری ئەم جۆرە هەستانە بوون. بوونی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هۆیەکی گرنگی دامەزراندنی دەزگاکەمانە.

مستەفا: بەڵام ئەوە مانای چی جەنابی قۆمیسەر؟ بە بڕوای من لە هەموو سەردەمێکدا دەبێت مرۆڤانی بێگوناهـ لە مرۆڤانی گوناهبار جیابکرێنەوە.

قۆمیسەر: بەڕێز، هەست بە بێگوناهی پەیوەندی بە بێشەرمییەوە هەیە، بێشەرمیش باوکی هەموو دەردەکانە.

مستەفا: تێناگەم جەنابی قۆمیسەر. دەتوانیت زیاتر بۆم ڕوونبکەیتەوە.

قۆمیسەر: ئەوەی بەوجۆرە هەست بە بێگوناهی دەکەیت هۆکەی ئەوەیە خۆت بە قەرزدار نازانیت. خۆت بە قەرزداری وڵاتە خۆشەویستەکەمان نازانیت کە تۆی بەخێوکردوە، سوپا قارەمانەکەمان کاتێک ئەفسەر و سەربازەکانی تۆ دەپارێزن، پیاوە ئایینییەکانمان کاتێک شێلگیرانە بوونەتە پاسەوانی ئەخلاق. تۆ قەرزارێکی گەورەیت، قەرزاری دایک و بابت کە هێناویتیانە دونیاوە، قەرزاری مامۆستاکانی قوتابخانە، قەرزاری خاوەن کارەکەت کە لوتفدەکات و موچەت دەداتێ. تۆ قەرزارێکی زۆریت، بەڵام ئەوەی وا هەستدەکەیت قەرزارنیت، وادەکات هەست بە گوناه نەکەیت. من کاتێک بۆ یەکەم جار هەستمکرد قەرزێکم لەسەرەو نەمداوەتەوە، ئەوکات تێگەیشتم هەست بە گوناه مانای چی.

مستەفا: لەگەڵ ئەوەشدا جەنابی قۆمیسەر من هیچ یاساشکێنییەکم نەکردوە. وەک هاوڵاتییەک هەموو ئەو کارانەم جێبەجێکردوە کە لەسەرم بوون.

قۆمیسەر: «بەدەنگێکی توند و فەرمانکەر» بەڕێز مستەفا، وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەرەوە: تۆ وڵاتەکەمان، یاخود گشتیتر بپرسم، حاڵی ئینسان لەسەر ئەستێرەکەمان بە حاڵێکی باش دەبینیت؟ هیچ شتێک لەو کێشە گەورانە نابینیت مرۆڤ گیرۆدەیان بووە؟

مستەفا: «پاش ئیستێک» نەخێر جەنابی قۆمیسەر. ڕاستی وڵاتەکەمان و ناوچەکەمان بە گشتی حاڵیان باش نییە. بەڵام بۆ جیهان، نازانم... من هاوڵاتییەکی سادەم، تەنیا شتەکانی دەوروبەری خۆم بە باشی تێدەگەم، شتێکی ئەوتۆ لەسەر هەموو جیهان نازانم.

قۆمیسەر: زۆر باشە، کەواتە دەبێت کەسانێک هەبن کارێکیان کردبێت،

بارودۆخـی وڵاتەکەمان تێکچووبێـت... بارودۆخی هیـچ جێگایەک یـان هیـچ مەملەکەتێک هەر وا ئاسان، بێ هیـچ بەهانەیەک تێک ناچێـت، لەگەڵمدایـت یـان لە گەڵمـدا نیت؟.

مستەفا: «بیردەکاتـەوە» بەڵێ لەگەڵتـدام جەنابی قۆمیسـەر. بێگومان دەبێت وابێـت ... بـەڵام نازانـم نیازت لەم پرسـیارە چییە؟

قۆمیسـەر: کەواتـە دەزانیـت گوناهبارانێـک هـەن، خەڵکێکـی تاوانـکار هـەن و ئازادانـە دەسـوڕێنەوە، خەڵکانێـک دەسـتیان لـە خراپیـی بارودۆخەکـەدا هەیـە.

مسـتەفا: «بـە دوودڵییـەوە» بەڵـێ وایـە جەنابی قۆمیسـەر، دەتوانـم بڵێم ئەو قسـەیەی بەڕێزتـان ڕاسـتیی زۆر تێدایە.

قۆمیسـەر: بـەڵام خـۆت بـە یەکێـک لەوانـە نازانیت تاوانبـارن و دەسـتیان لەم دۆخـە خراپـەدا هەیە.

مسـتەفا: بەڕێـزم شـوێن و پلەوپایـەی مـن لـە ئاسـتێکدا نییـە، تاوانـی لـەو شـێوەیەم ڕووبەڕووبکرێتـەوە.

قۆمیسـەر: کەواتـە دەتەوێت بڵێیت ئەوانەی پلەوپایەیـان هەیە و جێگایەکیان گرتـووە و دەسـەڵاتیان بەدەسـتە تاوانبـارن لـە تێکچوونـی بـاری دونیادا؟

مستەفا: ... کۆمەڵێک فاکتەری زۆر لەو مەسەلەیەدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن...

قۆمیسـەر: دەتەوێـت بڵێیـت مـن هەسـت بـە گوناهـ ناکـەم، چونکـە گوناهبـارەکان، دەوڵـەت و دەسـەڵاتداران و خـاوەن سـەرمایەکانن.

مستەفا: ... ڕاستی دەتوانین هۆکارەکان لە چەند خاڵێکدا ....

قۆمیسـەر: «بـە دەنگـی بـەرز» بەڕێز مسـتەفا، هـۆی دامەزراندنـی دەزگاکەی ئێمـە، ئـەم خاڵەیـە کـە هـەر ئێسـتا بەڕێزتـان بـێ هیـچ پێـچ و پەنایـەک ئاماژەتـان پێـدا.

مستەفا: جەنابی قۆمیسەر گەر ڕێگام بدەیت باشتر خۆم ڕوونبکەمەوە.

قۆمیسەر: پسپۆڕەکانمان بۆیان دەرکەوتووە هەستکردن بە بێتاوانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، دەستەیەک خۆیان لە هەموو بەرپرسیارێتییەک دەدزنەوە و تەواوی بەشەکانی تری کۆمەڵگا بە تاوانبار دەزانن. ژمارەیەک لە مرۆڤ تووشی ئەو غرورەدەبن گوایە پاکن و خەڵکانی دی وەک تاوانبار دەبینن.

مستەفا: ڕاستی ئەگەرچی گوناهبار نیم و کارێکم نەکردوە بچێتە ژێر بابی تاوانەوە، بەڵام زۆر بە وردیش نازانم حاڵی دونیا بۆ خراپە و تاوانباری ڕاستەقینە کێیە.

قۆمیسەر: دەمامک لەسەر دەمامک، لەسەر دەمامک. ئەوانەی هەستکردن بە تاوان لە ناخیاندا مردوە بەوجۆرە دەژین. چەند ئاسان هەموو گوناهێک لە خۆیان دووردەخەنەوە و بە چاوی گومان و بە لووتبەرزی خەڵکانی پاکەوە سەیری دونیای دەوروبەری خۆیان دەکەن، کاتێکیش دەیاندوێنیت خۆیان وەک فریشتە وێنادەکەن.

مستەفا: لە هەقیقەت بەولاوە شتێکی ترم نەگووتوە

قۆمیسەر: مستەفا، هەست نەکردنت بە گوناه لەوەوە هاتووە پێت وایە خەڵکانی تر تاوانبارن. سەرۆک تاوانبارە، حیزبە سیاسییەکان، خاوەن کار و پیشەکان تاوانبارن. مەترسیی مرۆڤگەلێک هەست بە گوناهباری ناکەن ئەوەیە دەبن بە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا، لێرەوە وەزیفەی ئێمە ئەوەیە ئەم هەڵەیە چاکبکەینەوە، وەک دەزگایەکی پسپۆڕ و بەرپرس ئیشمان ئەوەیە هەستکردن بە گوناه و تاوانباری بە جۆرێکی دادپەروەرانە بەسەر هەموو کۆمەڵگادا دابەشبکەین.

مستەفا: بەڕێز جەناب قۆمیسەر ئەمە واتای ئەوانەشی گوناهێکیان نەکردوە هەر بە گوناهبار حیساب بکرێن.



هەواڵنامەی کتێب

قۆمیسەر: سەیرکە خۆت بە بێ گوناهێکی ئەبەدی دەزانیت، هەمیشە و هەمیشە بێ گوناهـ ئایا هەست ناکەیت ئەوەی بێ هیچ دەلیلێک خەڵکانێکی تر بە تاوانبار دەزانیت، ئەوە خۆی تاوانێکی گەورەیە؟ ئەوەی هەست ناکەیت قەرزێکت لەسەرە بەرامبەر کۆمەڵگا و دەبێت بیدەیتەوە، ئەوە خۆی تاوانە؟ بەڵێ... خۆشاردنەوەت لە ژێر پەردەی بێگوناهیدا، خۆی تاوانێکی گەورەیە؟. پێم بڵێ مستەفا، ئاخۆ تۆ بەدرێژایی ژیانت ئەم هەستەت هەبووە؟ بۆ نموونە، لەسەردەمی حوکمڕانانی پێشوودا، بەر لەوەی ئەم دەوڵەتە دیموکراتییەی ئەمڕۆ دابمەزرێت: تۆ هەر هەمان هەستت هەبوو؟ هەر خۆت بە بێگوناهـ دەبینی؟

مستەفا: ڕاستی جەنابی قۆمیسەر من هاوڵاتییەک بووم هەمیشە بە دڵسۆزییەوە هەموو یاسا گشتییەکانم ڕەچاوکردوە، بێئەوەی گوێبدەمە ئەوەی کێ فەرمانڕەوایە. یاسا گشتییەکان لای من هەمیشە بایەخێکی بێوێنەیان هەبووە، لە سەردەمی حوکمڕانانی پێشووشدا کارێکم نەکردوە بشێت ناویبنێین پێشێلکردنی یاسا.

قۆمیسەر: بەڕێز مستەفا ڕێبەر وا لە ئێوە تێدەگەم گەر وڵاتەکەش داگیربکرێت و دوژمنان و هێزە دڕندە و بەربەرەکان لێرە ببنە فەرمانڕەوا، تۆ هەر یاساشکێنی ناکەیت و خۆت بە بێگوناهـ دەبینیت؟

مستەفا: بڵێم چی جەنابی قۆمیسەر، ئەوە پرسیارێکی قورسە، ڕاستی نازانم لە هەلومەرجێکی وادا چۆن ڕەفتاردەکەم.

قۆمیسەر: پێم بڵێ مستەفا، تۆ باوەڕت بە خودا هەیە.

مستەفا: بەڕێزم داوای لێبوردن دەکەم، تکایە ناچارم مەکە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چونکە دڵنیانیم ئەگەر وەڵامی تەواوبدەمەوە، کاریگەریی چۆن دەبێت، چەند کێشە و گرفتەکانم بۆ قووڵتر

دەکاتـەوە، ئـەوە پرسـیارێکە مـرۆڤ هـەر چۆنێـک وەڵامبداتـەوە هـەر خۆی تووشـی گرفتی گـەورە دەکات، چونکە سـەدان پرسـیاری تـری بـە دوادا دێـت . باشـترە واز لـەو پرسـیارە بهێنیـن، بـە تایبـەت پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی بـە دۆسـییەکەی منـەوە نییـە. ببـورە ناتوانـم وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەمـەوە.

قۆمیسـەر: «بـە دەنگێکـی نەرمتر و دۆسـتانەتر دەدوێـت» ئاساییە بەڕێـز مسـتەفا، ئێمـە لێـرە زۆر لـە کـەس ناکەیـن، دەبینیـت بـەو پـەڕی ڕێـزەوە مامەڵـەت لەگەڵـدا دەکەیـن، ئێـرە وەک گرتووخانەکانـی تـر نییـە، لێـرە ئێـوە پادشـان و ئێمـە خزمەتکاریـن. هـەر ویسـتم پێـت بڵێم ئـەو پرسـیارە پەیوەندییەکی گرنگی بە دۆسـییەکەتەوە هەیـە، گوناهبـار بـە هـەر لایەکـدا هەڵبێـت هـەر دەچێتـەوە بەردەمـی خـودا.

مسـتەفا: بـەڵام جەنابـی قۆمیسـەر لێـت ناشـارمەوە مـن ماوەیەکـی درێـژە بە تەنیـام و لـە ژێـر بارودۆخێکـی ڕۆحیـی دژواردا دەژیـم.

قۆمیسـەر: نـا جەنابـی مسـتەفا، ناتوانیـت نەرمونیانـی و هێمنیـی ئێمـە بـە کەسـانی تـر بەراوردبکەیـت. ئیشـی ئێمـە جیاوازییەکـی زۆری لەگـەڵ خەڵکـدا هەیـە. بـۆ نمونـە هەنـدێ جـار دەزگاکان یەکێـک وەک تاوانبـار دەناسـێنن، بێئـەوەی بـۆی ڕوونبکەنـەوە چ تاوانێکی کـردوە. لێـرەوە کابـرا سـاڵەهای سـاڵ دەگەڕێـت بـە دوای ئـەوەدا بزانێـت گوناهەکـەی چییـە. ئێمـە لێـرە بـەو جـۆرە گەمژانەیـە ڕەفتارناکەیـن. گوناهبارێـک نەزانێت گوناهەکـەی چییە، لە دونیای ئێمـەدا جێـگای نابێتەوە. ئێمـە وەک ڕێکخراوێکی خێرومەند واین، یاریـدەی میوانەکانمـان دەدەیـن خۆیـان گوناهـی خۆیـان بدۆزنەوە یاخود گەر پێویسـتیکرد دروسـتیبکەن. پسـپۆڕانی دەزگاکەی ئێمە، باوەڕیـان بـەوە نییـە مرۆڤی بێگوناهــ هەبێـت. کاری ئێمە ئەوەیە

کۆمەک بە کەسانی وەک تۆ بکەین، گوناهی خۆتان بدۆزنەوە. لەگەڵتاندا بیردەکەینەوە، لەگەڵتاندا غەم دەخۆین، لە کاتی پێویستیشدا ئەو چیرۆکە دەدۆزینەوە کە ڕزگارتاندەکات.

مستەفا: چاوەڕوانی ئەوە دەکەن یەک یەک هاوڵاتیان بێن و دان بە گوناهەکانی خۆیاندا بنێن؟

قۆمیسەر: نا ... نا. ئێمە وەک ئەو قەشانەنین لەلای کریستەکان لە خەڵوەتێکدا خۆیان دەشارنەوە تا خەڵکی بێن و گوناهەکانی خۆیان بدرکێنن.. نا.. نا. تکایە شتەکان تێکەڵ مەکە. من خۆم وەک قۆمیسەر قێزم لە شێوازی وادێتەوە. ئێمە ئیشمان ئەوەیە گەر یەکێک نەیتوانی گوناهباریی خۆی بناسێت، پێی بناسێنین. ئەگەر یەکێکیش نەیتوانی گوناهەکانی خۆی بە ڕوونی ببینێت، یارمەتیبدەین بە ڕوونی بیبینێت.

مستەفا: من زیاتر لە دوو مانگە بۆ یادەوەرییەک، ڕوداوێک، سەربوردێکی تاڵی دێرین دەگەڕێم وام لێبکات بەڕاستی هەست بە گوناه بکەم، تا بۆ فەرمانبەرەکانی ئێوەی بگێڕمەوە، بەڵام جەنابی قۆمیسەر من بەڕاستی کەسێکی بێگوناهم.

قۆمیسەر: بەڵێ بەڕێز مستەفا، ئێمە لە دۆخی دژواری تۆ تێدەگەین. زۆر باش تێدەگەین. مەترسە و دوودڵ مەبە ئێمە لە پشتی تۆین. هەموو یارییەک یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، ئەم کارەی ئێمەش هەروەها. ئێستا دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ژوورەکەی خۆت و بە هێمنی و بە وردی بیر لە قسەکانی ئەمڕۆ بکەیتەوە. هەوڵبدە واقعییانە بیربکەیتەوە. ئەوەت لە بەرچاو بێت مرۆڤی بێگوناه لە هیچ ئان و زەمانێکدا بوونی نەبووە.

مستەفا: بەڵێ جەنابی قۆمیسەر. هەوڵدەدەم.

## دیمەنی سێهەم

(مستەفا لە ژوورەکەی خۆیدا لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دانیشتووە. کەسێک ـ جەلیل ـ بە جلی زیندانەوە و بە جانتایەکەوە دێت و لە قەرەوێڵەکەی لای چەپیدا دادەنیشێت. مستەفا بەردەوام سەیریدەکات و هیچ ناڵێت. زیندانییەکەی تر جانتاکەی دەکاتەوە و هەندێک جل دەردەهێنێت و بە بزمارێکدا هەڵیاندەواسێت، کتێبێکیش دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر قەرەوێڵەکە و جانتاکە دادەخاتەوە و پێڵاوەکانی دادەکەنێت، بە بێدەنگی لەسەر قەرەوێڵەکە پاڵدەکەوێت و دەستدەکات بە خوێندنەوە).

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

مستەفا: «پاش ماوەیەک بێدەنگی» سەیرە ... زۆر سەیرە ... ڕێگایان پێداویت کتێبت پێ بێت. کتێبی خۆتە یان لێرە لە زیندان وەرتگرتووە؟

جەلیل: «کتێبەکەی دادەخات» سەیرە ... بەڕاستی سەیرە... چۆن ئەوە نازانیت؟ هەموو کەس دەتوانێت هەر کتێبێک داوابکات کە دەیەوێت، بە مەرجێک لەگەڵ ڕێنماییەکاندا بگونجێت.

مستەفا: نا لە کوێ بزانم. بەڵام ڕێنماییەکان چیین؟

جەلیل: تاکە مەرج ئەوەیە، ئەو کتێبانە بخوێنیتەوە کە مرۆڤ وەک گوناهبار وەسفدەکەن. شتی لە بابەتی قورئانی پیرۆز، تەورات، تاوان و سزای داستایۆفسکی، دادگایی کافکا... !

مستەفا: ئەها... بەڵێ، بەڵێ سوپاس، زۆر سوپاس. باوەڕناکەم هیچ ئارەزوویەکم هەبێت کتێب بخوێنمەوە. لە ڕاستیدا بینینی کتێبەکە، کەمێک فزولمی جوڵاند. داوای لێبوردن دەکەم. لەوە زیاتر پێویست بە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دی ناکات لە لایەن بەڕێزتانەوە.

**«ماوەیەک بێدەنگی ...»**

جەلیل: منیش دوای پێنج مانگ زیندانی لە پاسەوانەکانم پرسی «چ شتێک هەیە خۆمی پێ سەرگەرمبکەم». سەرەتا ڕێکتەیەک و تۆپێکی

تێنسیان بۆ هێنام تا لەگەڵ دیوارەکەدا یاریبکەم. بەڵام ڕۆژێک کەسێک هات بۆ ژوورەکەم بە جانتایەک کتێبەوە، ناونیشانەکانی پیشاندام و پێی گووتم، گەر حەزم بە هیچ یەک لەو کتێبانە نییە، دەتوانم کتێبی دی داوابکەم، بە مەرجێک لەگەڵ ڕێنماییەکاندا بگونجێت.

مستەفا: بەڵێ. کەواتە ئێستا تەنیا ئەو کتێبانە دەخوێنیتەوە کە لەگەڵ ڕێنماییەکاندا دەگونجێن؟

جەلیل: بەڵێ.

مستەفا: دەتوانم بپرسم، بۆ ناردویانیت بۆ ژوورەکەی من؟

جەلیل: «لە جێگای خۆی هەڵدەستێت و دەستی تەوقە بۆ مستەفا درێژدەکات، مستەفا سەرسامانە تەوقەی لەگەڵ دەکات» من ناوم جەلیلە، وادەزانم کۆنترین زیندانیی ئێرەم، بەدەگمەن زیندانییەک لێرە دوو ساڵ دەمێنێتەوە. ئێرە وەک زیندانییەکانی تری وڵات نییە، زیندانێکی باشە، لە باشترین زیندانەکانە، لێدان نییە، سووکایەتی نییە، زۆرلێکردن نییە، قسەی ناشیرین نییە. زیندانێکی زۆر باشە. نانت دەدەنێ و کاتی پێویستت دەدەنێ بیر لە گوناهەکانت بکەیتەوە. زیندانە بەڵام بە شێوەیەکی ئینسانی.

مستەفا: بەڵام دوو ساڵ ماوەیەکی زۆر درێژە ماوەیەکی زۆر زۆر درێژە. من لە بەرئەوەی بێ هیچ تۆمەتێکی دیاریکراو گیراوم، لەو باوەڕەدام زووتر بەربم... تا باوەڕناکەم ئەوەندەم پێبچێت.

جەلیل: نا ببوورە من هەموو ئەو ماوەیە لە زیندان نەبووم، ئەوە شتێکە دوایی تێیدەگەیت. بەڵێ. من ماوەیەکی باشم لەو دوو ساڵە لە دەرەوەی زیندان بردۆتە سەر. کاتێک منیش لە هەمان ئەم قۆناغەی تۆدا بووم کەسێکی تایبەتیان بۆ ناردم. ڕۆژێک پیاوێک

بە جانتایەکەوە خۆی کرد بە ژوورەکەمدا، ئەو کتێبی پێ نەبوو، تەختەیەکی تاوڵەی لە بندەستدا بوو. کاری ئەوە بوو کۆمەکی من بکات.

مستەفا: وادیارە بەڕێزیشتان هاتوون کۆمەک بە من بکەن ؟

جەلیل: بەڵێ جەنابی قۆمیسەر پێی گووتم، گیراوێکمان هەیە دوو مانگە بە تەنیایە. وەک مرۆڤێکی سەرسەخت باسی تۆی کرد، گوایە زۆر باوەڕت بە پاکی و بێگەردیی خۆت هەیە، خەڵک بە گوناهبار و خۆت بە خاوێن و بژوین دەزانیت . بەڵام غەم لەوە مەخۆ، تەنیایی وا لە مرۆڤەکان دەکات لەسەر بڕوا و عەقیدەکانیان سووربن، بەڵام ئەگەر مرۆڤ هاودەمێکی هەبێت ئاسانتر بیروبۆچوونی خۆی دەگۆڕێت. من بە درێژایی ژیانم وابووم، هاوڕێکانم، هاوژینەکەم، هاوکارەکانم لە ئیش، کارێکیانکردوە زوو زوو بیروڕاکانی خۆم بگۆڕم. لە ڕاستیدا ئەوەی ناچارین لەگەڵ ئادەمیزادەکانی تردا بژین، هۆکارێکی گرنگە تا عەقیدەیەکی ڕوون و جێگیرمان نەبێت.

مستەفا: دیارە ئەوانیتر کۆمەکێکی باشیان پێکردویت، خۆت بگۆڕیت و دان بەوەدا بنێیت کەسێکی تاوانباریت؟

جەلیل: بە هەر حاڵ من وەک تۆ نیم، من گوناهبارم، من گوناهبارێکی تەواوم. ڕاستت دەوێت گەرچی ماوەیەکی زۆر دوور و درێژیش نییە، بەڵام واهەستدەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان بێگوناهـ نەبووم. مرۆڤ هەر هێندەی یەک جار لە دڵەوە دانی بە گوناهباریی خۆیدا نا، ئیدی تا ئەبەد پاک نابێتەوە، بە پێچەوانەوە حەزێکی ترسناکی تێدا دروست دەبێت پتر لە گوناهدا نوقم ببێت.

مستەفا: ئاە، کەواتە دانت بە تاوانێکدا ناوە. ئەی چۆنە ئازاد نیت، یان ڕەوانەی دادگا نەکراویت.

جەلیل: مەسـەلەکە هـەر وا ئاسـان نییـە، چاوەڕێـی هاتنـەوەی حوکمەکـەم دەکـەم.

مستەفا: ئەی دەتوانیت چ کۆمەکێک بە من بکەیت.

جەلیل: تەنیا بوونم لێرەدا یارمەتییەکە بۆ تۆ. یارمەتییەکی گەورەیە.

مسـتەفا: لـە ڕاسـتیدا تەنیـا کۆمـەک بتوانیت پێشکەشـی منی بکەیـت ئەوەیە یارمەتیـم بدەیـت لێرە بچمـە دەرێ.

جەلیـل: بەداخـەوە، زۆر بـە داخـەوە، تەنیـا ڕێـگا بۆئـەوەی لێرە بچیتـە دەرێ ئەوەیـە هەسـتێکی ڕاسـتەقینە بـە تـاوان لـە خۆتـدا گەشـەپێبدەیت. هـەر مرۆڤێـک ڕێـگای کەوتـە ئـەم زیندانـە تـا هەسـت بـە گوناهـ نـەکات ناتوانێـت بچێتـەدەرێ . هەسـتێکی ڕاسـتەقینە، هەسـتێک لـە دڵـەوە، هەسـتێک دەبێـت قـووڵ بێـت، وەک بـاوەڕی ئیماندارێک بە خودا.

مسـتەفا: بـەڵام هاوڕێـم پێـم بڵـێ، تـۆ دوای چەنـد هەسـتتکرد پێویسـتە ئیتر خـۆت بگۆڕیت؟

جەلیـل: گوێبگـرە شـتەکە هـەروا ئاسـان نییـە، ئـەوە پرۆسێسـێکی قورسـە، چونکـە زۆرجـار مـرۆڤ بـە ڕاسـتی هەسـتێکی قووڵـی گوناهـ لـە ناخیـدا گـەورە دەبێـت، خـۆی بـە گوناهبـار دەزانێـت، بەسـەر ژیانی خۆیـدا دەچێتـەوە و هەموو هەڵـە ورد و گەورەکانی خـۆی بە ڕوونی دەبینێـت، بـەڵام کێشـەکە ئەوەیـە چـۆن وابکەیـت فەرمانبەرەکانـی ئێـرە، هەیئەتـی قۆمیسـەرەکان بـاوەڕت پێبکـەن.

مسـتەفا: نەفرەتیـان لـێ بێـت، چـۆن دەتوانـم کاری وابکـەم. ئەمـە چ جـۆرە زیندانێکـە؟ چـۆن وابکـەم بـاوەڕ بـەوە بهێنـن گوایـە من هەسـت بە گوناهێـک دەکـەم کـە نەمکـردوە.

جەلیـل: واچاکـە بـە دەنگـی بـەرز جنێـو نەدەیـت و هـاوار نەکەیـت، چونکە

کەسێک لە ژێر باری گوناهدا بنالێنێت خاکسار و شەرمن و بێهەوا دەبێت. ئەوە خاڵێکە لەو خاڵانەی لێرە گوناهبارانی پێ دەناسنەوە. ڕاستی پێم بڵێ، هیچ شتێکت نەکردووە لە ژیانتدا وابکات هەست بە گوناه بکەیت؟

مستەفا: بەڕێز جەلیل، پێم بڵێ تۆ یەکێکی لە فەرمانبەرانی ئێرە؟ دەترسێم قۆمیسەرەکان تۆیان ناردبێتە ئێرە تا بە جۆرێکی تر تۆژین و بنجگیریم لەگەڵ بکەیت. ئەگەر وەهایە پێم بڵێ با کاتی خۆم لەگەڵتدا بە فیڕۆنەدەم.

جەلیل: «لەسەر جێگاکەی ڕادەکشێت» لە ڕاستیدا ڕەنگە بە پێچەوانەوە بێت، کاتێک پێرێ گەڕامەوە بۆ زیندان، مەسەلەی حوکمەکەی خۆم لەگەڵ ژنەکەم و منداڵەکانمدا تاووتوێکرد، هەستمکرد قۆمیسەرەکان هێشتا گومانیان هەیە. کاتێک جەنابی قۆمیسەر گووتی وای بە باش دەزانم بچیتە ژوورەکەی مستەفا ڕێبەر، توند گومانم تێگەڕا تۆ قۆمیسەرێکی نهێنی بیت.

مستەفا: من؟ ئاە، وازبهێنە. من بەدبەختێکم سەر لە حاڵی خۆشم دەرناکەم.

جەلیل: لە ڕاستیدا هەموو دوو کەسێک لێرە کاتێک دەخرێنە پاڵ یەک، لە دواجاردا بە بێ ویست و خواستی خۆیان دەبن بە چاودێر بەسەر یەکەوە، لەوەدا لەسەر هەقیت. من هەر پرسیارێکم لەسەر تۆ لێ بکەن وەک خۆی وەڵامیان دەدەمەوە، باشترە تۆش وابکەیت.

مستەفا: پێت وایە دەبیستن و ئاگادارن ئێمە باسی چی دەکەین؟ بیستۆکیان لە ژوورەکاندا داناوە یان چی؟

جەلیل: نانا. پێویستیان بە کاری وا نییە. قۆمیسەرەکان مەشقی پێویستیان بینیوە، باشیی ئەم زیندانە ئەوەیە، بە پێچەوانەی هەموو زیندانەکانی تری دونیاوە، داوای سەلماندنی تاوانێکی دیاریکراومان

لێ ناکەن، مرۆڤ ئازادە خۆی بە چ جۆرە گوناهێک باردەکات. لە زیندانەکانی تردا گوناهێکمان هەیە بۆ گوناهبار دەگەڕێت، لێرەدا شتەکان پێچەوانەن، دواجار خۆت وات لێدێت داوابکەیت گوێت لێبگرن، لێرە دەوڵەت چاودێریمان ناکات، بەڵکو خۆمان دەبین بە شاهید بەسەر خۆمانەوە.

مستەفا: ڕاستیت پێ بڵێم برام، گەرچی چەند مانگێکە لێرەم، بەڵام تا ئێستا بەلامەوە قورسە لە شتەکان تێبگەم. ئەگەر قۆمیسەرەکان تاوانێکیان بخستایەتە پاڵم و لەسەر ئەو تاوانە سزایان بدامایە بەلامەوە ئاساییتر بوو، لایەنیکەم تێدەگەیشتم.

جەلیل: بەڵێ برام، لێرە کردارەکانمان، گوناهە ڕاستەقینەکانمان نرخێکی ئەوتۆیان نییە. بۆ نمونە گەر پیاوێکت کوشتوە، لێرە لەسەر خودی تاوانەکە سزا نادرێیت. ئێرە تەنیا پەیوەندییان بە هەستەکانمانەوە هەیە. تا زیاتر هەست بە گوناه بکەین، لە چاوی لێپرسراواندا باشتر دەتوانین ببینە مرۆڤ و هاوڵاتی باش... لە ڕوانینی قۆمیسەرەکانەوە گوناه خۆی شتێکی ترسناک نییە، بە جەهەنەم تۆ سەد کەست کوشتوە یان هیچ کەس، بە جەهەنەم تۆ خوێنمژ و خوێنخۆرێکی بێ وێنەیت یان وەها پاک و بێتاوانیت هەتا پێت بە مێرولەیەکیشدا نەناوە. هەستەکانت گرنگن، هەموو مرۆڤێک کاتێک دەبێتە هاوڵاتییەکی باش کە هەست بە گوناه بکات.

مستەفا: بەڵێ، لەوە تێگەیشتووم. بەڵام بۆ کەسێکی وەک من کە گوناهێکم نییە، ئاسان نییە هەروا لە هیچ خۆم وەک تاوانبارێک سەیربکەم. ئاسانتربوو تۆمەتێکم بۆ بتاشن و تاوانێک بەبەرم ببڕن و سزام بدەن و تەواو.

جەلیل: نا... نا. برام، دەوڵەت حەزی بە شتی وا نییە. گەر شتەکان بەوجۆرەبن تۆ ئاواتیان پێدەخوازیت، ئەوکات تۆ سزای خۆت

وەردەگریت و ئازاری خۆت دەکێشیت، بەڵام لە ناخی دڵەوە هێشتا هەر هەست بە پاکی دەکەیت. زۆر لە هاوڵاتیان هەست بە بێگوناهی دەکەن، دەوڵەت بڕیاری داوە شتەکان ڕاستبکاتەوە. لەوەشدا لەسەر هەقە، هەر یەک دەبێت بڕێک لە تاوان بخاتە ئەستۆی خۆی. ماوەیەکی دەوێت تا مرۆڤ تێدەگات ئەم جێگایە چەند شوێنێکی گرنگە. تا نزیکی هەشت مانگیش نەمدەزانی ئەم شوێنە چ نرخ و بایەخێکی زۆری هەیە. دەوڵەت لەسەر هەقە، گەر ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان بەردەوام هەستبکەن بێ گوناهن و هەستێکیان نەبێت قەرزارباری دەوڵەت و کۆمەڵگان، لە دواجاردا کۆدەبنەوە و هاشاوڵ بۆ دەوڵەت دەبەن... دەبینیت، دەوڵەت لەسەر هەقە.

مستەفا: بەڵام گەر بە هەڵەدا نەچووبم تۆ دەڵێیت لە دەرەوە گەڕاویتەوە زیندان. تێناگەم مەبەستت چییە؟

جەلیل: ئاە عەزیزم پەلە مەکە، وردە وردە لە هەموو شت تێدەگەیت.

مستەفا: ڕاستی لێت ناشارمەوە زۆر بێزارم. گەرچی هەست ناکەم تۆ بتوانێت یارمەتیم بدەیت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو پرسیار و گومانانەدا دەرهەق بە تۆ لە خەیاڵمدا دێن و دەچن، خۆشحاڵم هاودەمێکم لە ژوورەکەدا هەبێت.

جەلیل: سوپاستدەکەم، منیش خۆم مرۆڤێکم حەزم بە تێکەڵی هەیە، پیاوێک نیم عاشق بە گۆشەگیری بم. هەر زیندانییەک ڕوو لێرە دەکات سەرەتا زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت بێتاوانە، ئەوە نەریتێکە بە پاشماوە بۆمان ماوەتەوە، وادەزانین کاتێک گیراین دەبێت هاواربکەین ئێمە بێ خەتاین، ئێمە پاکین، ئێمە هیچ گوناهێکمان نەکردوە. بەڵام گەر بە وردی لە ژیانی خۆمان وردببینەوە، زۆر شت هەیە شایستەی پەشیمانییە، لە ڕاستیدا هەموو مرۆڤەکان شایەنی

سزان هەتا ئەگەر هیچ گوناهێکیشیان لەسەر ساغ نەبێتەوە یان گەر خۆشیان هیچ هەستێکیان بە گوناهباری نەبێت.

مستەفا: دەمەوێت ڕێگایەکم پیشانبدەیت لێرە بڕۆمەدەرێ. تۆ چۆن چوویتە دەرێ.

**«لەو کاتەدا پاسەوانێک دەرگاکە دەکاتەوە»**

پاسەوان: تاوانبار جەلیل ئومێد، لە نوسینگەی بەڕێوەبەرەوە بانگتدەکەن.

## دیمەنی چوارەم

«مستەفا لەسەر هەمان مێز و کورسیی دیمەنی دووەم دانیشتووە. ئەم جارە جەمیلەی ژنی لە جلێکی زۆر جوان و فریودەردا دێتە ژوورێ. مستەفا سەرسام لە بینینی ژنەکەی لە جێگای خۆی هەڵدەستێت و وەک باوەڕ بە چاوانی خۆی نەکات تەماشایدەکات».

جەمیلە: ئوە مستەفا گیان... مستەفا گیان، چەند خۆشبەختم دووبارە دەتبینمەوە، چەند دڵخۆشم.

**«جەمیلە باوەشی پیادەکات و توند دەینوسێنێت بەخۆیەوە.»**

مستەفا: ئاە جەمیلە، باوەڕناکەم، ئەمە تۆیت؟ چۆن ڕێگایان پێدایت بێیتە ژووری... بێگومان خۆشحاڵم، زۆریش خۆشحاڵم. بەڵام سەیرە زۆر سەیرە.

جەمیلە: جارێ با تەماشات بکەم، ئاە زۆر باشە، زۆر خۆشحاڵم. شوکور بۆ خودا سەرەحاڵ و باشیت. پێناچێت ئازاریان دابیت. خودایە لێرە چەند خەڵکێکی باشن، چ دڵخۆشم ئاوا لە تەندروستییەکی باشدا دەتبینمەوە. ئوە، مێردە خۆشەویستەکەم دەزانیت چەند بیرتدەکەم، دەزانی منداڵەکانمان چەند بیرتدەکەن. هەموو خۆمان ئامادەکردوە بەو زووانە ئازادبکرێیت.

مستەفا: بێگومان جەمیلە گیان، منیش زۆر خۆشحاڵم... نا... نا ... ئەوەی تۆزێک شپرزە دەردەکەوم نارەحەتت نەکات. بە هیچ جۆرێک نارەحەتت نەکات. من باشم، وەک دەبینیت زۆر باشم. هێندە هەیە کەمێک نائومێد و ماندووم، چونکە نازانم تا چەندی تر لێرە دەبم.

جەمیلـە: «خـۆی لێ نزیـک دەکاتـەوە و وەک بە چرپە قسـەبکات» هیچ نییە، هـەر شتێک بدۆزەوە، هەر شـتێکی ئاسـایی، هـەر تاوانێـک بێت ... «بـە دەنگـی بەرز» هەموو شـتێک بـاش دەبێت، هەموو شـتێک.

مسـتەفا: ئـاە، جەمیلـە شـتەکان ئێجـگار بەوسـادەییە نییـن. هەسـتدەکەم کەوتومەتـە نێـوان چەنـد ڕێگایەکـی دژوارەوە، وەک یەکێـک نەزانێـت دەبێـت چـی بـکات و چـی هەڵبژێرێـت. بەرچـاوم لێڵـە و بیرکردنەوەکانـم ڕوون نییـن ... ڕاسـتی لـە ڕووی ڕۆحییـەوە لـە گێژاوێکـی ڕاستەقینەدا دەژیـم. دوای ئـەوە هاوسـەرە ئازیزەکەم، نا بەڕاسـتی نازانـم چەنـدی تـر لێـرە دەبـم.

جەمیلـە: هەمـوو شـت بـاش دەبێت، مەترسـێ. نـا مێـردە ئازیزەکـەم، هەموو شـت بـاش دەبێـت. «لێـی نزیـک دەبێتـەوە و دیسـانەوە بـە چرپە» ئـەوە بکـە کـە دەیانەوێـت، بڵـێ گوناهبـارم، بڵـێ شـتێکم کـردوە و لێی پەشـیمانم.

مستەفا: چۆن زانیت من لێرەم؟ جەمیلە پێم بڵێ، چۆن گەیشتیتە ئێرە؟

جەمیلـە: «بـە چرپـە» منیـش گیرابـووم، منیـش وەک تـۆ لێـرە زینـدان بـووم، ڕەنگـە تەنیـا چەنـد ژوورێـک لـە یەکـتر دووربووبیـن.

مستەفا: تۆش گیرابوویت؟ خودایە؟ تۆ دەڵێیت چی؟

جەمیلـە: مەترسـێ، مێـردە خۆشەویسـتەکەم مەترسـێ. مـن ئێسـتا ئـازادم، چەندیـن هەفتەیـە ئـازادم. تەنیـا شـتێکی گرنـگ ئەوەیـە بە ڕاسـتی هەسـت بـە گوناهبـاری بکەیـت.

مسـتەفا: جەمیلـە، بـەڵام تـۆ پەپولەیـەک بوویـت بـۆ خـۆت، چ گوناهێـک، چ گوناهبارییـەک؟ خودایـە .

جەمیلـە: نـا تۆ بە هەڵـەدا چوویت، مـن دڵنیاتدەکەمەوە بە هەڵـەدا چوویت. مـن هەرگیـز پەپولەیەکـی پـاک و بـێ گوناهـ نەبـووم. لـە ڕاستیدا

مـن خـۆم داوام پێشـکەش بـە ئیدارەی زیندان کـرد، تا بێم و داوای لێبوردنـت لـێ بکەم. من هەسـتێکی قووڵ و بێبنم بـە گوناهـ هەیە. ئەزیـزم، مـن زۆر شـەرمەزاری تۆم.

مستەفا: بتبورم، لـە چـی بتبـورم، جەمیلـە تـۆ ژنێکـی بێئەنـدازە باشـیت، دایکێکـی باشیشـیت، مرۆڤێکـی باشیشـیت.

جەمیلـە: دەبینیـت مسـتەفا گیان، تۆ چەنـد پیاوێکی خۆشـباوەڕ و کورتبینیت. ڕاسـتی مـن وەک هـەر هاوڵاتییەکـی تـری ئـەم وڵاتـە گوناهـی خـۆم هەیـە... تکایـە لـە بیرکردنـەوە و حوکمدانـدا زۆر بە هەڵـەدا مەچۆ.

مستەفا: جەمیلـە، وادەزانـم لـە زینـدان ئازاریـان داویـت و ناچاریانکردویـت ئـەم جـۆرە قسـانە بکەیت.

جەمیلـە: «بەدەنگـی بـەرز پێدەکەنێت» ئازار؟ ئەشـکەنجە؟ بـە هیچ جۆرێک. نـا مێـردی خۆشەویسـتم، هیـچ کـەس ئـازاری نـەداوم. بـەڵام لێـرە فێربـووم بـە ڕاسـتی هەسـت بـە خـۆم بکـەم و ڕاسـتیی خـۆم ببینم. مسـتەفای ئازیـزم، گەرچـی تـۆ تەنیا پیاوێکیـت مـن لـە ژیانمـدا خۆشمویسـتبێت، بـەڵام لێتـی ناشـارمەوە ژنێکـی هێنـدە داوێـن پاکیـش نەبـووم، وەک تـۆ بـۆی چوویـت.

مستەفا: جەمیلـە پێـم بڵێ چییان لێ کردویت. گەر بە فەرمانی قۆمیسـەرەکان هاتوویـت، پێم بڵێ.

جەمیلـە: مسـتەفای خۆشـەویستم، مـن بـە ئیـرادەی ئـازاد و بـە بڕیـاری سـەربەخۆی خـۆم هاتـووم پێت بڵێم من لە چوارچێوەی پەیوەندیی خێزانـی خۆمانـدا وەک ژن و مێـرد، بە تۆ و بە هاوسـەرگیرییەکەمان وەفـادار نەبووم.

مستەفا: مەبەستت چییە؟ دەتەوێت بڵێیت چی؟

جەمیلـە: ئێسـتاش هەسـت بـەوەی تاوانێکـی گـەورەم بەرامبـەر تـۆ، بەرامبەر

دیـن و عـادات و کولتوورمـان، بەرامبـەر پیرۆزییەکانـی هەمـوو هاوسـەرگیرییەکی سـەرکەوتوو ئەنجامـداوە، پاڵـم پێـوە دەنێـت بـە هەسـتێکی قـووڵ بـە گوناهـەوە داوای لێبوردنـت لـێ بکـەم.

مستەفا: ڕاستی جەمیلە. تێناگەم... دەمەوێت بڵێم...

جەمیلـە: مستـەفای ئازیـزم هیـچ مەڵـێ. مـن هەسـتێکی قووڵـم بـە گوناهـ هەیـە، ئازار وەها ئەشـکەنجەم دەدات تکابکەم تۆ چ سـزایەکت پێ باشـە، هەتـا ئەگەر کوشـتنیش بێـت قەبووڵمـە. بگرە «دەسـتدەبات لـە جانتاکـەی دەمانچەیەکـی بچکۆلـە دەردەهێنێـت». مـن ژنێکـی خیانەتـکارم... دەتوانیـت بمکوژێـت. مـن پێخەفـی هاوسـەرگیریمانم پیسـکردوە، شـەرعی خـودا و پێغەمبەرەکانم شـکاندوە، بگـرە، بگرە، مـن شـایەنی هـەر سـزایەکم تـۆ بمدەیت.

مستـەفا: «سـەیری دەمانچەکـە دەکات و وەری ناگرێـت» چییـان لـێ کردویت جەمیلـە؟ چییـان بەسـەرهێناویت ئازیـزم؟ بـۆ ئەو درۆیانـە بۆ خۆت هەڵدەبەستیت؟ .

جەمیلـە: درۆ؟ گـەر درۆ بێـت، دەتوانـم دەمانچەیەکـی بارکـراو بـە گوللـە بدەمـە دەسـتت و تکابکەم بمکوژیت؟ ئاە مسـتەفای خۆشەویسـت، کـەس لـە درۆکردنـدا هێنـدە دوور نـاڕوات. تـۆ دەزانیت مـن ژنێکم ژیانـم خۆشـدەوێت، ئەهلـی کەیف و شـادیم، گـەر ئازارێکی قووڵم نەبێـت کاری واناکـەم. بیگـرە تکایـە و وەک ژنێکـی خیانەتـکار بـە سـزای خۆمـم بگەیەنـە. چونکـە هەسـتکردن بـە گوناهـ لـە ناخـەوە خەریکـە دەمخنکێنێـت.

مستـەفا: کاتێـک دوای ماوەیەکـی وا درێـژ دەرکەوتیـت، وامدەزانـی ئەمڕۆ دەبێتـە خۆشـترین ڕۆژی ژیانـم، بـەڵام تێدەگـەم، ئەمـەش هـەر نمایشـێکە و قۆمیسـەرەکان ڕێکیـان خسـتووە.

جەمیلە: قۆمیسەرەکان کاریان بەوەوە نییە. من ڕاستیم پێگووتوویت... ڕاستی. ئاە مستەفا... دەبینیت، دەبینیت خۆشەویستم، هەموو گوناهێک دەخەیتە ملی قۆمیسەرەکان، هەموو گوناهێک دەخەیتە ملی دەوڵەت. گوناهبار منم، ژنەکەی خۆت.

مستەفا: ڕاستی ناتوانم باوەڕت پێبکەم. هەمووی نمایشە ... هەمووی درۆیە. جەمیلە تۆ ژنێکی پاکیت.

جەمیلە: تکایە، تکایە. ئەوە دەمانچەکەیە... تکایە.

# دیمەنی پێنجەم

«قۆمیسەر لەگەڵ میدیاکار و پزیشکی دەرونی و مامۆستایەکی ئایینیدا لە دەوری هەمان مێزی پێشوو دانیشتوون»

قۆمیسـەر: کابـرا سەرسـەختییەک دەنوێنێـت لەمێـژە لـە هیـچ کەسـێکی دیکە نەماندیوە.

پزیشـکی دەرونـی: ئەمـە لـە هەلومەرجێکـدا وامـان دەزانـی هەمـوو میللەت لـە پەیامەکە تێگەیشـتوە.

پیـاوی ئاییـن: دکتـۆر گیـان تکایـە، مـرۆڤ گـەر ئیمانـی بەخـودا هەبێـت، ئەوا ئیمانـی بـە گوناهباریی خۆشـی دەبێت. خودای گـەوە بۆیە نوێژ و تاعـەت و ڕۆژووی بەسـەردا سـەپاندوین، تـا لـە نێـوان هەموو گوناهێـک و گوناهێکـی تردا کاتی پێویسـتمان بە دەسـتەوە بێت خۆمـان پاکبکەینەوە.

میدیـاکار: دەمخـۆش بەڕێـز، یەکەم چیـرۆک و حکایەتێک مـرۆڤ گێڕابێتییەوە لەسـەر گوناهەکانـی خـۆی بـووە. گـەر گوناهـ نەبووایـە کاری ڕاگەیاندنیـش نەدەبـوو. سـەعاتێک سـەیری تەلەفزیـۆن بکـە، سـەعاتێک گـوێ لـە ڕادیـۆ بگـرە، ڕۆژنامەیـەک بگـرە بـە دەسـتەوە و بیخوێنـەرەوە، هەموویـان سـەرتاپا باسـی گوناهەکانـی ئینسـان دەکـەن، کەچـی لـە دونیـای وەهـادا مرۆڤـی بـەد و خۆپەرسـتی وا هەڵدەکەوێـت بێشـەرمانە پێدادەگرێـت و دەڵێـت مـن بێگوناهـم.

پزیشکی دەرونی: گەر گوناهـ نەبایە زانستە دەرونییەکانیش نەدەبوون.

قۆمیسەر: بەڕێزان ... بەڕێزان. لەگەڵ هەموو ئەم قسانەشدا ئێستا کەسێکمان هەیە دوای چەندین مانگ مانەوە، هیچ هەستێکی بە گوناهـ نییە. لە قووڵایی دڵییەوە باوەڕی وایە مرۆڤێکی بێگوناهە. ئەم قسانەی ئێوە سوودی چییە گەر لە بەردەم کەسێکدا دەستەوەستان بوەستین و هیچمان بۆ نەکرێت.

میدیاکار: جەنابی قۆمیسەر ئێوە پێشنیارتان چییە.

قۆمیسەر: ڕاستی نەمدەویست ئێوە تێکەڵ بەم چیرۆکە بن. شتێک لە دڵەوە پاڵی پێوەدەنام، خۆم بە تەنیا کێشەکە چارەسەربکەم.

پیاوی ئایین: جەنابی قۆمیسەر گەر پێویست بکات، من لە خزمەتدام، بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم. دواجار ئێمەش هەر فەرمانبەری دڵسۆزی دەوڵەتین.

قۆمیسەر: بەڵێ، ئێستا وا پێویست دەکات هەر سێکتان پێکەوە قسەی لەگەڵدا بکەن و تێبگەیێنن پێداگرتنی لەسەر بێگوناهی کارێکی گەمژانەیە.

پزیشکی دەروونی: بێگومان زۆر گەمژانەیە. سوێندبێ دەخۆم گەر جوان سەیری دەروونی خۆی بکات، گوناهی زۆر دەدۆزێتەوە.

قۆمیسەر: دوا هەوڵی تایبەتی من ئەوەبوو کارێک بکەم ژنەکەی بچێت بۆ لای و گوناهباریی خۆی بۆ ئاشکرابکات، ژنەکەی پێیگووت لەگەڵ پیاوێکی تردا ناپاکیی لێ کردوە. لەو کاتەوە تووشی غەمۆکییەکی زۆر بووە، دوودڵە، هیوادارم وردە وردە نەرم ببێت و ئەژنۆکانی شل بن و دواجار چۆک بدات.

پزیشکی دەروونی: دوودڵی وا لە مرۆڤ دەکات، قووڵتر بیربکاتەوە، هەر کاتێک قووڵتر بیریکردەوە ئەگەری ئەوە زۆرە بەر گوناهەکانی خۆی بکەوێت.

میدیاکار: مـن زۆر سەرسامم بـەو پاڵەوانانەی دوودڵی لە نـاوەوە دەیانخوات. دوودڵـی وا لـە مـرۆڤ دەکات ترسـنۆک بێـت، مرۆڤـی ترسـنۆکیش ئاسـان کاری تێدەکرێـت. ئێسـتا سـاتێکی باشـە گـورزی خۆمانـی لێبوەشـێنین و کارێـک بکەیـن دەموچاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی ببینێـت.

قۆمیسـەر: بەڵـێ بەڕێزان، ئێسـتا لە لاوازترین سـاتەکانی خۆیدایـە، بەڵام ئەمە بـەو مانایـە نییـە ئیدی هەسـت بـە گوناهــ دەکات. نـا، تـا ئێسـتا شـتێکی وەهامـان تیـا بـەدی نەکردوە.

پیاوی ئایین: جەنابی قۆمیسەر، بۆ ئێمەی بەجێبهێڵە.

قۆمیسـەر: باشـە بەڕێـزان، زۆر باشـە. بـڕوام بـە تواناکانی ئێوە هەیـە. تۆزێکی تـر دەیهێنمـە بەر دەسـتتان، دەبێـت کارێکی زۆری لەسـەر بکەن. بەجۆرێـک دواجـار کاتێـک لـەم ژووره دەچێتـە دەرێ بووبێـت بە هاوڵاتییەکی ئاسـایی.

میدیـاکار: وای لێدەکەیـن ببێـت بـە هاوڵاتییـەک وەک هـەر هاوڵاتییەکـی تـر، چیرۆکـی تاوانێکـی خـۆی هەبێـت، تاوانێـک بشـێت بۆ ڕای گشـتی بگێڕینەوە.

قۆمیسـەر: ئێسـتا مـن دەڕۆم و بە پاسـەوانەکان دەڵێـم بیهێنن بـۆ بەردەمتان، تکایـە دەبێت ڕێنماییـەکان ڕەچاوبکرێن. توندوتیـژی بەکارنەیەت، سـوکایەتی بەکارنەیـەت. دەمانەوێـت مرۆڤـەکان بێئـەوەی کـەس زۆرییـان لـێ بکات خۆیـان بگەنـە قەناعەت.

پزیشکی دەرونی: خاترجەمبە جەنابی قۆمیسەر.

**«قۆمیسـەر دەڕوات، بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگی باڵ بەسـەر شانۆکەدا دەکێشێت. پاش ئێستێکی کورت مستەفا دێتە ژوورێ»**

مستەفا: ئێوارەتان باش بەڕێزان.

**«هەر سێکیان دەڕوانن بێئەوەی وەڵام بدەنەوە. ورد سەر تا خوار بە چاو دەیپشکنن»**

پیاوی ئایین: پێدەچێت تۆ مستەفا ڕێبەر بیت؟

میدیاکار: پێدەچێت ئەو بێت.

مستەفا: بەڵێ بەڕێزان، من مستەفا ڕێبەرم.

پزیشکی دەرونی: کەواتە تۆ ئەو کەسەیت بانگەشەی ئەوە دەکەیت، کەسێکی بێگوناهـ و پاکیت.

میدیاکار: تاکە مرۆڤێک بوێری ئەوەی هەیە بڵێت ئەوانی دی هەموو گوناهبارن و من تەنیا کەسی پاک و بێتاوانم. چیرۆکەکەت گەر بکرێتە ڕێپۆرتاژێکی تەلەفزیۆنی دەبێتە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش، «بە پێکەنینەوە» بەڵام کێ باوەڕ بە چیرۆکی وادەکات؟ کێ؟

پیاوی ئایین: من بزانم ئەمە دەچێتە پلەی کوفر و بێئیمانییەوە.

پزیشکی دەرونی: دانیشە مستەفا، دانیشە.

**«مستەفا دادەنیشێت»**

پیاوی ئایین: قسەبکە هەستدەکەیت گوناهباریت یان نا؟

مستەفا: نازانم، بەڕێزان، بە ڕاستی نازانم. سەرەتا زۆر دڵنیابووم کە بێگوناهم، بەڵام ئێستا نا، بێئەوەی هیچ گوناهێکم کردبێت، وردە وردە هەستدەکەم شتێک لە ناخمدا دروستدەبێت.

**«هەر سێکیان سەرسام سەیریدەکەن»**

پزیشکی دەرونی: ها ... بەڵام بۆ؟ چی دروستدەبێت.... چی؟.

مستەفا: دوێنێ شەو بیرم لەوە کردەوە ژنەکەم بکوژم.

میدیاکار: خودای ئەرز و ئاسمان. هیچ پیاوێک نییە بیری لە کوشتنی ژنەکەی نەکردبێتەوە.

مستەفا: خەیاڵێکی کورت و تێپەڕبوو، هات و ڕۆی. بەڵام تووشی دوودڵیی کردم.

پیاوی ئایین: بەڵام تا دوێنێ شەو خۆت بە بێگوناهـ دەزانی.

مستەفا: ئاە بەڕێزم، ئێستاش دڵنیانیم گوناهبارم یان نا.

پزیشکی دەرونی: گوێتان لێیە... ئێستاش دڵنیا نییە.

میدیاکار: خۆمت پێدەناسێنم، پیشەکەم میدیاکارە، ئیشم ئەوەیە لەگەڵتدا چیرۆکی تاوانەکانت بە جۆرێکی ماقوڵ بۆ خۆت، بۆ خۆم، بۆ قۆمیسەرە بەڕێزەکان، بۆ خانەوادەکەت، بۆ ڕای گشتی دابڕێژمەوە. بەسەرهاتی هەموو تاوانەکانت یان هەندێکیان یان لایەنیکەم یەکێکیان.

پیاوی ئایین: منیش دەبینیت لە پیاوانی خودام و بەرپرسم لە ئیمانی ڕاست و دروستی خەڵک.

مستەفا: ئیشت ئەوەیە گوناهەکانی خۆمم بەبیردا بهێنیتەوە، لە ئادەم و حەواوە مرۆڤ چی گوناهێکی کردوە بیرم بخەیتەوە و دواجار پێم بڵێیت: تۆ چۆن هێند بێشەرمی هەست بە گوناهباری ناکەیت؟

پیاوی ئایین: نا ... نا. لێرە گوناهی ئەسڵی لە بەرنامەماندا نییە. گوناهی دایە حەوا و بابە ئادەم بەجێگای خۆی. نا... بەس نییە بڵێی من دان بەو گوناهە کۆنەدا دەنێم و ئیتر هەموو شت مەیسەر دەبێت. مرۆڤەکان دەبێت هەست بە گوناهی تایبەتی خۆیان بکەن، گوناهە گشتییەکانی بەشەرییەت تەنیا چوارچێوەیەکی گشتیین.

پزیشکی دەرونی: ئەوە شتێکی هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا.

میدیاکار: وە لە نێوان هەموو شارستانییەتەکاندا.

پیاوی ئایین: بەڵام ئێمە بۆ گوناهە تایبەتییەکان دەگەڕێین.

میدیاکار: هەموو کەسێک پێویستە چیرۆکێکی ڕوون و تایبەتی لەسەر خۆی هەبێت، دەوڵەتیش لەو چیرۆکە ئاگاداربکاتەوە.

پیاوی ئایین: شتێک وەک نامەی ئەعمال دەوڵەت بۆ هاوڵاتیانی دەردەهێنێت. کاتێک دەشمرین لەو دونیا داوامان لێدەکەن. بەڵێ جۆرێک لە کاری پێکەوەیی لە نێوان فەرمانبەرانی زەوی و فەرمانبەرانی ئاسماندا. ئیدارەکانی ئەم دونیا و ئیدارەکانی ئەو دونیا.

پزیشکی دەروونی: بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تۆ بۆ هەست بە گوناهە تایبەتییەکانی خۆت ناکەیت؟

میدیاکار: بۆ نمونە کاری میدیایی جۆرێکە لە تاوان، من دەبێت بەردەوام بە دوای نهێنییە قووڵەکانی خەڵکدا بگەڕێم، ئەوە وادەکات هەست بە ئازارێکی قووڵی ویژدان بکەم. ڕیپۆرتاژێکی جوان و ڕاستەقینە خەڵک نائومێد و غەمگین دەکات. پێم وایە ئەوە هۆیەکی گونجاوە ڕۆژانە هەستبکەم گوناهێکم کردوە.

پزیشکی دەروونی: پێم بڵێ مستەفا، کاتێک باوکت مرد تەمەنت چەند بوو؟

مستەفا: بەڵام ئەوە چ پەیوەندییەکی هەیە؟ تەمەنم دوانزە ساڵ بوو.

پزیشکی دەروونی: تەمەنێکی تەواو گونجاوە، بۆئەوەی هەست بە گوناه بکەیت. هەستبکەیت تۆ باوکت کوشتووە.

مستەفا: هیچ هەستێکی وەهام نییە بەڕێزم، هیچ هەستێکی وەهام نیيە. دەتوانم دڵنیاتبکەمەوە. باوکم بە ڕوداوی هاتوچۆ مرد.

پزیشکی دەروونی: واتە پێت خۆش بوو باوکت مرد، وانییە؟

مستەفا: بێگومان پێم خۆش نەبوو، بەڵام هیچ هەستێکم بە گوناه نەبوو. بە پێچەوانەوە هەستمدەکرد ژیان گوناهێکی دەرهەق من و خێزانەکەم کردوە.

میدیاکار: ئاخۆ هەستت بە بەختەوەری دەکرد کاتێک هەستتدەکرد ئەوانی تر گوناهبارن و تۆ گوناهبار نیت؟

مستەفا: بەڕێزم بەو جۆرە بیرم نەدەکردەوە، زارۆیەکی دوانزە ساڵان بووم، چەند سەعاتێک گریام و دواتر چوومە دەرێ بۆ یاریکردن لەگەڵ هاورێکانمدا.

پزیشکی دەرونی: «ڕووی لە پیاوی ئایین و میدیاکارە» هەستەکەم بەڕێزان سەرەداوێکمان دەستکەوتووە.

پیاوی ئایین: ئەی ئێستا هەست بە گوناهـ ناکەیت کە تەنیا دوای دوو سەعات لە مردنی باوکت دەستتکردوە بە وازی و بەزم و کەیفکردن؟

مستەفا: بەڕێز بۆم ڕوونکردیتەوە تەمەنم تەنیا دوانزە ساڵ بوو.

میدیاکار: مستەفا، ئێمە ئێشمان ئەوەیە وابکەین، تۆ وێنە گەورەکە ببینیت. بیهێنە پێش چاوی خۆت هەموو مێردمنداڵانی دونیا تەنیا دوای دوو سەعات لە مردنی باوکیان دەستبکەن بە وازی و هەموو شتێکیان بیربچێتەوە.

پیاوی ئایین: بەڵێ، نەوەک تۆ بە تەنیا، هەموو منداڵانی دونیا، هەمووان، هەر یەکێک لە ئێمە، دوای دوو سەعات لە مردنی ئازیزێکمان هەموو شتێکمان بیربچێتەوە.... ئاخۆ ئەوە ڕێزلێنان و حورمەتە لە مرۆڤ؟

مستەفا: «کەمێک بیردەکاتەوە» بێگومان نا، بێگومان هەق بە ئێوەیە .... بەڵام...

پزیشکی دەرونی: هەموو شتەکان وەک پرەنسیپی گەردونی تەماشابکە. دڵنیام ئەوکات ڕوونتر گوناهی خۆت دەبینیت. ئێستا پێم بڵێ... پێم بڵێ، مستەفا ڕێبەر، گەر هەموو

بەشـەرییەت پێکـەوە دوای سـەعاتێک ئازیـزی خۆیـان لە بیربکـەن، دوای سـەعاتێک لـە مردنـی نزیکتریـن کەسیان دەسـتبکەن بـە یـاری و ئاهەنـگ و سـەما، ئەمـە گوناهـە یاخـود نا؟

مستەفا: گەر بەوجۆرە سەیریبکەین، بێگومان ....

پیـاوی ئاییـن: بـەڵام تـۆ ئـەو هەمـوو سـاڵە، هەسـتت بـە هیـچ گوناهێـک نەکـردوە.

پزیشـکی دەرونـی: ئـەوەش نیشـانەیە تـۆ بێگوناهــ نیـت، بەڵکـو خـۆت لـە گوناهەکانـت دەدزیتـەوە.

میدیـاکار: پێـم بڵـێ مسـتەفا، دوای مردنـی باوکـت کـێ خێزانـی ئێـوەی بەخێودەکـرد؟

مستەفا: برا گەورەکەم، لە خوێندن دوورکەوتەوە و دەستی کرد بە کارکردن.

میدیاکار: تۆ هیچ کارێکت نەدەکرد؟

مسـتەفا: بـرا گەورەکـەم خـۆی کـردە فیـدای ئێمـە. ئـەو کاریدەکـرد تـا مـن و خوشـکەکانم درێـژە بەخوێنـدن بدەیـن.

میدیـاکار: ئـەی تـۆ؟ ئـەی تـۆ هەسـتت بـە گوناهــ نەدەکـرد کاتێـک دەتبینـی بـرا گەورەکـەت خـۆی دەکـرد بـە قوربانـی تـۆ؟ وانییە؟ هەسـتت بە هیـچ شـتێک نەدەکـرد؟ بـۆ کارێکـت نەکرد، ئـەو درێـژە بەخوێندن بـدات و تـۆ کاربکەیت؟

مسـتەفا: ئێمـە لـە دۆخێکـی تایبەتـی و ناچاریـدا دەژیاین، براکەم پازدەساڵان بـوو، مـن دوانـزە سـاڵم بـوو. مـن لـە تەمەنێکـدا نەبـووم کارێکـی وەهـام پێبـدەن و بتوانـم بـە باشـی جێبەجێیبکـەم.

پیـاوی ئاییـن: بیهێنـە پێشـچاوی خـۆت، هەمـوو بـرا گەورەکانـی دونیـا خۆیان

بکەن بە قوربانی برا بچوکەکان، ژیانی خۆیان وێرانبکەن، پاشەڕۆژی خۆیان وێرانبکەن.

پزیشکی دەرونی: هیچ شتێک فێرنەبن، شەو و ڕۆژ کاربکەن... دواتر برا بچوکەکانیان بێن و بڵێن: ها دەزانی دەبوو وابێت، تۆ دوو ساڵ لە من گەورەتریت.

میدیاکار: تۆ بێڕەحمانە، بێ هیچ لە خۆبوردەیی و بەزەییەک پاشەڕۆژ و ژیان و مافی براکەت پێشێلکردوە. گەر من ڕیپۆرتاژێک دروستبکەم و ئەم ڕاستییەی بە ڕوونی تێدا پیشانبدەم، دڵنیام بینەران وەک کەسێکی گوناهبار دەتبینن.

پزیشکی دەرونی: ئێستا، هەر ئێستا مستەفا پێم بڵێ، لە خوێندندا چۆن بوویت، هەموو ساڵێک دەرچوویت، هەموو پۆلەکانت بێ کێشە بڕیوە؟

مستەفا: ئاە، بەڕێزم مەڵێ ئەگەر لە خوێندندا زرنگ و کارامە نەبووبم، ئیدی ئەوەش بە تاوان حسێبە.

میدیاکار: بەڕێزم، وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە، بێ هیچ پێچ و پەنایەک وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە.

**«دەنگی دەرگاکە دێت و جەنابی قۆمیسەر خۆی دەکاتەوە بە ژووردا»**

قۆمیسەر: ئاە، مستەفا . ئاە، مستەفا.

## دیمەنی شەشەم

«مستەفا لەسەر لێواری قەرەوێڵەکەی خۆی سەری خستۆتە نێو دەستی و غەمگین دانیشتووە. لەو کاتەدا جەلیل لە دەرەوە دێتەوە ژوورێ نوسراوێکی بە دەستەوەیە و نیشانەی خۆشیی پێوە دیارە»

جەلیل: دواجار... دواجار، دوای دادگاییەکی دوورودرێژ، حوکمەکەم بە جۆرێکی فەرمی، لەلایەن بەڕێز دادوەری سەرەکیی دادگای هەرە باڵای دەوڵەتەوە واژۆکرا.

مستەفا: هیوادارم بەزووترین کات لێرە بچیتە دەرێ و ئازاد بیت.

جەلیل: بە زووترین کات، نا ئازیزم، من خۆشبەختم تەنیا یازدە ساڵ سزام وەرگرت. لە ڕاستیدا پێدەچێت سزاکەم لە سزا سووکەکان بێت.

مستەفا: خوای گەورە یازدە ساڵ زۆر زۆرە، بەڵام هێشتا پێتوایە سزاکەت لە سزا سووکەکانە. یازدە ساڵ بۆچی؟ تاوانەکەت چی بوو؟

جەلیل: ببورە بەڕێزم، ئەوە نهێنییەکی گەورەیە، تاکە جێگایەک هاوڵاتی دەبێت گوناهەکانی خۆی لابدرکێنێت، دەزگا ڕەسمییەکانی دەوڵەتە. مەسەلەی گوناه شتێکە هاوڵاتی بۆی نییە لەگەڵ هاوڵاتیانی ئاساییدا زۆر بە قووڵی بیخاتە ژێر باس و گفتوگۆوە.

مستەفا: هیچ تێناگەم. یازدە ساڵ سزا بۆ تاوانێک کە ناتوانیت باسیبکەیت؟

جەلیل: تا زووتر باوەڕ بە گوناهباریی خۆت بهێنیت، سزاکەت کەمتر دەبێت. من سەرەتا خۆم بە کەسێکی بێخەوش دەزانی. زۆری ویست تا ...

مستەفا: دەزانم... دەزانم دەتەوێت بڵێیت چی. نامەوێت تا هەتا هەتایە لەم ژوورەدا بمێنمەوە. هەست بە بەدبەختی و غەمگینییەکی زۆر دەکەم. لەو کاتەوەی جەمیلەی ژنم بینیوە، تینم تێدا نەماوە... گەر جەمیلە داوێنپیس و گوناهباربێت، هەموو کەس گوناهبارە بە منیشەوە.

جەلیل: پێویستە بیر لە گوناهەکانی خۆت بکەیتەوە، پێویستە گوناهەکانی خۆت بە گوناهی کەسی ترەوە گرێ نەدەیت، پێویستە گوناهەکانی خۆت بە گوناهی کەسی تر نەپێویت. هەر مرۆڤە و بە شێوەی تایبەتی خۆی گوناهبارە.

مستەفا: ڕۆژ بە ڕۆژ هەستدەکەم لاوازتر و لاوازتر دەبم. ڕۆژ بە ڕۆژ تاقەت و تینی بەرگریم تێدا نامێنێت. سات دوای سات دەگەمە ئەو بڕوایەی دەبێت شتێک بکەم و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەم دۆخە ڕزگارم بێت. سەرەتا هەستم بە هیچ گوناهێک نەدەکرد. ئێستا دەپرسم گوناه چییە؟ ئایا هەرگیز پێم بە مێرولەیەکدا نەناوە؟ گیایەک یان ڕووەکێکم نەشکاندوە؟ نانێکم لەت نەکردوە، بێئەوەی بیخۆم فڕێمدابێت؟ خواردنی گۆشتی ئەو هەموو گیانەوەرە گوناه نییە؟ دروستکردنی منداڵ بۆ ئەم دونیا پیسە گوناه نییە؟

جەلیل: سوپاس، سەرەتا بەو شێوەیە دەست پێدەکات. بەڵام هاوڕێم ئەو هەستانە هێشتا کاڵوکرچ و فەریکن، دەبێت هەموو ئەو هەستانە لە گوناهێکی ڕاستەقینەدا، لە تاوانێکدا کۆبکەیتەوە... پێم بڵێ هیچ خواستێکت نییە، کەسێک بکوژیت.

مستەفا: پیاوکوژ نیم. ناتوانم خۆم لە بەرگی وەهادا ببینم . زۆر دوورە لەمن بتوانم کەسێک بکوژم.

جەلیل: «بەئەسپایی» جگە لە گوناهێکی گەورە هیچ ناتباتە دەرێ. گەر

وابڕۆیت، قۆناغێکی ترسناک دەست پێدەکات، بەرگەی ناگریت. تێک دەشکێیت، لە ناخەوە ورد دەبیت.

مستەفا: قۆناغی چی؟

جەلیل: قۆناغی فەرامۆشی. ئیدی بانگهێشتت ناکەن، دەربارەی هەستەکانت قسەت لەگەڵ ناکەن. ژووری زۆر و زەبەندیان هەیە، بەشی پێویست جێگای بەتاڵیان هەیە، بۆ دوو ساڵ فڕێتدەدەنە یەکێک لەو ژوورانەوە و لێت ناپرسنەوە. لەویادا وردە وردە شێت دەبیت، عەقڵ لەدەست دەدەیت. دەزانیت چی دەکەن؟ دەزانیت؟ کاتژمێرێکی گەورە بە سەقفی ژوورەکەدا هەڵدەواسن، چرک چرک، چرک تێپەڕینی بێسوودی کاتت بە یادا دەهێنێتەوە. دوو ساڵ ... تەنیا گوێت لەو چرکانە دەبێت، دوای چەند هەفتەیەک هێدی هێدی عەقڵ لەدەست دەدەیت، بەڵام هیچ کەس قسەت لەگەڵ ناکات، هیچ کەس داوای هیچت لێ ناکات، هیچ کەس ناتبینێت و کەس نابینیت.

مستەفا: «بەترسەوە» تۆ لەوێ بوویت؟

جەلیل: نا، من لەوێ نەبووم. «بە چرپە» بەڵام ئەم جارە کاتێک لە دەرەوەی زیندان بووم چاوم بە کەسانێک کەوت لەوێ بوون.

مستەفا: ئەی چی بوو، چییان بۆ باسکردیت؟

جەلیل: هەر دێنەدەرێ، دێوانە و شێواویان لێ دەردەچێت. بۆ هەموو شتێک هەست بە گوناه دەکەن، بە جۆرێک ئیتر تا مردن لە ژێر زەبری ئەو هەستەدا دەژین. کاتێک نان دەخۆن هەست بە گوناه دەکەن کاتێک نایخۆن هەر هەست بە گوناه دەکەن، کاتێک لەگەڵ ژنەکانیان دەخەون هەست بە گوناه دەکەن کاتێک ناخەون هەر هەست بە گوناه دەکەن. کاتێک خودا دەپەرستن

هەست بە گوناهـ دەکەن کاتێک نایپەرستن هەر هەمان شێوە...

مستەفا: لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم خۆم وەک پیاوکوژێک بێتە بەرچاو. ناتوانم بە خەیاڵیش تاوانێکی ڕاستەقینە ئەنجام بدەم، بۆ چەند چرکەیەک دەچمە ناو خەیاڵەکەوە، بۆ چەند چرکەیەک دێتە پێشچاوم جەمیلە دەکوژم، ئەو پیاوە دەکوژم لەگەڵیدا خەوتووە، بەڵام تەنیا چەند چرکەیەکی کورتە، دواتر دەزانم من پیاوکوژ نیم و نابم. دەزانم درۆ لەگەڵ خۆمدا دەکەم. هەمووی خەیاڵە بە زۆر لەسەرمدا سەوزیاندەکەم.

جەلیل: سەوزیان بکە. بەزۆر لە خۆتا سەوزیان بکە، مەرج نییە کوشتن بێت. لیستێکی درێژ لە تاوان هەن دەکرێت لە ناخی دڵتەوە ویستبێتت یەکێکیان ئەنجام بدەیت. وەک خیانەتکردن لە نیشتیمان، سووتاندنی مزگەوتێک یان کڵێسەیەک، دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان، باوەڕنەبوون بە دین، باوەڕنەبوون بە سیاسەت، لاقەکردنی جنسی حەیوانات، زیناکردن لەگەڵ کەسانی مەحرەمدا، خۆتەقاندنەوە لە باغچەیەکی ساوایاندا...

مستەفا: بێدەنگ بە، تکایە بێدەنگ بە ...

جەلیل: ئەوەی پێویستت پێیەتی، چیرۆکی تاوانێکە، بێدوودڵی باوەڕی پێبهێنیت... بەجۆرێک ئیمانی پێبهێنیت، هیچ هێزێک نەتوانێت ئەو هەستە لە ناختدا لەقبکات.

مستەفا: بەڵام .. بەڵام ... نازانم بڵێم چی. ئەو جۆرە تاوانانە تۆ ئاوا ئاسان ئەژماریان دەکەیت، لەگەڵ ڕۆحی مندا ناگونجێن.

جەلیل: تا باوەڕت بەم جۆرە قسە پڕوپوچانە بێت، لێرە دەمێنیتەوە... فێربە مستەفا، فێربە. هیچ جۆرە تاوانێک نییە لەگەڵ سروشتی ئێمەی مرۆڤدا نەیەتەوە، تەنیا هەندێک مەشق و ڕاهاتنمان

دەوێت. مەشق و ڕاهاتن وامان لێدەکەن بتوانین خۆمان لە بەرگی هەموو جۆرە گوناهبارێکدا ببینین. هەموو خواستی ئەم قۆمیسەرە بەستەزمانانە ئەوەیە، هاوڵاتییانی ئەم وڵات و دەڤەرە تۆزێک گوناهی ئەم بارودۆخە دژوارە بگرنە ئەستۆ و داوای بەزەیی و لێخۆشبوون بکەن.

مستەفا: بەڵام تۆ دڵنیایت لە دواجاردا بەزەییان پێماندا دێتەوە؟ دڵنیایت؟

جەلیل: دڵنیام دەوڵەتداران و خەڵکانێک دەزگا باڵاکان بەڕێوەدەبەن، دەیانەوێت هەموو بکەوینە سەرچۆکان و داوای بەزەیی و ڕەحمەت بکەین.

مستەفا: ئەی تۆ چیت کرد؟ چوویتە سەر چۆک و داوای بەزەییت کرد ئەوسا یازدە ساڵ زیندانیان بۆبڕیتەوە؟

جەلیل: گرنگ نییە دەوڵەت چۆن بڕیاردەدات، دواجار دەبێت ئەو هەستە بگەێنیت کەسێکیت شایەن بە سزا. دەبێت لە ڕوخسارتدا بیخوێننەوە، تۆ بە حەسرەتیت سزای خۆت وەربگریت.

مستەفا: ئاە خودایە یارمەتیم بدە.

جەلیل: کاتێک چۆک دادەیەیت و سوژدە دەبەیت و داوای ڕەحم و بەزەیی دەکەیت، خەیاڵت لای ئەوە بێت تۆ گوناهباریت و جگە لە داوای بەزەیی هیچ ڕێگایەکی ترت لە بەردەمدا نییە. قۆمیسەرەکان نایانەوێت هیچ هاوڵاتییەک ئەو پرسیارەیان لێ بکات «من چ گوناهێکم کردووە؟».

مستەفا: بەڕێز. هاوڕێم، تکایە فێرم بکە چی بکەم.

جەلیل: دڵنیام لە ڕۆژانی پێشووتردا میدیاکارت ناسیوە. وانییە؟ سبەی داوای میدیاکار بکە، پێی بڵێ دەتەوێت دوو بە دوو بیبینی.

مستەفا: میدیاکار؟؟!! بۆ میدیاکار؟

جەلیل: باپێت بڵێم، ئەوە میدیاکار نییە. ئیشی ئەو وەک پارێزەرەکانە، لە دادگای ئاساییدا پارێزەرەکان هەوڵدەدەن پاکی و بێگوناهی بۆ گوناهباران بسەلمێننەوە، لێرە هەموو شت بە پێچەوانەوەیە، پارێزەرەکەت دەبێت بیسەلمێنێت تۆ گوناهباریت، دەبێت قەناعەت بە قۆمیسەرەکان بکات تۆ گوناهێکی گەورەت کردوە و بە ڕاستی هەست بە گوناه دەکەیت. ئەو تەنیا کەسە دەتوانێت یارمەتیت بدات، گوناهی خۆت لە چیرۆکێکی باوەڕپێکراودا دابڕێژێت. ئەو تەنیا کەسە چیرۆکەکەت لە بەرگێکدا دەداتێ نەوەک تەنیا قۆمیسەرەکان، بەڵکو خۆشت تەواو باوەڕی پێدەهێنیت.

مستەفا: یارمەتیم بدە چیرۆکێک بدۆزمەوە لێوەی دەست پێبکەم...

جەلیل: مستەفا: وەرە دابنیشە، وەرە پێکەوە بیرێکی ورد لە دۆخی تۆ بکەینەوە ....

# دیمەنی حەوتەم

«میدیاکار و مستەفا پێکەوە لەسەر مێزەکەی پێشەوە دانیشتوون»

میدیاکار: بەڕاست ئەو تاوانەت کردوە یاخود شتەکە تەنیا چیرۆکێکە و دروستتکردوە تا ڕەزامەندیی قۆمیسەرەکان بەدەستبهێنیت.

مستەفا: نا ئەوە ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە.

میدیاکار: واتە خۆتان بڕوای تەواوتان هەیە ئەوەی دەیگێڕنەوە ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە؟

مستەفا: بەڵێ.

میدیاکار: دەزانیت ئەنجومەنی قۆمیسەرەکان لەسەر هەموو شتێک پرسیاری وردتان لێ دەکەن.

مستەفا: بەڵێ.

میدیاکار: بەڵام هۆی چی بوو لە نێو ئەو هەموو دەزگا و جێگا گشتییانەدا کتێبخانەی شارت هەڵبژارد بیسووتێنیت؟

مستەفا: چونکە خۆم فەرمانبەری کتێبخانەکە بووم، کتێبم زۆر خۆشدەویست.

میدیاکار: بەڵێ؟ مانای چی؟ کتێبت خۆشدەویست و کتێبخانەکەشت سووتاند؟

مستەفا: من ناوم نەدەنا سووتان، ناوم دەنا خودکوژی کتێبەکان. شارەکە پڕبوو لە خەڵکانی نەخوێندەوار، کتێبخانەکە بە دەگمەن میوانێکی

هەبوو، بە دەگمەن کەسێک کتێبێکی دەخواست، ڕۆژ تا ئێوارە دادەنیشتم و چاوەڕێی خوێنەرێکم دەکرد، نەبوو، هیچ کەسێک نەدەهات. هەستم بە کتێبەکان دەکرد هەمیشە چاوەڕوانی خوێنەرێک دەکەن، هەستم بە ئازاریان دەکرد.

میدیاکار: سووتانی کتێبخانەکە ڕوداوێکی گەورە بوو لە مێژووی شارەکەدا.

مستەفا: چی؟ ڕوداوی گەورە؟ ... نا شتێکی وەها نەبوو. هەتا ڕۆژنامە ئەهلییەکانیش لەسەریان نەنوسی. بەڵام من هەستم بە گوناهێکی گەورەکرد. هەستم بە ئازارێکی قووڵ کرد، بە پەشیمانییەکی کوشندە. خۆم بێدەنگەم لێکرد چونکە دەمزانی تاوانێکی گەورەیە.

میدیاکار: دڵنیایت تۆ کتێبخانەکەت سووتاندوە؟ چونکە لە ناو خەڵکدا چیرۆکەکە بەجۆرێکی دییە.

مستەفا: هۆکەی ئەوەیە کەسانێک دەیانەوێت بینای کتێبخانە سووتاوەکە بفرۆشن و سەنتەرێکی بازرگانیی لەجێ دروستبکەن، بەڵام سوپاس بۆ خودا پڕۆژەکە ڕاوەستێنرا. بەڵام ئەوە شتێکی ئاساییە، ئێمە لەسەردەمی نوێگەریدا دەژین، خەڵکی گومانی خراپ لە هەموو شتێک دەکەن. خۆتان لە من باشتر دەزانن دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە سووتانی کتێبخانەکە زوو داخرا و دەوڵەت هیچ تاوانبارێکی نەدۆزییەوە. کەس گومانی بۆ من نەدەچوو. بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ڕاستییەکان بڵێم و سزای خۆم وەربگرم.

میدیاکار: مستەفا، کەواتە با بڵێین تۆ خۆت حەزت بە کتێبە، بەڵام بۆ دژایەتی خەڵک کتێبخانەکەت سووتاندوە؟

مستەفا: کتێبخانەکە شوێنێکی زیاد بوو، شوێنێکی گرنگ نەبوو. ئەو خەڵکە کەمەی دەیانخوێندەوە و چاویان دەکرایەوە، هەر زوو شارەکەیان بەجێدەهێشێت. پازدە ساڵ بوو لەوێ کارم دەکرد، لە ناخی دڵەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەم شارە پێویستی بە کتێبخانە

نییە، هەستمکرد دەبێت شتێک بکەم سەرنجی خەڵک ڕابکێشم. دەوڵەت کتێبخانەکەی دروستکردبوو تا لە شارە پێشکەوتووەکان بچین، بەڵام ڕاستیت دەوێت کتێب هیچ جێگایەکی لە ژیانی خەڵکدا نییە... کە کتێبخانەکەم سووتاند ژیان وەک خۆی وابوو، هیچ شتێک نەگۆڕا.

میدیاکار: بەڵام چۆن ڕاستەوخۆ هەستت بە گوناه نەکرد، بۆ وادرەنگ بیرت کەوتۆتەوە؟

مستەفا: ئەو کات تورەبووم، دەمویست خەڵک هەست بە خۆشەویستیی کتێب بکەن، هەستبکەن کارەساتێک ڕوویداوە، هەستبکەن شارێک کتێبخانەی تێدا نەبێت ترسناکە، وام هەستدەکرد خەڵک بیردەکەنەوە و گرنگیی کتێبیان بۆ دەردەکەوێت، خەڵک تووشی پەشێوی دەبن و دەکەونە ئەوەی خێرا کتێبخانەیەکی چاکتر و گەورەتر دروستبکەنەوە، بەڵام وانەبوو. لێرە تێگەیشتم چ گوناهێکم کردوە، چ تاوانێکی بێوێنەم کردوە. کتێب سووتاندن یەکێکە لە ترسناکترین جۆری تاوانەکان... من کتێبخانەی شارەکەم سووتاند تاکە جێگایەک دەکرا بیسەلمێنێت ئێمە میللەتێکی دڕندەنین، کتێبمان خۆشدەوێت، دەمانەوێت شارستانییانە بژین. چ تاوانێک هەیە لەوە گەورەتر... وانییە؟

میدیاکار: ئاه ببورە، ناتوانم لەسەر ئەوە بڕیاربدەم، کۆمیسیۆنی قۆمیسەرەکان لەسەر گەورەیی و بچوکیی تاوانەکان بڕیاردەدەن.

مستەفا: ڕاستی کاتێک پێم لەسەر بێگوناهیی خۆم دادەگرت درۆمدەکرد. وەک هەر تاوانبارێکی ترسنۆک کە ناوێرێت دان بە گوناهەکەی خۆیدا بنێت، نەمدەوێرا دان بە تاوانی خۆمدا بنێم.

میدیاکار: مستەفا وەرە دابنیشە، وەرە. ڕاستی دەبێت بەجۆرێکی ورد چیرۆکەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بنوسینەوە، بیر لە هەموو

پرسیارێک بکەینەوە. هەستدەکەم ئاسان نابێت، ڕەزامەندیی کۆمیسیۆنی قۆمیسەرەکان بەدەستبهێنیت. پێم بڵێ، نیشانەکانی هەستکردنت بە گوناهـ چییە؟ بۆ لە ناکاو وا هەستی گوناهـت تێپژا؟

مستەفا: هەستێکە وەک خنکان، وەک لە ڕووبارێکدا نوقمببیت و دەست بەرزبکەیتەوە و هاواربکەیت. من نوقمدەبووم و نەمدەوێرا هاواربکەم... سوپاس بۆ ئێوە فێرتانکردم چۆن هاواربکەم.

میدیاکار: بڵێم چی مستەفا، بڵێم چی. پێویستە لای قۆمیسەرەکان بڵێیت، تەنیا ئازارێکی زۆر، سزایەکی بێسنوور هێورم دەکاتەوە. چەند پێ لەسەر خەتاکەی خۆت دادەگریت، دەبێت دە هێندە پێ لەسەر قورسی سزاکەت دابگریت. دەوڵەت ئەو هاوڵاتیانەی خۆشدەوێت بە دوای سزادا دەگەڕێن... لە دیدی مەقامە باڵاکانەوە هاوڵاتی باش ناپرسێت، تاوانەکەم چییە، بەڵکو دەپرسێت سزاکەم چەندە.

مستەفا: منیش بڕیارم داوە هاوڵاتییەکی باش بم.

میدیاکار: گوێبگرە، لەم مەسەلەیەدا من تەرەفداری تۆم، وەزیفەم ئەوەیە چیرۆکەکەی تۆ بە کاریگەرترین شێوە بنوسمەوە و فێرتبکەم چۆن باسی گوناهەکانی خۆت بکەیت. بەداخەوە ئێمەی مرۆڤ فێرنەکراوین چۆن باسی گوناهەکانی خۆمان بکەین، لە قابیل و هابیلەوە فێرین تەنیا گوناهەکانمان دەشارینەوە. مێژووی مرۆڤ چییە؟ مێژووی تاوان و گوناهبارییەکی هەمیشەییە کە بەردەوام دەشاردرێتەوە و بێدەنگەی لێدەکرێت ... وایە یان نا؟

مستەفا: بەڵێ وایە، زۆر ڕاستە.

میدیاکار: سوپاس بۆ خوا ئێستا حوکمڕانییەکمان هەیە، هاوڵاتیان فێردەکات دان بە گوناهەکانیاندا بنێن، واتە بەجۆرێکی بەرپرسانە ڕەفتاربکەن. ئەگەر ئەو هەموو تاوانە زۆر و زەبەندەیەی لە

مێـژوودا کـراون ویژدانـی مرۆڤی باربکردایە، ئێسـتا لەسـەردەمێکی تـردا دەژیایـن. تاوانـەکان دەبێـت دەربخرێـن و ببینرێـن... وانییـە؟

مسـتەفا: بەڵـێ جەنابـی میدیـاکار. بـەڵام تاوانـی دەوڵەتـەکان و حوکمـداران، ئەوانـە چ ویژدانێـک بـارە قورسـەکەیان هەڵدەگرێـت؟

میدیـاکار: پێویسـتە نەکەویتـە هەڵـەوە، دەوڵـەت بەر پرسـە لە سـزا، دەوڵەت ناتوانێـت تاوانبار بێت. هەوڵبدە بیر لە هەموو قسـە و ڕستەیەکت بکەیتـەوە. بزانـە، پزیشـکی دەرونـی پیاوێکـی زیرەکـە، کەسـێکی وردە، بـە تەواوی ناو ناخت دەپشـکنێت، خەونەکانت دەپشـکنێت، زمانـی قسـەکردنت، ئەو وشـانەی باسـی خۆتیـان پێدەکەیـت. هەر درۆیەک لە سـۆز و هەسـتەکانتدا یان لە بیرکردنەوە و بیروباوەڕتدا هەبێـت بـە زوویی ئاشـکرادەبێت. هەر کاتێک بزانـن درۆدەکەیت، دەبێـت بچیتـەوە بۆ سـەرەتا، بگەڕێیتەوە سـەر خانـەی یەکەم.

مسـتەفا: بەڵـێ، هـەروا دەبێـت. مـن گوناهبارم، بـڕوام وایە تاوانێکـی گەورە و ناشـیرینم ئەنجامداوە.

میدیـاکار: هەروەهـا پیـاوی ئایین، بەرپرسـە لـە کاروباری ناخی تـۆ. یەکێک لە سـیفەتەکانی مرۆڤـی گوناهبـار ئەوەیـە پتر لە خـودا نزیکدەبێتەوە، پـتر داوای کۆمەکـی غەیبـی دەکات. بیـرت نەچێتـەوە، ئـەوە تەنیـا خەڵکانـی دینـدار نابـن کـە بـۆ بەڵگـەی بـڕوا بـە خـودا و ئیمانـی ڕاسـتەقینە ناخـت دەپشـکنن. مەقاماتـی بـاڵاش پێویسـتیان بەوەیە تـۆ ترسـی خـودات لـە دڵدا بێت. چـۆن داوای سـزا لـە مەئمورەکانی دەوڵـەت دەکەیـت، دەبێـت ئـاوا داوای سـزای قورسـیش لـە خـودا بکەیت.

مستەفا: خۆم بە شایستەی هەموو سزایەک دەزانم.

میدیـاکار: مسـتەفا، ئـەو کورسـییە بهێنـە و بەرامبـەرم دابنیشـە، پێویسـتە دەسـتبکەین بـە کارکـردن.

## دیمەنی هەشتەم

«قۆمیسەرەکە و مستەفا لە هەمان جێگای دیمەنی پێشوودا»

قۆمیسەر: کێ خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو تۆ کتێبخانەی گشتیت سووتاندبێت؟

مستەفا: هیچ کەس جەنابی قۆمیسەر، هەر بۆیە ماوەیەکی درێژ هەستم بە ئازاری ویژدان نەدەکرد.

قۆمیسەر: بەڵام سوپاس بۆ خوا، ئێستا هەموو شت ڕوون و ئاشکرایە.

مستەفا: سوپاس بۆ خوا.

قۆمیسەر: گرنگ ئەوەبوو کۆمیسیۆنی قۆمیسەرەکان تاوانەکەتیان قەبووڵکرد.

مستەفا: بە ئومێدی ئەوەی ڕەحمەتی زۆرتر لەلایەن خوداوە بێت.

قۆمیسەر: دەبێت سوپاسێکی تایبەتی جەنابی میدیاکار بکەیت کە بە جۆرێکی کاریگەر چیرۆکەکەتی داڕشتبوو.

مستەفا: خۆی زۆر ماندووکردبوو.

قۆمیسەر: «قۆمیسەر نوسراوێک لەسەر مێزەکەی هەڵدەگرێت» بەڵام دەزانیت. هێشتا ڕێگایەکی درێژمان لە بەردەمدایە. بگرە بەڕێز مستەفا ... بگرە.

مستەفا: «کاغەزێک لە دەستی قۆمیسەر وەردەگرێت» ئەمە چییە جەنابی قۆمیسەر؟

قۆمیسـەر: بڕیـاری ئازادکردنەکەتـە بـۆ دوو مانـگ. پێویسـتە گوناهەکـەت بـە ڕوونـی بسـەلمێنیت. دوو مانـگ کاتـت هەیـە، شـاهید بدۆزیتەوە، پێویسـتە کەسـانێک پەیدابکەیت شـاهیدی بدەن تـۆ گوناهباریت. ئێمـە کارمـان بـەوەوە نییـە، تـۆ ئازادیـت کـێ دەکەیتـە شـاهید تـا بۆمـان بسـەلمێنێت تـۆ تاوانباریـت، گرنـگ ئەوەیـە ئـەو کەسـە بتوانێـت قەناعـەت بـە ئەنجومەنـی قۆمیسـەرەکان بـکات.

مستەفا: بەڵێ جەنابی قۆمیسەر.

قۆمیسـەر: لـەم ساتەوە جـوان بیربکـەرەوە کـێ دەتوانێـت شـاهیدێکی بـاش بێـت بەسـەرتەوە. تووشـی ئـەو خەیـاڵ و واهیمەیـە نەبێـت کـە کێشـەی تـۆ تـەواو بـووە. گـەر شـاهیدەکانت نەتوانـن بیسـەلمێنن تاوانباریـت، وەک ئەوەیـە هیچـمان نەکردبێـت.

مستەفا: جەنابی قۆمیسەر، دەترسم دوو مانگ ماوەیەکی کەم بێت.

قۆمیسـەر: لـە هەنـدێ حاڵەتـی تایبەتیـدا دەکرێـت ماوەکـە درێژبکرێتـەوە. ئێسـتا پێویسـتە کات بـە فیـڕۆ نەدەیـت، هەمیشـە لـە بیرتبێـت لە ژێـر چاودێریـی دەوڵەتدایـت. کەسـانی دەوروبـەرت زۆربەیان کار بـۆ دەوڵـەت دەکـەن و ئـاگاداری هەمـوو هەڵسـوکەوتێکن. ئێسـتا بـڕۆ جلەکانـت بگـۆڕە و بگەڕێـوە مـاڵ و هەوڵبـدە کاتێکـی خۆش لەگـەڵ ژن و منداڵەکانـت ببەیتەسـەر. «قۆمیسـەر تەوقـە لەگـەڵ مسـتەفا دا دەکات».

مستەفا: سوپاس جەنابی قۆمیسەر.

قۆمیسەر: ماڵاوا.

## دیمەنی نۆهەم

«ژوورێکی سادەیە. پەردەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و پەنجەرەیەکی بچوک لە بەشی پشتەوە دەبینرێن. مستەفا و جەمیلە لەسەر قەنەفەیەک دانیشتوون و لە جێگایەکی دیکەشدا مێزێکی کەمێک درێژ، وەک مێزی نانخواردن دانراوە».

جەمیلە: چ خۆشحاڵم دووبارە هەر دووکمان پێکەوە لە ماڵین. ئەو شەوەی هاتن و منیشیان گرت، گووتم ئیدی یەکتر نابینینەوە، ئیتر پێکەوە چایەکی تر ناخۆینەوە.

مستەفا: ڕاستدەکەیت جەمیلە، ڕاستدەکەیت. بەڵام ببورە، زۆر شت هەیە دەبێت قسەی لێبکەین.

جەمیلە: چ جوان بوو هەر دووکمان بمانتوانیایە بگەڕێینەوە سەر ژیانی جارانمان.

مستەفا: جەمیلە، من لە دوێنێ شەوەوە هەوڵدەدەم قسەت لەگەڵدا بکەم.

جەمیلە: پێکەوە وەک بەیانییە دێرین و جوانەکان بەرچایی بخۆین.

مستەفا: جەمیلە من لە ناخەوە بریندارم، هەست بە ئازارێکی زۆر دەکەم. پێم بڵێ، پێم بڵێ هەمووی درۆیە و تۆ ناپاکیت لە من نەکردوە.

جەمیلە: ئاە مستەفا باشترە کەسمان قسە لە گوناهەکانمان نەکەین. دەتەوێت لەسەر چی قسەبکەیت؟ لەسەر چی؟ دەبوو منیش گوناهێکم هەبایە، کەس هەیە بێگوناه لە وزیندانە ئازادبووبێت؟

مستەفا: بەڵام بۆ تۆ گوناهی لەو جۆرەت هەڵبژارد؟

جەمیلە: دەبوو گوناهێکم هەبایە قۆمیسەرەکان باوەڕی پێبکەن؟

مستەفا: ڕاستدەکەیت، بەڵام دەتتوانی چیرۆکێکی تر دروستبکەیت.

جەمیلە: ئەوانیش گەمژەن، گەمژەن وەک تۆ.

مستەفا: بۆ وام پێدەڵێیت جەمیلە.

جەمیلە: هەر تاوانێکم دەدۆزییەوە دەیانگووت، تۆ ژنێکی ماڵەوەی نەخوێندەواریت، تاوانی وا لەگەڵ تۆدا ناگونجێت.

مستەفا: کێ وایدەگووت؟ کابرای میدیاکار؟

جەمیلە: لای ئەوان، تەنیا تاوانێک لەگەڵ ژنێکدا بگونجێت، ئەوەیە ناوکەڵی بۆ یەکێکی تر بکاتەوە. لەوە بترازێت هەر تاوانێکم دروستدەکرد، دەیانگووت ژن ناتوانێت کاری وابکات، ئەوە تاوانی پیاوانە.

مستەفا: ئەی خودا... تاوان کوا ژنانە و پیاوانەی هەیە؟

جەمیلە: نا، پیاوەکان هەموو جۆرە تاوانەکانیان بۆ خۆیان قۆرخکردوە و ئەوەی بۆ ئێمە ماوەتەوە تەنیا ئەو تاوانانەیە کە پەیوەندی بە لەشمانەوە هەیە.

مستەفا: بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ بە ڕاستی ناپاکیت بەرامبەر من نەکردوە.

جەمیلە: گرنگ ئەوەیە من لە ناخی دڵەوە هەستدەکەم کردومە.

مستەفا: چۆن؟

جەمیلە: وادەزانیت من بۆ لە دەرەوەم، بۆ ئازادکراوم. منیش دەبێت وەک تۆ شاهید لەسەر گوناهەکەی خۆم بدۆزمەوە. منیش ماوەیەکی کەمم هەیە.

مستەفا: خودای گەورە شاهیدی چی، دەزانیت ئەوە چ ئابڕوچوونێکە؟

جەمیلە: گرنگ ئەوەیە ئەو پیاوەم دۆزیوەتەوە ئامادەیە شاهیدیم بۆ بدات و دانی پێدابنێت لەگەڵمدا خەوتووە. ئەوە زۆر گرنگ بوو.

مەترسە ئەویش پیاوێکە تۆمەتێکی وای بۆ خۆی دروستکردوە گوایە گوناهی زۆری کردوە و لەگەڵ ژنی زۆردا خەوتووە، هەموو دەبین بە شاهید بەسەر یەکترییەوە. ئێستا دەبێت شاهیدێکی تریش پەیدا بکەم بیسەلمێنێت من گوناهێکی لەو جۆرەم کردوە. دەزانیت خەیاڵم بۆ کێ دەچێت؟

مستەفا: بۆ کێ؟

جەمیلە: بۆ تۆ.

مستەفا: نا ئەستەمە . کاری واناکەم.

جەمیلە: هیچ ڕێگایەکی ترت لەبەردەمدا نییە. گەر تۆ شاهیدیم بۆ بدەیت، منیش شاهیدیی دەدەم تۆ کتێبخانەکەت سووتاندوە. بەوە نیوەی ئیشەکەت لە کۆڵدەبێتەوە.

مستەفا: درۆت لەگەڵ ناکەم، هێدی هێدی خەریکە شێتدەبم و تەواو عەقڵ لە دەستدەدەم.

جەمیلە: بۆچی گیانەکەم. گەر شتەکان لە نێوان خۆماندا ڕێکبخەین، هیوام گەورەیە هەردووکمان لەم گرفتە ڕزگارمان بێت. زۆر کەس هەن ئازادبوون.

مستەفا: خودایە، هاوڕێکانمان، ناسیاوەکانمان چۆن سەیرماندەکەن.

جەمیلە: بەپێی یاسا کەس بۆی نییە لەسەر گوناهی ئەوانی تر قسەبکات. فایلی گوناهەکانمان تەنیا لای دەوڵەت دەمێنێتەوە.

مستەفا: ئێستا وردە وردە هەست بە گوناه دەکەم.

جەمیلە: ئەوە دڵی قۆمیسەرەکان پردەکات لە کامەرانی.

مستەفا: لەبەرئەوە نا گوایە تاوانێکم کردوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەموو ئەم یارییەم قەبووڵکرد. مەبەستەکەیان ئەوەیە تۆ دواجار یارییەکە

قەبووڵبکەیت. کاتێک هەموو گوناهباربووین ئیتر بیرکردنەوە لە گۆڕینی دونیا مانایەکی نامێنێت.

جەمیلە: بەڵام هەموومان گوناهبارین .

مستەفا: جەمیلە ئەو هەستەی قۆمیسەرەکان بۆی دەگەڕێن، هەستێکە لە گوناهە بچوکەکانی خۆماندا نوقمماندەکات بۆئەوەی بیر لە هیچی دی نەکەینەوە.

جەمیلە: گەر قۆمیسەرەکان ئەم قسانە ببیستن، چارەنوسێکی باش چاوەڕوانمان ناکات؟

مستەفا: جەمیلە تۆ پێدەچێت زۆر سوودت لە ماوەی زیندانییەکەت بینیبێت، بەڵام من نا.

جەمیلە: ڕاستیت دەوێت هەموو دیانەت و یاسا گەورەکان داوای ئەوە لە مرۆڤ دەکەن. قۆمیسەرەکان لەوەدا لەسەر هەقن. مرۆڤی ئەم سەردەمە خەریکە بیری دەچێتەوە مەخلوقێکی گوناهبارە. مرۆڤەکان بەردەوام خەریکی قسەو فسکەفسکن دەرهەق بە تاوان و گوناهی ئەوانی تر. خۆشیان؟ خۆشیان لە ناخەوە هەست بە بێگوناهی دەکەن. هەست ناکەیت ئەوە مایەی هەموو بەدبەختییەکانی دونیایە.

مستەفا: ڕەنگە گوناهباربم، بەڵام گوناهەکانم لەوجۆرە نین لە بەردەم دەوڵەت یان خودا دا بۆ پاکبوونەوە بگەڕێم، ڕەنگە گوناهی گەورەم ئەوە بێت ناتوانم لەو زەلکاوانە دەرچم کە ئەوان فڕێیانداومەتە ناوی.

جەمیلە: دەبێت سوپاسی خودا بکەین، بەس نییە لێدەگەڕێن خۆمان گوناهی خۆمان دیاریبکەین. من بۆ قۆمیسەرەکانم واژۆکردوە، بە ئیرادەی ئازاد و ویستی تایبەتی خۆم دانم بە گوناهباری

خۆمدا ناوە، هەروەها واژۆمکردوە جارێکی دی هەرگیز هەست بە بێگوناهی ناکەمەوە. نامەوێت وەک تۆ بم، بەسەرێک واژۆیبکەم گوناهبارم و لە ناخی خۆشمدا هەستبکەم بێتاوانم، ئەو ناکۆکییە مرۆڤ شێتدەکات، هەولبدە نەکەویتە ژێر بەردی وەها بەرداشێکی قورسەوە.

مستەفا: ئەوەی یەک جار یارییەکەی قەبوولکرد ئیتر ناتوانێت لێی بێتەدەرێ. من بمەوێت و نەمەوێت لە یارییەکەدام و دەبێت تاکۆتایی بڕۆم. منیش وەک تۆ، وەک ئەوانی تر، گوناهێکم گرتۆتە ئەستۆ و تاکۆتایی پێوەی دەڕۆم.

جەمیلە: ئەگەر دەمانەوێت ژیانێکی ئاسایی بژین، دەبێت قەبوولیبکەین بەشێک لە گوناهەکانی ئەم دونیایە، بەشێک لە کێشە و گرفتەکان بەر ئێمەش دەکەوێت. قەبوولی بکە. تۆش یەکێکیت لە ئێمە، لە کەسمان باشتر نیت، وەک چۆن ئەو خەڵکە هەر کەس بەشی خۆی گوناهبارە، تۆش وەک هەر یەکێک لە ئێمە بەشی خۆت گوناهباریت.

مستەفا: پرسیارەکەی ئەوەیە بۆ مرۆڤ هەست بە دڵنیاییدەکات کاتێک دەزانێت ئەوانیتریش گوناهبارن؟ بۆ ئێمە چێژ لە بینینی گوناهباران دەبینین؟ بۆ تا ژمارەی گوناهباران زۆرتربن ئێمە بەختەوەرتر دەبین؟ ڕەنگە هۆکەی ئەوە بێت گوناه وادەکات هەستبکەین لە یەک دەچین و جیاوازییەکی گەورە لە نێوانماندا نییە. گوناه دەمانکات بە تۆپەڵە مرۆڤێک یەک تەماشای یەکتر دەکەین و بە یەکدی پێدەکەنین، هەر کەسێکیشمان کاتێک جیادەبێتەوە و بە تەنیا دەچێتە ژوورێکەوە و سەیری ئاوێنەیەک دەکات، ئاواتدەخوازێت بگری.

جەمیلە: مستەفا ئازیزم، واز لەو جۆرە پرسیارانە بهێنە کە وەڵامەکانیان لای

ئێمـە نیـن. پێـم باشـە سـەرقاڵی گوناهـە بچوکەکانـی خۆمـان بین و وەک هـەر هاوڵاتییەکـی ئاسـایی بژین.

مسـتەفا: «مانـدوو خۆی دەدات بەسـەر قەنەفەکـەدا» هەروادەبێـت جەمیلە. دڵنیابـە هـەروا دەبێت.

## دیمەنی دەهەم

«سەر شانۆ وەک کتێبخانەیەکی سووتاوی لێدێت، کۆمەڵێک کتێبی سووتاو لەسەر زەوییەکە بڵاوبوونەتەوە. پیاوێک لە ناوەڕاستی کتێبە سووتاوەکاندا و لە فەزایەکی تا ئەندازەیەک تاریکدا لەسەر کورسی و مێزێک بەرامبەر مستەفا دانیشتووە».

بەڕێوەبەری کتێبخانە: مستەفا گوێبگرە کوڕم من بەڕێوەبەری ئەم کتێبخانە سووتاوە بووم. دەزانم ئەو ڕۆژەی کتێبخانەکە سووتا تۆ چ ئازارێکت چەشت. چۆن داوام لێدەکەیت درۆی وا بکەم؟ بیرت نییە چەندە گریای؟ بیرت نییە دەتویست خۆت فڕێبدەیتە ناو ئاگرەکەوە کتێبەکان ڕزگاربکەیت؟

مستەفا: جەنابی بەڕێوەبەر هەمووی درۆ بوو، ئێستا هەست بە ئازاری ویژدان دەکەم.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: تۆ تاکە فەرمانبەری کتێبخانەکە بوویت کتێبت خۆشدەویست، لە ڕاستیدا هەموومان ڕقمان لە کتێب بوو تۆ نەبێت. هەتا منیش ڕقم لە کتێب بوو.

مستەفا: ڕاستە من کتێبم خۆشدەویست، ئەوە ڕاستە. بەڵام من ڕقم لە خوێنەر بوو.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: ئاە مستەفا بێدەنگ بە، کتێبخانەکە کوا خوێنەری هەبوو تا ڕقت لێیان بێت؟ خوێنەری چی؟ لەم شارەدا بۆ دەرمان بۆ خوێنەرێکی باش بگەڕابایتایە

دەستت نەدەکەوت. گوێبگرە مستەفا، هەتا ئەگەر تۆ کتێبخانەکەشت سووتاندبێت، پێویست بە ئازاری ویژدان ناکات، کتێبەکان سوودێکیان نەبوو. ڕاستی من پیربووم بەدیار ئەو کتێبە مەلعونانەوە... پیربووم.

مستەفا: لە بەرئەوە سووتاندم.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: پیربووم هێندەم چاوەڕوانکرد، هەموو ڕۆژێک دەهاتم بۆ دەوام و لە خودا دەپاڕامەوە خوێنەرێک بنێرێت، نەبوو. سەیرم لەوە دەهات تۆ بە شەوقەوە کتێبی نوێت دەهێنا، ڕەفەکانت پاکدەکردنەوە.

مستەفا: هەمووی بۆ ئەوە بوو لە دواجاردا بیانسووتێنم. تا سەرنجی خەڵک بۆ لای کتێبخانەکە ڕابکێشم. تا خەڵک بزانن جارێک لە جاران کتێبخانەیەک لە شارەکەدا هەبووە. ئێستاش دوای سووتاندنی کتێبخانەکە بەشی زۆری خەڵکی شار هەر نایانبیستووە کە کتێبخانەیەک هەبووە و سووتاوە.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: مستەفا پێم بڵێ بۆ درۆدەکەیت؟ من دەزانم کێ کتێبخانەکەی سووتاندوە... تۆ نەبوویت.

مستەفا: نا درۆناکەم، هەست بە ئازاری ویژدان دەکەم.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: من کتێبخانەکەم سووتاند. من بە تەنیا، بێئەوەی هیچ کەس ئاگای لێ بێت. ڕقیشم زۆر لە تۆ بوو کە هەمیشە بە ئومێدەوە چاوەڕانی هاتنی خوێنەرێکت دەکرد. هەتا ویستم تۆمەتەکە بکەمە ملی تۆ... بەڵام دوایی بەزەییم بە ژن و منداڵەکانتدا هاتەوە.

مستەفا: «ماوەیەک تەنیا بێدەنگ سەیری دەکات، خەریک دەبێت پەلاماری بەڕێوەبەرەکە بدات، پەشیمان دەبێتەوە، کەمێک خۆی هێوردەکاتەوە» جەنابی بەڕێوەبەر، تکایە، تکایە بۆئەوەی هیچ گومانێک ڕووبەڕووی ئێوە نەبێتەوە، شایەتییم بۆ بدە. بە قۆمیسەرەکان بڵێ ئاگاداربوویت من کتێبخانەکەم سووتاندوە.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: بۆ پێت وایە دەوڵەت بۆی گرنگە کتێبخانەکە بسووتێت یان بمێنێتەوە؟

مستەفا: کەس کتێبخانەکەی بۆ گرنگ نییە، بەڵام ویژدانی منیان بەلاوە گرنگە، نابێت وەک هاوڵاتییەکی بێباک بە ویژدانێکی ئاسوودەوە بسوڕێمەوە. ناکرێت وڵاتەکە پڕبێت لە گوناه و من هەست بەبێگوناهی بکەم.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: بەڵام چیت بۆ بکەم؟

مستەفا: گەر ببیت بە شاهید بەسەر منەوە، لە زۆر کێشە ڕزگارت دەبێت. لە بەردەم قۆمیسەرەکاندا دەڵێیت: هەست بە ئازارێکی قووڵی ویژدان دەکەم کە ئەم تاوانە گەورەیەم شاردۆتەوە، دەڵێیت: شەو و ڕۆژ دەتلێمەوە. دەڵێیت: هەست بە گوناه دەکەم. قۆمیسەرەکان ئەو وشەیەیان پێخۆشە. جەنابی بەڕێوەبەر کلیلی ئاسوودەیی و سەلامەتی لەم چەند وشەیەدایە «منیش بەشی خۆم گوناهم هەیە». ئەم ڕستەیە لە پاشەڕۆژدا دەبێت بە گرنگترین ڕستە. هەموو هاوڵاتییەک دەبێت فێری ئەم ڕستەیە بێت و بەردەوام بیلێتەوە. ئەمە دەرفەتێکە بۆ تۆ، گەر قۆمیسەرەکان بزانن خەیاڵت ئاسوودەیە و ویژدانت ئازارت نادات دەتگرن.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: ڕاستە. لەم ڕۆژانەدا خەڵک زۆر دەگیرێن.

مستەفا: هیچ مرۆڤێک نییە خەتابار نەبێت، هیچ مرۆڤێک... ئەی چۆن.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: پێم بڵێ لە زیندان چیت لێدەکەن.

مستەفا: هیچ، باشترین زیندانی دونیایە، هێندە هەیە دەبێت خۆمان گوناهی خۆمان بدۆزینەوە و خۆمان شایەت لەسەر خۆمان پەیدابکەین.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: «بەسەرسامییەوە» بەڵام جاران وانەبوو، جاران دەوڵەت گوناهی بۆ دەدۆزینەوە، دەوڵەت شایەتی لەسەر دەگرتین.

مستەفا: ئێستا هەموو شتێک گۆڕاوە. جەنابی بەڕێوەبەر گوێبگرە. دەتوانم شایەتیت بۆ بدەم تۆ زۆر هەستت بە گوناه کردوە. شایەتیت بۆ بدەم لە ترسی هەڕەشە و تۆقاندنی من نەتتوانیوە ڕاستییەکان بدرکێنیت.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: ئاه، مستەفا تێدەگەم. ئیدی هەر یەکەمان گوناهی خۆی دەبێت. ئیدی هیچ کەس ناتوانێت لەسەر بێگوناهی بمانگرێت... تێدەگەم، ئێستا باش تێدەگەم.

## دیمەنی یازدەهەم

«لە هەمان شوێنی پێشوودا، کتێبە سووتاوەکان وەک خۆیان هەر لەسەر تەختەی شانۆ بڵاوکراونەتەوە... چوار قۆمیسەر دانیشتوون، قۆمیسەرەکان تێکەڵاون هەم ژنن و هەم پیاو. خانمێک لە سەر مێزێک لە پاڵیاندا لەسەر ئامێرێکی چاپ قسەکان چاپ دەکات. جەمیلە لە جلە سەرنجڕاکێشەکانی پێشوویدا لەتەک بەڕێوەبەری کتێبخانەکەدا لە بەردەم قۆمیسەرەکاندا وەستاوە. مستەفا بە جیا لەسەر کورسییەک دانیشتووە».

جەمیلـە: بەڵـێ خـۆی بـوو. مانگێکـی تـەواو پلانـی بـۆ سـووتانی کتێبـەکان دادەنـا.

بەڕێوەبـەری کتێبخانـە: تیـا پاڕامـەوە کتێبخانەکـە بـەری ڕەنجـی چەندەهـا سـاڵی منـە.

جەمیلـە: بۆئـەوەی تاوانەکـەی بشـارێتەوە وا ڕەفتاریدەکـرد وەک هەسـت بـە گوناهــ نەکات.

بەڕێوەبـەری کتێبخانـە: مـن ڕۆژانـە کتێبـە سـووتاوەکانم پیشـاندەدا، بـە نـاو کتێبخانـە سـووتاوەکەدا دەمگێـڕا. دەمویسـت وەک چـۆن مـن هەسـت بـە گوناهــ دەکـەم، ئەویـش هەسـت بـە تاوانەکـەی خـۆی بـکات.

جەمیلـە: بـەڵام بەڕێـزان، شـەوان خـەوی لـێ نەدەکـەوت. دەیگـووت کتێبـە سـووتاوەکان دێنـە خـەوم.

بەڕێوەبـەری کتێبخانـە: درۆیدەکـرد، لـە ناخـەوە خەمـی بـۆ کتێبخانەکـە دەخـوارد، لـە دڵـەوە دەیزانـی گوناهێکـی گـەورەی کـردوە.

جەمیلـە: سـێبەر و تارمایـی ڕەش لـە ئاگـری کتێبخانـە سـووتاوەکەوە دەهاتنـە دەرێ و پەلاماریـان دەدا.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: هەندێک ڕۆژ هەڕەشەی لێدەکردم و هەندێک ڕۆژ دەپاڕایەوە. ڕۆژێک لە بەردەممدا کەوت و دەستیکرد بە گریان، تکایکرد بیبەخشم. بەڵام من ... ئێستا هەست بە ئازارێکی گەورە دەکەم کە بەخشیم، شەو و ڕۆژ دەتلێمەوە. بەو کارە خۆم گوناهبارکرد.

جەمیلە: ئازاری ویژدان بەجۆرێک ئازاریدەدا، نەیدەتوانی ئەرکەکانی خۆی وەک پیاوێک و مێردێکی باش جێبەجێبکات. خۆی ئاگاداربوو پەیوەندیم لەگەڵ پیاوی تر هەبوو، خۆی شاهیدمە، دەتوانن لێی بپرسن. وا ڕێککەوتین من گوناهی ئەو بشارمەوە و ئەو گوناهی من بشارێتەوە. هەر دووکمان وا ڕەفتارمانکرد وەک هیچ گوناهێکمان نەکردوە، هیچ یاسایەکمان نەشکاندوە.

بەڕێوەبەری کتێبخانە: گەورەکانم، دەیویست خەڵکی تر تاوانباربکات. من لە ڕێگای وردبوونەوە لەم تاوانبارەوە تێگەیشتم، چەند ترسناکە مرۆڤ هەست بە گوناهی خۆی نەکات.

قۆمیسەری یەکەم: بەسە ... بەسە. «دوای ماوەیەک بێدەنگی» هەر دووکتان قسەکانتان واژۆبکەن و زوو ئەم ناوە بەجێبهێڵن.

**«جەمیلە و بەڕێوەبەری کتێبخانە دەچنە لا ئەو خاتمەی قسەکانی تایپکردوە و کۆمەڵێک کاغەز واژۆدەکەن و سەر شانێ بەجێدەهێڵن».**

قۆمیسەری یەکەم: بەڕێز مستەفا ئێستا هەموو شتێک ڕوونە. تۆ تاوانێکی ڕاستەقینەت ئەنجامداوە و دەبێت سزا بدرێیت.

قۆمیسەری سێهەم: بەڵام ئەوە کاری ئێمە نییە، بۆ سزا بگەڕێین بۆ تۆ.

قۆمیسەری دووەم: تاوانباری ڕاستەقینە خۆی حوکمی خۆی دەدات.

قۆمیسەری سێهەم: ئێمە ئیشمان ئەوەیە لە حوکمەکە وردبینەوە و بزانین شایستەی زۆرتریت یان کەمتر.

قۆمیسەری یەکەم: بەڕێز مستەفا وەرە پێشەوە.

**«مستەفا دەچێتە بەردەم قۆمیسەرەکان»**

قۆمیسەری دووەم: ئێستا تۆ بە فەرمی وەک تاوانبار ناسێنراویت و ناوت لە فایلەکانی دەوڵەتدا تۆمارکراوە.

قۆمیسەری سێهەم: ئەوەشی یەک جار ناوی چووە لیستی تاوانبارانەوە هەرگیز نایەتەوە دەرێ.

قۆمیسەری یەکەم: بەڵام مەترسە، هەموو هاوڵاتییەک ناوی لەو لیستەدا هەیە، هەتا ئێمەش.

قۆمیسەری سێهەم: نا مەترسە، گوناهباری وەک مردن وایە، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت لە دەستی ڕزگاربێت.

قۆمیسەری یەکەم: پیرۆزباییت لێدەکەین. سەرەتا ترسمان هەبوو کەسێک بیت لە هەرە سەرسەختەکان.

قۆمیسەری دووەم: وای بۆ دەچووم تۆ دواجار لە «زیندانی فەرامۆشی» دا کۆتاییت بێت.

قۆمیسەری سێهەم: سوپاس بۆ خوا هەموو شتێک بە خێرایی تێپەڕی. بە کەمتر لە دوو مانگ تۆ توانیت گوناهەکانی خۆت ببینیت و بیانسەلمێنیت و لە ڕووی ڕۆحیشەوە ئامادەبیت بۆ وەرگرتنی سزای خۆت.

قۆمیسەری یەکەم: ئیشی ئێمە ئەوەیە، هاوڵاتی ئامادەبکەین بۆ قەبووڵکردنی سزای خۆی.

قۆمیسەری سێهەم: بەڵام وەک دەبینیت ئەو کارە بە تەنیا بە ئێمە ناکرێت.

قۆمیسـەری دووەم: هەمـوو هاوڵاتییـەک پێویسـتە کۆمەک بـە هاوڵاتیانی دی بـکات خۆیـان بناسـن و گوناهی خۆیان ببینـن. دیمەنێکی چەنـد جوان بوو، ئێسـتا هەر یەکەتـان کۆمەکی ئەویترتان دەکـرد گوناهی خـۆی ببینێت.

قۆمیسـەری سـێهەم: ئێمـە دژی ئەوەیـن کۆمەڵـگا دابەشـبکەینە سـەر دوو بـەش. بەشـێکی گوناهبـار و بەشـێکی بێگوناهـ

قۆمیسـەری یەکـەم: بەوجـۆرەش یەکێتـی کۆمەڵایەتی لە هەموو مەترسییەک دووردەخەینەوە.

قۆمیسـەری سـێهەم: مسـتەفا ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتـووە، بیـر لـە سـزایەکی گونجـاو بکەیتـەوە بۆ خۆت. ئێمە بەبـێ گۆڕینەوەی ڕاو بۆچـوون، بەبـێ ڕەزامەنـدی خۆتـان، حوکمێکـی نـوسراو بـۆ کـەس نابڕینەوە.

قۆمیسـەری یەکەم: هەڤاڵان باوەڕدەکەم ئێسـتا لە هەموو شـت تێگەیشـتووە. بەڕێـز مسـتەفا، ئێسـتا دوو هەفتـە کاتـت هەیـە لێرە بمێنیتـەوە و بیـر لـە سـزای گونجـاوی خـۆت بکەیتـەوە.

قۆمیسەری دووەم: دەبێت سزایەکی گونجاو بێت و تورەمان نەکات.

قۆمیسـەری یەکـەم: تکایـە... تکایـە... خـۆی لـە هەمـوو شـت تێگەیشـتووە و دەتوانێـت سـزایەکی دادپەروەرانـە بـۆ خـۆی بدۆزێتەوە. بەڕێـز پێشـمبکەوە، دەبێت جێگا تازەکەی خۆتت نیشـان بـدەم... فەرمـوو، وەرە لەگەڵمدا.

## دیمەنی دوازدەهەم

«قۆمیسەر و مستەفا پێکەوە لە قاوشێکی گەورەی زیندانەکەدان. سەر شانۆ پڕە لە چەندەها تەختە خەوی کۆن کە تەواوی تەختەی شانۆکەیان داپۆشیوە، زیندانییەکان بەجۆرێکی ناڕێک لەسەر تەختەکان پاڵکەوتوون یان دانیشتوون، هەندێکیشیان بە پێوەن».

قۆمیسەر: بەڕێز مستەفا ئەمە قاوشی بیرکردنەوەیە. ئەم قاوشە و قاوشەکانی دیش، شوێنی کەسانی وەک تۆن. ببورە هەموو ژوورەکان پڕن، جێگایەکی لێرە باشترمان بۆ بەڕێزتان نەبوو. بەڵام هەموو ئەم میوانانە دەیانبینیت لە هەمان قۆناغی تۆدان، دەبێت هەموو بیر لە سزای خۆیان بکەنەوە. ئەمە جێ خەوی بەڕێزتانە... لێرەدا دەتوانیت پشوو بدەیت و بیربکەیتەوە. کاتەکانی خەوتن و خواردن لەسەر دیوارەکە هەڵواسراون. بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکەیت، دەتوانیت بەسەر هەموو قاوشەکانی تریشدا بگەڕێیت. دەبینیت میوانخانەیەکی گەورەیە و لێوان لێویشە لە خەڵکانێک هەموو لە دۆخی بیرکردنەوە و ڕاماندان لە سزای خۆیان.

زیندانیی یەکەم: بنواڕن، بنواڕن کێ لێرەیە. ئەوەی کتێبخانەکەی سووتاندووە.

قۆمیسەر: هاوژوورەکانت دەتوانن لەگەڵتدا بیربکەنەوە، کۆمەکت بکەن سزایەکی دادپەروەرانە و باش بدۆزیتەوە. ئاگات لە هەموو قسە و ڕەفتارێکت بێت، مەرج نییە ئەمانە هەموویان تاوانکاری ئاسایی بن، هەندێکیان قۆمیسەرن وەک من و هاوڕێکانم و ڕۆژانە دەنگوباسی ناو قاوشەکان و ڕەفتاری گیراوەکانمان بۆ دەگوازنەوە.

زینیدانیی دووەم: تاوانبارێکی ڤێزەونی تر کە هەست بە گوناهی خۆی ناکات. وانییە؟

قۆمیسەر: دوورکەونەوە، لێگەڕێن ئارام بیر لە سزای خۆی بکاتەوە. هێی تۆ دوورکەوەرەوە. کارت بەوەوە بێت خۆت چ جۆرە سزایەک بۆ خۆت دیاریدەکەیت. ڕێز لێرە لە هەر شت گرنگترە.

**«پاش کەمێک قۆمیسەر دەڕوات»**

مستەفا: «بۆ هاوسێکەی پاڵی» تۆ بیرت لە حوکمەکەی خۆت کردۆتەوە؟

زینیدانیی هاوسێی مستەفا: بێگومان هەمووومان لێرە بەردەوام بیر لە گوناهی خۆمان و سزای گونجاو دەکەینەوە.

مستەفا: ئاخۆ ئەوانەی لێرەن دەتوانن کۆمەکمان بکەن؟ کەسێک هەیە داوای یارمەتی لێبکەم بزانم چ سزایەک باشە هەڵیبژێرم؟

**«زیندانی یەکەم و دووەم دووبارە لێی نزیکدەبنەوە»**

زینیدانیی یەکەم: چۆن توانیت ئەو کتێبخانە جوانەی شار بسووتێنیت؟

زینیدانیی دووەم: چۆن توانیت دوای تاوانێکی وا گەورە بخەویت و ئاسوودە بژیت؟

مستەفا «لە هاوسێکەی دەپرسێت»: ئەمانە چۆن تاوانی من دەزانن؟

زینیدانیی هاوسێ: گەر تاوانبارەکە کەسێکی ترسناکی وەک ئێوە بێت، قۆمیسەرەکان پێشتر دێن و زیندانییەکان ئاگاداردەکەنەوە، بۆئەوەی خۆیان بپارێزن.

مستەفا: کەواتە من بە تاوانبارێکی ترسناک حیسابکراوم.

زینیدانیی یەکەم: بەڵێ تۆ تاوانبارێکی ترسناکی.

زینیدانیی هاوسێ: بەڵێ، قۆمیسەرەکە پێیگووتین ئێستا یەکێک لە ترسناکترین

زیندانییەکانتـان بـۆ دەهێنیـن، کەسێک دەتوانێـت ئاگر لە هەمـوو شـتێک بەربـدات، بێئـەوەی هەسـت بـە گوناهـ بکات.

مستەفا: بەڵام من هەست بە گوناهـ دەکەم.

زیندانیـی هاوسـێ: ئەهـا. باشـە... زۆر باشـە. گـەر وایـە چ سـزایەک بـۆ خـۆت بـە ڕەوا دەبینیـت.

مسـتەفا «بەچرپـەوە»: تـۆ چ تاوانێکـت داوەتـە پاڵ خۆت. شـانی خۆتت بە چ کارێکـی بـەد بارکردوە؟ تۆ لە پێشـدا قسـەبکە.

زیندانیـی هاوسـێ: مـن قازی بـووم. حوکمی نایاسـاییم دەردەکرد، دەمویسـت تاوانبـاران ئـازاد بکـەم و بێگوناهان بخەمـە زیندان.

مستەفا «بۆ زیندانیی یەکەم»: ئەی تۆ تاوانەکەت چییە؟

زیندانیـی یەکـەم: مـن پزیشـک بـووم، دەرمانی هەڵـەم دەدا بە نەخۆشـەکان، دوور نییـە زۆریـان مردبـن ... دوور نییـە هەموویـان مردبن.

مستەفا «بۆ زیندانیی دووەم»: ئەی تۆ؟

زیندانیـی دووەم: مـن ئەفسـەری سـوپابووم، هەوڵمـدا... دەڵێـم هەوڵمـدا زانیـاری بـە دوژمـن بفرۆشـم، زانیاریـی گرنـگ.

زیندانیـی هاوسـێ: هەمـوو ئەمانـەی دەیانبینیـت، تاوانبـارن، هەمـوو هەوڵی تاوانـی گەورەیان داوە. بەڵام سـوپاس بۆ خوا هەوڵەکانمان زۆربەیـان سـەریان نەگرتـوە. ئـەی چۆنـە تـۆ توانیوتـە وا ئاسـان تاوانێکـی گـەورە ئەنجامبدەیت؟

مسـتەفا: «لەسـەر قەراغـی جێگاکەی خۆی دادەنیشـێت» پێدەچێت بێئەوەی بـە خۆمـان زانیبێـت، لە شـارێکی پڕ لـە گوناهبـاردا ژیابین.

زیندانیـی دووەم: سـەیربکە، کاتێـک بـە ڕووکـەش سـەیری ئـەم مرۆڤانـە

دەکەیت وادەزانیت هەموو بێگوناهن. کاتێک پیاسەیەک بە شارەکەدا دەکەیت و دەبینیت ئەو هەموو خەڵکە دێن و دەچن وادەزانیت شارەکە گوناهبارێکی تێدا نییە. بەڵام ئەم جێگایە ڕێگای هەمووانە... هەمووان دەبێت بەم قاوشەدا بڕۆن و بیر لە حوکمەکەی خۆیان بکەنەوە.

زیندانیی یەکەم: بزانم تۆ چ جۆرە حوکمێک بۆ خۆت بە ڕەوا دەبینیت.

زیندانیی دووەم: دەتوانین دادگایەکی بۆ ڕێکبخەین تا قۆمیسەرەکان تووشی نائومێدی نەکات.

زیندانیی هاوسێ: لێگەڕێن ئێستا پشووبدات. هاوڕێم پشووبدە و لە سەر جێگاکەت ڕابکشێ و چاو لێک بنێ و هەوڵبدە کەمێک بخەویت. کاتێک هەستایت بە هێمنی بیر لە حوکمێکی گونجاو بۆ خۆت بکەرەوە. «ڕوودەکاتە ئەوانی تر» هاوڕێیان لێیبگەڕێن پشووبدات. سبەی... سبەی دەتوانین دادگایەکی بۆ دابنێین و ئەو حوکمەی پێبڵێین شایەنێتی.

زیندانیی یەکەم: بڕۆ... بخەوە و خەو بە گوناهەکانتەوە ببینە.

**«مستەفا لەسەر قەرەوێڵەکە ڕادەکشێت و چاوی لێکدەنێت».**

## دیمەنی سیازدەهەم

«هەموو زیندانییەکان قەرەوێڵەکانیان بەجۆرێکی ڕێک ڕیزکردوە و لەسەری دانیشتوون، وەک لە سالۆنی دادگادابن. زیندانیی یەکەم و دووەم و هاوسێکەی مستەفا لەسەر کورسی و مێزێک وەک سێ دادوەر دانیشتوون. مستەفا لە بەردەم دادوەرەکاندا وەستاوە».

زیندانیی هاوسێ ـ دادوەر: مـن دادوەری بـاڵای دادگای سـەرەتایی تاوانبـار مسـتەفا، دانیشـتنەکان دەکەمـەوە و داوا لـە تاوانبـار دەکـەم بێتـە پێشـێ.

**«مستەفا هەنگاوێک دەچێتە پێشێ»**

دادوەر: مسـتەفا، تـۆ خۆتـت بـە تاوانـی سـووتاندنی کتێبخانـەی گشـتیی شـار گوناهبارکـردوە. ئاخـۆ دووبـارە ئـەو تاوانـە دەسـەلمێنیت.

مستەفا: بەڵێ، من ئەو کەسەم کتێبخانەی گشتیی سووتاندوە.

دادوەر: هەمـوو ئـەو دەرەنجامـە ئەخلاقی و ویژدانیانەش لە ئەسـتۆ دەگریت کـە لە کارێکـی وەها ترسـناک دەکەونەوە؟

مسـتەفا: ئازارێکـی قووڵـم هەیـە. تاوانەکـە برینێکـی بەسـۆی کردۆتـە ڕۆحـم. ویژدانـم بـووە بـە بارێکـی قـورس و بـۆم هەڵناگیرێـت.

دادوەر: ئێستا چ سزایەک بۆ خۆت بە ڕەوا دەبینیت.

مسـتەفا: دادوەری بەڕێـز. یەکێـک لـە لاوازییـە گەورەکانمـان وەک مـرۆڤ ئەوەیـە ناتوانیـن لـە سـزادانی خۆمانـدا دادپـەروەر بیـن.

دادوەر: بـەڵام ئاخـۆ ئێـوە تێگەیشـتوون چ حیکمەتێـک لـەم کارەدایـە، بـۆ مـرۆڤ دەبێـت خـۆی بیـر لـە سـزای خـۆی بکاتـەوە؟

مستەفا: تا دادگای ڕاستەقینە ببەینەوە ناوەوەی ئینسان. لە مێژە ئادەمیزادان بیریانچۆتەوە خۆیان دادگا بۆ خۆیان دابنێن.

دادەوەر: دادگای ڕاستەقینە شوێنێکە گەر مرۆڤ پێی تێخست، هەرگیز نایەتە دەرێ. جێگایەکە مرۆڤ یەک جار پێدەخاتە ناوی و بۆ هەمیشە لەوێدا دەمێنێتەوە.

زیندانیی دووەم ـ یاریدەدەری دادوەر: حوکمیش جۆرە سزایەکە هەرگیز تەواو نابێت. حوکم چەند ساڵێک مانەوە نییە لە ژووری بەندیخانەیەکدا، بەڵکو سزایە هەموو ڕۆژێک لە سەرەتاوە دەست پێدەکاتەوە.

زیندانیی یەکەم ـ یاریدەدەری دادوەر: هەستی گوناهباریی مرۆڤ، لە خواست و ئارەزوودا بۆ سزا دەردەکەوێت.

دادوەر: با بزانین ئەو خواستە لای تۆ چەندە بەهێزە.

مستەفا: خۆزگە ئێوە فەرمانتان بدایە و سزایەکتان بە من ببەخشیایە، هەر سزایەک ئێوە مۆری لێبدەن، من قەبووڵمە.

دادوەر: ئەو قسەیەت گوناهێکە و دەمانباتەوە بۆ سەرەتا. هەموو شت دەبێت بڕیاری ئازادی خۆمان بێت. ئێمە مرۆڤی ئازادین، ئەم دادگایەش تەنیا بۆئەوەیە یارمەتیی تۆ بدەین ئازادیی خۆت بەکاربهێنیت.

زیندانیی یەکەم ـ یاریدەدەری دادوەر: گەر تۆ نەتوانیت سزای خۆت هەڵبژێریت، واتە نەتتوانیوە ئازادی خۆت بەکاربهێنیت.

مستەفا: بە سووتاندنی کتێبخانەکە من تاوانێکی ناشیرین و گەورەم ئەنجامدا. کتێبخانەکە شوێنێکی گشتی بوو.

زیندانیی یەکەم ـ یاریدەدەری دادوەر: سەدان خەڵکی ئەم شارە ڕۆژانە سوودیان لە کتێبەکان دەبینی.

مستەفا: «گاڵتەجاڕانە» خوێنەرانێکی زۆر ڕووی تێدەکردین. بەجۆرێک لە بەر خوێنەر ساتێک پشوومان نەبوو. ئەگەرچی من زۆر لە خوێنەرەکان بێزاربووم، بەڵام بڕیارمدا کاتێک کتێبخانەکە دەسووتێنم کەس تووشی زیان نەبێت. دەکرا هەموو شت خراپتر بێت، دەکرا خەڵکانێکی زۆر بە کتێبەکانەوە بسووتێن.

هەر سێ دادوەرەکە پێکەوە: ئێێێێ؟؟؟

مستەفا: هەوڵمدا ئاگرەکە وابکەمەوە بیناکانی تر زیانیان پێ نەکەوێت.

هەر سێ دادوەرەکە پێکەوە: ئێێێێ؟؟؟

مستەفا: هەوڵمدا ئاگرەکە نەگاتە جێگایەک هەندێک دەستنوسی ناوازەی تێدایە.

هەر سێ دادوەرەکە پێکەوە: دەتەوێت بڵێیت چی؟

مستەفا: بەڕێزان، گەرچی من لە ژێر باری قورسیی ویژداندا دەتلێمەوە، بەڵام جۆری تاوانەکەم چەشنێکە زۆر دەست لەسەر سزای توند دانەگرم.

دادوەر: هەستدەکەم هێشتا خەبەری تەواوت لە قورسیی تاوانەکەی خۆت نییە.

مستەفا: وادەزانم ساڵێک بۆ دوو ساڵ سزایەکی پڕ بە پێستی تاوانە دزێوەکەم بێت.

**«دەنگە دەنگێکی زۆر دروست دەبێت»**

دادوەر: گەر قۆمیسەرەکان شتی وا ببیستن دەتنێرن بۆ زیندانی فەرامۆشی.

زیندانیی دووەم ـ یاریدەدەری دادوەر: ڕاستی تۆ هیچ خۆشەویستییەکت بۆ کتێب نییە؟ نازانیت ئێمە میللەتێکین ئارەزوومان لە خوێندنەوەیە؟ نازانیت بە سووتاندنی کتێبخانەکە چەندین نەوەت لە خوێندنەوە و فێربوون دوورخستەوە؟.

**«لە ناو بینەرەکانەوە، دەنگەدەنگێکی زۆر بەرز دەبێتەوە «زۆر ڕاستە جەنابی دادوەر» « دەمخۆش وایە» « خوێندنەوەی لە خۆمان و منداڵەکانمان حەرامکرد»»**

دادوەر: تا سزاکەت سووکتر دابنێیت، واتە هەستت بە گوناهـ کەمترە.

مستەفا: هەوڵمداوە شتێک لە هەستی دادپەروەری ڕابگرم. گەورەم، مرۆڤ پێویستە بەرامبەر بە خۆشی دادپەروەر بێت.

زیندانیی یەکەم ـ یاریدەدەری دادوەر: دادپەروەریی ئەوەیە مرۆڤ بۆ چرکەیەکیش ئەوەی بیر نەچێتەوە تاوانبارە.

دادوەر: جاران تەنیا ئایینەکان درکیان بەم ڕاستییە کردبوو، ئێستا دەوڵەتەکانیش، سیاسییەکانیش هەستیان پێکردوە.

مستەفا: گەورەم سێ ساڵ باشە. سێ ساڵ و نیو. لەوە زیاتر نا. جەنابی دادوەر سێ ساڵ و نیو بۆ سووتاندنی کۆمەڵێک کتێب سزایەکی ڕەوایە، سزایەکی دادپەروەرانەیە.

**«دووبارە دەنگەدەنگێکی زۆر لە ناو ڕیزی زیندانییەکانەوە بەرزدەبێتەوە»**

مستەفا: دەبێت کاتێک لە زیندان دێمەدەرێ، بەشی ئەوە کاتم بە دەستەوە مابێت ببم بە هاوڵاتییەکی سوودبەخش.

دادەوەر: هەستدەکەم قسەکانمان گەیشتوونەتە بەر دەرگایەکی داخراو. مستەفا تۆ دەبێت جارێکی تر بەوردی بەسەر ویژدانی خۆتدا بچیتەوە. لێرەدا ناچارم دانیشتنەکە بخەمە کاتێکی تر تا تاوانبار دووبارە بە وردی بیر لە تاوانەکەی خۆی دەکاتەوە و حوکمێک بەسەر گوناهە ترسناک و گەورەکەیدا دەدات، بگونجێت لەگەڵ گەورەیی تاوانەکەدا. بەڕێزان .. من نائومێدانە کۆتایی دانیشتنەکە ڕادەگەیێنم و دەڵێم «زۆر لە تاوانبار مستەفا ڕێبەر نائومێدم».

## دیمەنی چواردەهەم

«قۆمیسەر و مستەفا دووبارە لە دەوری ئەو مێزە دانیشتوون کە لە پێشی شانۆکەدایە»

قۆمیسەر: سبەی دانیشتنی کۆتاییە لەگەڵ قۆمیسەرەکاندا، ڕۆژێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەیە لە ژیانی تاوانباراندا.

مستەفا: بەڵێ جەنابی قۆمیسەر.

قۆمیسەر: هیوادارم گەیشتبێتیتە سزایەکی گونجاو بۆ خۆت.

مستەفا: سزای گونجاو؟ ڕاستی سەختە بۆ من ناوی بنێم سزای گونجاو. بەڵام دوای دوو هەفتە ڕاوێژ، دوای چەندین دانیشتنی دادگا لەگەڵ تاوانبارەکانی تردا گەیشتمە ئەو بڕوایەی سزاکەی من دەبێت سزایەکی قورس بێت.

قۆمیسەر: زۆرباشە... زۆر زۆر باشە. چ سزایەکت بۆ خۆت دیاریکردوە؟

مستەفا: سزایەکی غەمناک. مردن.

قۆمیسەر: بەڵام چۆن گەیشتیتە سزایەکی لەو جۆرە.

مستەفا: زۆربەی زیندانییەکان بڕوایان وابوو من شایستەی سزایەکی زۆر قورسم.

قۆمیسەر: سزای مردن قورسترین سزایەکە کە هەیە. دەزانیت بۆ؟

مستەفا: نازانم، سزای مردن بۆ دەبێت قورس بێت. من خۆم سزای مردنم لە دیلێتیی دوورودرێژ پێ باشترە. توانام نییە ساڵانێکی درێژ لە

زیندانـدا بـم، وتـم یـان پێنـج سـاڵ زینـدان یـان مـردن. هەمـوو لـەو باوەڕەدابـوون گـەر بڵێم پێنج سـاڵ زیندان قۆمیسـەرەکان هەڵدەچن و لێـم قەبـووڵ ناکەن.

قۆمیسـەر: بـەڵام کـەم کـەس داوای سـزای مـردن دەکـەن. سـزای مـەرگ زۆر قورسە.

مستەفا: بۆ من لە زیندانییەکی دوورودرێژ ئاسانترە.

قۆمیسـەر: بـەڵام دەزانیـت ئێمـە سـزاکە جێبەجـێ ناکەیـن. جێبەجێکردنـی سـزاکە پەیوەنـدی بـە خۆتـەوە هەیـە، ئەم مەسـەلەیە لەسـەرەتاوە تـا کۆتایـی لـە ژێـر کۆنترۆڵـی تەواوەتـی هاوڵاتـی خۆیـدا دەبێـت.

مسـتەفا: مانـای چـی، سـزاکە جێبەجـێ ناکـەن؟ مانـای چـی؟ ئـەی ئەوانـەی حوکمـی زیندانیـان وەرگرتـووە؟ ئەوانیـش دەبێـت خۆیـان خۆیـان زینـدان بکەن؟ جەنابی قۆمیسـەر هەسـت ناکەیت خەریکە قسـەی بێسـەرەوبەر و هەلـەق و مەلـەق دەکەیـت؟

قۆمیسـەر: مسـتەفا تـۆ تا ئێسـتا لـە ئیشـی ئێمـە تێنەگەیشـتوویت. ئێمە ئیش لەسـەر هەسـتەکان دەکەین، گرنگ نییە بۆمان تۆ وەک زیندانییەک لـە کـوێ حوکمـی خـۆت دەبەیتەسـەر، گرنـگ ئەوەیـە لـە تـەواوی سـاڵانی حوکمەکەتـدا کارێک نەکەیت ئێمە وا هەسـتبکەین زیندان نیـت. کاتێـک بیردەکەیتەوە، دەنوسـیت، دەخوێنیتەوە، دەخەویت، ئـەو هەسـتە لـە ناختـدا بێـت کـە زیندانیـت. ئێمە ئیشمان ئەوەیە سـەرەتا وەک هاوڵاتییـەک هەسـت بـە گوناهـ بکەیـت، دوائەوەش هەسـتبکەیت لـە قەفەزێکدایـت، ئـەم قەفـەزە چۆنـە، لـە کوێیـە، چـی تێدایـە گرنـگ نییـە. گرنگ ئەوەیـە هیچ کات بیـرت نەچێتەوە ئـەو شـوێنەی تـۆی لێیـت قەفـەزە و تـۆ لـە ناو ئـەو قەفـەزەدا بەو ئەندازەیـە دەجوڵێیتـەوە، هەسـتدەکەیت، بیردەکەیتەوە کە یاسـا و ڕێنماییـەکان ڕێـگات پێدەدەن.

مستەفا: بەڵام تۆ چۆن دەتوانیت بزانیت من هەست بە چی دەکەم، چۆن دەتوانیت بزانیت چۆن بیردەکەمەوە؟

قۆمیسەر: من؟ من هیچ شتێک ناکەم.

مستەفا: چۆن؟

قۆمیسەر: هەموو شتێک ئەوانی تر دەیکەن. سەرەتا تۆزێک سەخت دەبێت، خۆت دەبیت بە پاسەوانی خۆت، گەر شتێکی ترسناک بەسەرتدا تێپەڕی، خۆت شکات لە خۆت دەکەیت، گەر خۆت نەتتوانی پاسەوانی خۆت بکەیت ئەوانی تر دەبن بە پاسەوانت. تۆ دەبیتە چاودێر بەسەر دیلێکەوە و ئەویش دەبێتە چاودێر بەسەر تۆوە. زیندان چیتر ئەوە نییە نەهێڵین شەقام و دیوارەکان ببینیت، نەهێڵین لەگەڵ ژنەکەتدا بخەویت. زیندانی لە پێناسەی ئێمەدا ئەوەیە دیل بیت و هەست بکەیت ئاسایی دەژیت، زیندانی بیت و بچیتە سەرکاروباری خۆت، بزانیت ژنەکەت تەنیا وەک کۆیلەیەک سەیرتدەکات، بەڵام لە باوەشیدا ئاسوودە بیت. هیچ کەس سەرەتا بە تەواوی لە خۆیەوە دەست پێ ناکات، سەرەتا فێرتدەکەین چۆن ببیت بە پاسەوانی ئەوانی تر، کە فێربوویت نەهێڵیت ئەویتر بیری بچێتەوە لە ناو قەفەزدایە، خۆشت پاش ماوەیەکی کەم فێردەبیت بیرت نەچێتەوە لە ناو قەفەزدایت. وردە وردە وەک هەر یەکێک لە ئێمە فێردەبیت هەم ژیانێکی ئاسایی بژیت و هەم دیلیش بیت. ئەیچی هاوڕێم... ئاوەهایە. منیش وابووم. بە دووری مەزانە ڕۆژێک تۆش ببیت بە قۆمیسەر و لەم جێگایەی مندا بیت. ئێمە بەخشندەین، هەر کات زانیمان تۆ هەست بە گوناهـ دەکەیت و داواکاریی نابەجێت نییە لەگەڵ یاسا بنەڕەتییەکاندا یەک نەگرێتەوە، دەمێک زانیمان تۆ تێگەیشتوویت ئێمە تەنیا

هێزیـن دەتوانیـن بتبەخشـین. ئـەو کات دوور نییـە ئـازاد بیـت، وەک مـن، سـەیرمبکە نابینیـت چ هاوڵاتییەکـی ئـازادم.

مستەفا: ئەی ئەگەر یەکێک تەواوی ئەم بەزمە قەبووڵ نەکات.

قۆمیسـەر: هیـچ کەسـێک نییـە قەبووڵـی نـەکات. هـەر مرۆڤـە و بـە شێوەی تایبەتـی خـۆی قەبووڵـی دەکات. ئێمـەی قۆمیسـەر هەمـوو جـۆرە کەسـێکمان بینیـوە، هەمـوو چەشـن و چیزەیـەک. خەڵکێکـمان بینیـوە لـە گەرمـەی بەسـەربردنی حوکمەکـەی خۆیـدا پـڕ بـە دەم هاواریکـردوە «مـن ئـازادم». ئێمـە دەیهێنیـن و بەرامبـەر خۆمـان دایدەنێیـن و بـۆی ڕووندەکەینـەوە. بـۆی ڕووندەکەینـەوە چەنـدە ڕاسـتگۆیە لـەوەدا کـە دەڵێـت مـن ئـازادم، بۆشـی ڕووندەکەینـەوە ئـەو حوکمـەی دەیباتـە سـەر بەرهەمـی ئـازادی خۆیەتـی. تەنیا ئیشـی ئێمـە ئەوەیـە هاوڵاتیـان لـەو کاتـەدا کـە گوناهـی خۆیـان دەزانـن، کـە سـزای خۆیـان جێبەجێدەکـەن، هەسـتی ئـازادی لـە دەسـت نـەدەن. بـۆ ئێمەی قۆمیسـەر خۆشـترین سـاتی کارەکەمان ئـەو سـاتانەیە کاتێـک هاوڵاتـی لـە کاتـی بەسـەربردنی حوکمـی زیندانەکەیـدا هـەر هەسـت بـە ئـازادی بـکات.

مسـتەفا: جەنابـی قۆمیسـەر مـن سـوورم لەسـەر سـزای مـەرگ. بەڵـێ ئێسـتا دەزانـم ناتانەوێـت وەک جـاران بمخەنە بەندیخانەیەکـەوە و دەرگای ژوورێکـی زیندانم لەسـەر دابخەن، بەڵام هەر سـوورم لەسـەر سـزای مـەرگ. ئـەوە بـە مافـی خـۆم، بـە بەشـێکی بنەڕەتیـی ئازادیـی خـۆم دەزانـم. هیـوادارم ئـەو مافـەم لـێ زەوت نەکرێـت وەک هەمـوو هاوڵاتییەکـی تـر خـۆم سـزای خـۆم هەڵبژێـرم.

قۆمیسـەر: نـا جەنابـی مسـتەفا گـەر بـە ئیـرادەی ئـازادی خـۆت سـزای مەرگ هەڵدەبژێریـت، هیـچ کـەس ناتوانێـت ئـەو مافـەت لـێ زەوتبکات. بـەڵام دەبێـت خـۆت ئـەو سـزایە جێبەجێبکەیـت، خۆت بەدەسـتی

خۆت، گەر کێشەت هەبێت دەوڵەت تەنیا دەتوانێت کەسانێک دیاریبکات، یارمەتیت بدەن. لەوە زیاترمان پێ ناکرێت. ئێمە وەک دەوڵەت وەزیفەمان پاراستنی گیانی هاوڵاتییانە.

مستەفا: لەگەڵ ئەوەشدا سوورم لەسەر ئەوەی سبەی داوای سزای مەرگ بکەم.

قۆمیسەر: دڵنیام قۆمیسەرەکان هەوڵدەدەن پەشیمانت بکەنەوە، بەڵام بڕیاری ئازادی خۆت لە سەروو هەموو بڕیارێکەوەیە. ئازادیی تۆ شتێکی موقەدەسە، ئێمە دەستی لێ نادەین.

## دیمەنی پازدەهەم

«جەمیلە و مستەفا لە ژوورەکەی ماڵی خۆیاندا دانیشتوون. جەمیلە بێ ئارام و تورە بەردەوام و بێسرەوت دێت و دەچێت. لەم دیمەنەدا جەمیلە لە زۆربەی قسەکانیدا نائومێد و تورەیە»

جەمیلە: پێم بڵێ مستەفا، پێم بڵێ بۆ؟ چ گەمژەیەک هەیە سزای مردن هەڵبژێرێت و وەک تۆ پێداگریی لێ بکات.

مستەفا: جەمیلە هیچ هەستێکم بە گوناه نییە، من چەند مانگە درۆ لەگەڵ خۆمدا دەکەم. هەستی وەها لە مندا نییە. ناتوانم خۆم وەک تاوانبار سەیربکەم، ناتوانم تۆ و خەڵکانی تر وەک تاوانبار سەیربکەم.

جەمیلە: هەست ... هەست ... هەست.

مستەفا: ئاه جەمیلە بەڕاستی هیچ هەستێکم بە گوناه نییە... مردنم پێ باشترە لەوەی خۆم وەک تاوانبارێک ببینم، یان تا دەمرم لە بەرگی ترسنۆکێکدا بژیم کە هەموو دە ڕۆژ جارێک نامەیەک بۆ قۆمیسەرەکان دەنوسێت وداوای لێ خۆشبوون دەکات. لەوەش سەختتر ئەوەیە، بە چاوی خۆم بینیم مرۆڤە بێخەتا و پاکەکان چۆن بە وردی تاوان بۆ خۆیان هەڵدەبەستن، چۆن خۆیان سزای خۆیان دەدەن. ناتوانم لە جیهانێکی وادا بژیم، مرۆڤ بەردەوام ئەو هەستەی هەبێت لە قەفەزدایە.

جەمیلە: لە کەیەوە مرۆڤ بە هەستەکانی دەژی... ها؟ لە کەیەوە؟ پێم بڵێ. تۆش وەک هەر یەکێک لە ئێمە، چ ڕۆڵێکت دەدەنێ لە بەریکە و بژی.

مستەفا: هەوڵێکی زۆرم دا، بەڵام نەمتوانی... لە نێوان ئەوەی بمرم و درێژە بە جۆرە ژیانێکی وەها بدەم، مردنم پێ چاکترە.

جەمیلە: «کاغەزێک لە سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و توند ڕایدەوەشێنێت» ئەوە دەرەنجامی کارەکانی تۆیە... سەیربکە... بیخوێنەوە.

مستەفا: ئەمە چییە جەمیلە. «دەستدەکات بە خوێندنەوەی کاغەزەکە»

جەمیلە: ڕاسپێردراوم یارمەتیت بدەم و هەر جۆرە هاوکارییەکت پێویست بێت پێشکەشتبکەم تا بتوانیت بە باشترین و ئاسانترین شێوە بمریت. لە بەرامبەر ئەوەشدا چەند ساڵێک لە سزاکەم کەم دەبێتەوە.

مستەفا: بەڵام تۆ کاری واناکەیت، وا نییە؟

جەمیلە: «بە توڕەیی» ئەگەر زوو خۆت هەڵبواسیت، زوو گوللەیەک بنێیت بەسەری خۆتەوە، خۆت فڕێبدەیتە ژێر بارهەڵگرێکی گەورەوە. ئەوە لە کۆڵی من دەکەیتەوە.

مستەفا: جەمیلە تۆ دەزانیت ئەوە ئاسان نییە، بە تایبەت من هیچ هەستێکم بە گوناهـ نییە، دەمەوێت هەموو شت زوو تێپەڕێت، زوو کۆتایی بەم شانۆگەرییە بێت، بەڵام گەر بزانم تۆش پەلەتە زوو بمرم، یان بزانم تۆ کۆمەکمدەکەیت خۆم بکوژم، ئازارەکانم زیاتر دەبن. تۆ خۆشەویستی منیت ... تۆ هاوسەری منیت ... لە قووڵایی ناختدا دەبێت حەزت بەوە بێت بژیم.

جەمیلە: تۆ خۆت ناتەوێت بژیت، بۆ دەبێت من بمەوێت بژیت. ها، من بۆ؟ بۆ بەوجۆرە تاقیمدەکەیتەوە؟ ئەوە سەردەمانێکی دی بوو، تۆ خۆت دەزانیت ئێستا هاوسەرێکی وەفادار نیم.

مستەفا: جەمیلە بەسە، تۆ لە من باشتر دەزانیت گوناهێکت نەکردوە. دڵنیام هەموو ژیانت هاوسەرێکی بەوەفا بوویت.

جەمیلە: بەداخەوە وا نییە. مستەفا تا ئەو کاتەی لای قۆمیسەرەکانیش گووتم خیانەتم لێ کردویت، هاوسەرێکی پاک بووم. بەڵام ئێستا چیتر ئەو ژنە داوێن پاکەی جاران نیم.

مستەفا: ڕاست نییە جەمیلە، ناتوانم باوەڕبکەم.

جەمیلە: چۆن تۆ ناتوانیت بە باری تاوانێکەوە بژیت کە تاوانی تۆ نییە، منیش وام. بۆئەوەی بتوانم هەستی ژنێکی خیانەتکارم هەبێت دەبایە ببمە ژنێکی خیانەتکار. چۆن تۆ ناتوانیت ڕۆڵەکەی خۆت باش ببینیت، منیش ناتوانم.

مستەفا: وای خودایە، کەوتوینەتە دۆخێکەوە، کەسمان ڕاست و درۆمان بۆ جیاناکرێتەوە.

جەمیلە: وایە، بەڵێ وایە. لەسەر تاوانگەلێک نەمان کردون سزا دەخۆین و لەسەر گوناهە ڕاستەقینەکانمان پاداشت وەردەگرین.

مستەفا: دڵنیام جەمیلە جارێکی تر هیچ یەک لە ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست ناکەوێت: ئێمە گوناهبارین یان بێگوناهـ؟

جەمیلە: پێم بڵێ مستەفا، تۆ خۆت دەتوانیت فەرمانی مردنی خۆت جێبەجێ بکەیت یاخود نا؟.

مستەفا: من نە تاوانێکم کردوە و نە مردنیشم وەک سزا هەڵبژاردوە.

جەمیلە: مستەفا تۆ لە من باشتر دەزانیت، گەر قۆمیسەرەکان گوێیان لەم قسەیە بێت، دەتگێڕنەوە بۆ زیندان و دەبێت چیت کردوە دووبارە لە سەرەتاوە دووبارەیبکەیتەوە.

مستەفا: مردن باشترین ڕێگای هەڵهاتنە، هیچ کەسێک ناتوانێت دوام بکەوێت.

جەمیلە: هەمیشە پیاوێکی ترسنۆک بوویت. سەیری من بکە. هەر تەنیا باری گوناهی خۆمم هەڵنەگرت، بەڵکو بە خۆشحاڵیشەوە بووم بە

گوناهبـار. ناکرێـت هێنده ترسنۆک بیت هەتا گوناهێکیشـت نەبێت. ڕاسـتییەک هەیـە دەمەوێـت پێتبڵێم، ڕاسـتییەک تازە درکـم پێکردوە، هـەم پیاوانـی ئـەم شـارە حەزیان بـە ژنی گوناهـکارە، هـەم ژنەکانی حەزیـان بـە پیـاوی گوناهـکارە. مـن و تـۆ تـا ئێسـتا وەک دوو گەمژە لـەم شـارەدا ژیاوین.

مسـتەفا: مـن مردنـم وەک سـزا هەڵنەبژاردوە، مـردن بڕیـارە. نامەوێت هەموو ژیانـم دابنیشـم و تەماشـای ئـەوە بکـەم تـۆ چ گوناهێـک دەکەیـت، دراوسـێکەمان چ گوناهێـک دەکات، منداڵەکانـم فێربکـەم چـۆن لـە قەفەزەکـەدا بـاش بژیـن، خـۆم خەریکـی جوانکـردن و ڕازاندنـەوەی قەفەزەکـەی خـۆم بـم. ڕەنگـە هەمـوو خەڵکـی تـر بتوانـن بـبن بـە پاسـەوان بەسـەر یەکـەوە بـەڵام مـن نا.

جەمیلـە: بـەڵام تـۆ لەبـەردەم قۆمیسـەرەکاندا گووتـت، مـن شـاهیدم ژنەکـەم ناپاکیـی بەرامبـەر کردوم، سـوێندت خوارد منت لەگـەڵ پیاوێکی تردا لـە نـاو جێـگادا بینیـوە... هیـچ نەبێت لە بـەردەم مندا خـۆت وا پاک دەرمەخە.

مسـتەفا: وامدەزانـی دەتوانـم خـۆم و خـۆت ڕزگاربکـەم. بـەڵام ئـەم یارییـە کۆتایـی نییـە، وامدەزانـی وەک زیندانییەکانـی تـر چەنـد سـاڵێک لە بەندیخانەیەکـدا دەبـم و دێمـە دەرێ، بـەڵام ئـەم جـۆرە لـە زیندان سـەختترە لـەوەی بتوانم تیا بژیـم. گوناهباربیت شـتێکە و دڕندەبیت شـتێکی ترە.

جەمیلـە: مسـتەفا گـەر تـۆ نەتوانیـت سـزاکەی خـۆت جێبەجێبکەیـت. مـن ناچاردەبـم ئـەو کارە بکـەم. ئێمـەی هاوڵاتی بەرپرسـین بەرامبەر بە یـەک. تـۆ بـە ئیـرادەی ئـازادی خـۆت ئـەو بڕیـارەت داوە، پێویسـتە کۆمەکتبکەیـن بـەو ئازادییـە وەفاداربیـت. ئیتر ئـەوە نـاو مەنێ دڕندەیـی.

مستەفا: «باوەش بە جەمیلەدا دەکات» پێم بڵێ جەمیلە گەر من بکوژێت، هەست بە گوناه دەکەیت؟ مەبەستم هەستی ڕاستەقینەی گوناهە، هەستی ڕاستەقینەی مرۆڤێک کاتێک ناهەقییەک بەرابەر مرۆڤێکی تر دەکات؟

جەمیلە: «خۆی ڕادەپسکێنێت» نا مستەفا. گوناه تەنیا ئەو شتەیە قۆمیسەرەکان بە گوناه دەینوسن. ئێمە تەنیا ئەوەندەمان هەستی گوناه پێویستە کە قۆمیسەرەکان دەیانەوێت. ئەوان بە ڕاستی خەڵکێکی باشن، داوا لە کەس ناکەن خۆی لە ژێر باری گوناهەکانیدا تێکبشکێنێت. کێشەکە لە تۆدایە، تۆیت هەست بە گوناه ناکەیت، هەستدەکەیت لە زەلکاوێکی گەورەدایت ر خۆت تەنیا کەسی بێگەرد و پاکیت. ئێستاش مردنی خۆت وەک جۆرێک لە یاخیبوون، جۆرێک لە شۆڕش سەیردەکەیت. دەبێت سوپاسی خودا بکەیت کە من خەبەرت لێنادەم. ئەوەی تۆ هەڵتبژاردوە یاخیبوونە نەوەک مردن. چی دەبوو تۆش وەک ئێمەت بکردایە، هەست بە گوناهی خۆت بکەیت، سزای خۆت وەربگریت، ئاسایی بژیت، بێیت و بڕۆیت، گەر گوناهێکت بینی قۆمیسەرەکان ئاگاداربکەیتەوە، خۆت جارجار داوای بەخشش و لێبوردن بکەیت، زوو زوو بیسەلمێنیت حوکمی خۆت بە جوانی بەڕێدەکەیت، بیر لە یاخیبوون نەکەیتەوە، بیر لەوە نەکەیتەوە خەڵک بخەیتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی گوناهیان نییە، ئازادیی خۆت خراپ بەکارنەهێنیت، پەشێویی کۆمەڵایەتی دروست نەکەیت. نەڵێیت ئەوانە گوناهبارن و من بێگوناهم، منداڵەکانت وەک هەموو باوکێکی دڵسۆز وا پەروەردەبکەیت هەستبکەن قەرزاری دەوڵەت و نیشتیمانن... ها قورسە وابکەیت؟ قورسە؟ لە کاتێکدا هەموو خەڵک ئەوە دەکەن و تۆ ناتوانیت. چی دەبوو ئەگەر تۆ مێردێکی کەللەڕەق نەبایتایە و بە ئەندازەی پێویست،

بـە قـەد ئـەوەی ژیـان پێویسـتی پێیەتـی، بە بـڕی ئـەوەی دەوڵەت دیاریـدەکات سـزای خـۆت بدەیـت.

مسـتەفا: جەمیلـە، کاتێـک بردیانمـە نـاو زیندانییەکانـی تـر بـۆ ئـەوەی بیـر لـە سـزایەکی گونجاوبکەمـەوە، دەمزانـی هەمـوو بێتاوانـن، ئـەوەی لـە هەر شـت زیاتر ئازاریدام، توانای بێگوناهەکانە لەسـەر هەسـتکردن بـە تاوانێـک نەیانکردوە.

جەمیلـە: مـرۆڤ لـە ئـادەم و حـەواوە لەسـەر تاوانێـک سـزا دەدرێـت کـە نەیکـردوە، قۆمیسـەرەکان تەنیـا ئەوەمان بیردەخەنەوە کە هەمیشـە هەبـووە. ئیـتر بـۆ شـتەکانت بـەو جـۆرە سـەخت وەرگـرت. هەمـوو شـتێک ئاسـاییە، ئاسـاییە وەک هـەر ڕۆژێکـی ئاسـایی ژیـان. بـەڵام ئێسـتا کـە تۆ دەتەوێت بـە پاکی بمریت، هەوڵبـدە خۆت حوکمەکەی خـۆت جێبەجێبکەیـت.

مسـتەفا: هێشـتا چەنـد مانگێـک کاتم هەیـە. هیـوادارم بتوانم. لەو سـاتەوەی زانیومە دەبێت خۆم سـزاکەم جێبەجێبکەم لەخۆم دەپرسـم: مسـتەفا دەتوانیـت؟ کاری وا لـە سـنووری هێـز و تاقەتی تـۆ گەورەتر نییە؟

جەمیلـە: ئێسـتا دەبێـت بـڕۆم. تـۆ بیرێکـی بـاش بکـەرەوە، کاتێـک سـزاکەی خۆشـت جێبەجێبکـرد بـا ئاگاداربم، نامەوێـت منداڵـەکان باوکیان بە مردویـی ببینـن، دەبێت بەر لەوەی ئـەوان دیمەنەکـە ببینن جێگاکە پاکبکەمـەوە. متیلێـک بـدەم بـە مەیتەکەتـدا، بچـم بـۆ لای کابـرای میدیاکاریـش حیکایەتێکـی گونجـاوم بداتـێ بیگێڕمـەوە بـۆ منداڵـەکان.

مسـتەفا: ئـاە جەمیلـە. هەرچـی بیردەکەمـەوە دەسـتم ناچێتـە خـۆم. هەرچی بیردەکەمـەوە دەسـتم ناچێتـە خـۆم.

## دیمەنی شازدەهەم

«قۆمیسەر، پیاوی ئایین، جەمیلە و مستەفا لە ماڵی مستەفا دانیشتوون. مێزەکە وەک سفرەی هەر میوانداریییەکی ئاسایی بە چا و کێک و میوە ڕازاوەتەوە».

قۆمیسەر: «دەست بە ورگیدا دەهێنێت» زۆرمان خوارد. زۆر زۆر. ڕاستی بۆ خواردن نەهاتبووین. بەڵام جەمیلە خان دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم خانمێکی دەست ڕەنگینیت.

جەمیلە: هیچ شتێکمان نەکردوە جەنابی قۆمیسەر. هەرچی بکەین ناتوانین قەرزی ئێوە بدەینەوە.

قۆمیسەر: ڕاستی ئێمەش هەر بۆ بابەتی قەرز هاتووین. بەڕێز مستەفا خۆت دەزانیت هەموو بەبێ سەبر چاوەڕوانی ئەوەین ئێوە سزاکەی سەر خۆتان جێبەجێبکەن. سزایەک ئێوە بە ئیرادەی ئازادی خۆتان هەڵتانبژارد.

پیاوی ئایین: گەرچی هەمووان پێشنیاری حوکمی سووکتریان بۆ کردن.

قۆمیسەر: لە هەیئەتی قۆمیسەرانەوە ڕاسپێردراوم بێم و بیرت بخەمەوە، هێدی هێدی ماوەکەت بەسەر دەچێت.

پیاوی ئایین: گەر خۆت دەستت ناچێتە خۆت، ڕێگای تر هەیە بیگرینە بەر، دەتوانین بە ڕێگایەکی شەرعی و یاسایی کۆمەکت پێشکەشبکەین.

قۆمیسەر: لەم جۆرە حاڵانەدا خەڵکانێک هەن ناوی خۆیان دەنوسن تا ئەگەر کەسێک دەستی نەچێتە گیانی خۆی کۆمەکیبکەن، یاخود

بـە هـەر شـێوەیەکی تـر بێـت سـزاکەی بگەێننـە کۆتایی.

پیاوی ئایین: خانم خواردنێکی زۆر بە تام بوو.

جەمیلـە: نۆشـی گیانـت بێـت، جەنابـی خودانـاس. لـە خـودا داواکارم خواردنەکـەت بـە نوێـژ و تاعـەت بـۆ حیسـاب بێـت.

قۆمیسـەر: بەڕێـز مسـتەفا دەبێـت کاتێـک دەگەڕێمـەوە بـەردەم ئەنجومەنی قۆمیسـەران، قسـەیەکی ڕوونـم لـە ئێوەوە پـێ بێت، هیـوادارم ڕای خۆتـم بـۆ بەیانبکەیـت، تـا بیگەێنمـەوە بـە بـرا و خوشـکەکانم لـە ئەنجومەن.

مسـتەفا: ئـاه جەنابـی قۆمیسـەر، هەمـوو شـتێک بـاش دەبێـت، بەڕێـزان لـە هەیئەتـی ناوبـراو دڵنیابکەنـەوە، لـە منـەوە پێیـان بڵـێ بەرلـەوەی وادەی خـۆی بەسـەربچێت، مسـتەفا لاشـەی خۆیتـان ڕادەسـتدەکات.

جەمیلـە: بەڕێـز قۆمیسـەر، دڵنیابـە. هێشـتا چەنـد ڕۆژێکـی مـاوە بـۆ دوا مۆڵـەت. مـن و دۆستەکەشـم، کـە بڕیـارە دواتـر زەماوەندبکەیـن هەمـوو کۆمەکێـک بـە مسـتەفای ئازیز دەکەیـن. لـەو ڕووەوە هیچ درێغییـەک ناکەیـن. دڵ ڕاحـەت و ئەرخەیـان بـە.

مسـتەفا: بـەڵام بەڕێـز جەنابـی قۆمیسـەر، پرسـیارێک لـە دڵمدایـە دەمەوێـت ئاڕاسـتەی بەڕێزتانـی بکـەم.

قۆمیسـەر: بێگومـان، بێگومـان... فەرموو. بە خۆشـحاڵییەوە ئامادەم بۆ هەموو پرسیارێک.

مسـتەفا: وەک ئێـوە ئاگاداربـن، ئەوانـەی وەک مـن لـە جێبەجێکردنـی سزای خۆیانـدا دوودڵـی دەکـەن زۆرن یان کەم؟ ئاخۆ مـن دۆخێکی ناوازەم یـان کەسانی لە چەشـنی مـن هەن؟

قۆمیسـەر: بەڵـێ ئەوانـەی سـزای مـەرگ بـۆ خۆیـان هەڵدەبژێـرن، هەمیشـە

لـە جێبەجێکردنـی سـزاکەدا خاوەخاوەدەکـەن. بۆیە لـە ئەنجومەنی قۆمیسـەران دەرفەتمـان ڕەخسـاند کەسـانێکی تـر بێـن و بتوانـن کۆمەکتـان پێبکـەن. ئەمـە دوو سـوودی هەیە، یەکەمیـان هەندێک دەیانەوێـت هەسـتی گوناهبـاری لـە خۆیانـدا قووڵبکەنـەوە بێنـەوەی سـزای زۆرتـر وەربگـرن. بەوجـۆرە لـە کوشـتنی کەسـێکدا بەشـداردەبن و کارەکـەش بـە گوناهـ بۆیان حیسـاب ناکرێت، بەڵام ڕۆح و ویژدانیـان وەهـا بـە بـاری گوناهـ قورس و سـەنگین دەبێت، دواتـر هەمیشـە هەسـتدەکەن تاوانبـارن و سـزاکەی سـەر خۆیـان وەک هـەق و عەدالـەت دەبینـن.

پیـاوی ئاییـن: بـۆ نمونـە مـن لـە جێبەجێکردنـی زۆربـەی سـزاکانی مەرگـدا بەشـداریدەکەم، بـەو کارەش ویژدانـی خـۆم بـە بارێکـی سـەنگین و قـورس باردەکـەم، دواتـر بـە جۆرێـک هەسـتی گوناهـ دامدەگرێـت بـە شـەوق و سـۆزێکی بێبنـەوە لەخـودا دەپاڕێمـەوە بمبورێـت.

مستەفا: ئەی سودی دووەم چییە، جەنابی قۆمیسەر.

قۆمیسـەر: سـوودەکەی ئەوەیە، هاوڵاتی هەسـتدەکات جێبەجێکردنی سزاکان پەیوەندیـی تەنیـا بـە خۆیـەوە هەیـە. ئێمـەی دەوڵەت تەنیـا دوور بـە دوور چاودێریدەکەیـن، بێئـەوەی دەسـت لـە هیـچ وەردەیـن، لـە کاتـی پێویستیشـدا گـەر هاوڵاتییان ناچاربـوون داوای کۆمـەک بکـەن، ئێمـە هـاوکار دەبین.

مسـتەفا: بێگومـان... بێگومـان. کۆمەکـی ئێـوە شایسـتەی سوپاسـگوزاری و ستایشـە.

جەمیلـە: جەنابـی قۆمیسـەر، دەڵێـم ئاخـۆ ئەوانـەی نـاوی خۆیـان نوسـیوە کۆمـەک بـە مسـتەفا بکـەن زۆرن؟

قۆمیسەر: بەڵێ جەمیلە خان، ڕاستی ژمارەی ئەوانەی ئامادەن یارمەتیی بەڕێز مستەفا بدەن، جێگای سەرسوڕمانی هەموومان بوو. زۆربەی هاوڕێ کۆنەکانی، زۆربەی دراوسێکانتان، خزمەکانتان، پیاوان و ژنانی دراوسێتان، فەرمانبەرانی هاوڕێی لەسەر کار، هەموو ناوی خۆیان نوسیوە کۆمەک بە بەڕێز مستەفا بکەن، تا سزاکەی سەر خۆی جێبەجێبکات.

مستەفا: سەیرە، سەیرە من هیچ کات لە خواستی چاکە و لە ئارەزووی باش زیاتر خراپەیەکم بۆ دەوروبەری خۆم نەبووە. بۆ دەیانەوێت بەشداریی کوشتنەکەم بکەن؟

قۆمیسەر: وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر ئاسانە. هەر کات تاوانێک هەبێت سزای لەسەر نەبێت هەمووان ئامادەن بەخۆشحاڵییەوە تیا بەشداربن.

مستەفا: بەڵام جەنابی قۆمیسەر من یەک جار دەتوانم بمرم. بۆ جێبەجێکردنی سزاکەش لە یەک کەس زیاتر و لە چەکێکی ئاسایی بەولاوە هیچی ترمان ناوێت.

پیاوی ئایین: چ پیاوێکی کەللەڕەقی بەڕێز مستەفا... چ پیاوێکی کەللەڕەقی.

مستەفا: بۆ؟

پیاوی ئایین: هەتا لە جێبەجێکردنی سزاکەشتدا ناتەوێت خەڵک سوودمەند بێت.

قۆمیسەر: بەڕێز جەنابی خوداناس. تکایە ... تکایە. هاوڵاتی دەبێت ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی چۆنێتیی جێبەجێکردنی سزاکەی خۆیدا.

پیاوی ئایین: ببورن جەنابی قۆمیسەر، هەق بە ئێوەیە.

قۆمیسەر: یاسا یاسایە.

جەمیلە: نا جەنابی پیاوی خودا، مێردەکەم کە لە داهاتوویەکی زۆر زۆر

نزیکدا دەبێت بە «مێردی پێشووم»، هەمیشە حەزی بە سوودی خەڵک بووە.

قۆمیسەر: لەو باوەڕەدام جەنابی پیاوی ئایین و ئیمان بە حوکمی ئەزموون و شارەزاییەکی دوورودرێژ دەزانێت چۆن وابکات زۆرترین کەس لە جێبەجێکردنی سزاکەدا بەشداربن، بێئەوەی پێویست بەوە بکات جەنابتان چەند جارێک بکوژرێن.

پیاوی ئایین: ئەوە لەو ڕووەوە من شارەزاییەکی باشم کۆکردۆتەوە، ڕەنگە هۆکەی ئەوە بێت لە جێبەجێکردنی زۆر سزای مەرگدا بەشداربووم. من شتەکە وەک فەرمانێکی خودایی و ئەرکێکی ڕۆحی سەیردەکەم. بێگوناهان جێگایان دۆزەخە، چونکە وادەزانن پێویستیان بەوە نییە لە خودا بپاڕێنەوە.

مستەفا: ئەزموونی ئێوە لەو بارەیەوە چی دەڵێت؟ دەکرێت لەو ڕووەوە ڕێنماییەکی ڕوونم بکەن.

پیاوی ئایین: ئەگەر جەنابی قۆمیسەر ڕێگام بدات، من لە خزمەتتاندام.

قۆمیسەر: «دەست دەبات میوەیەک لە سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و پاکی دەکات» فەرموو، فەرموو. ئێمە هیچ لارییەکمان لەوە نییە هاوڵاتییان زانیاریی پێوستیان لە بەردەستدا بێت.

پیاوی ئایین: هەر جار سزایەکی مەرگ دێتە پێشێ و تاوانبار دەستی ناچێتە خۆی، کە هەڵبەت ئەوەش شتێکی سروشتییە، چونکە ڕۆح شیرینە، ژمارەیەکی زۆر بۆ کۆمەککردن خۆیان ناونوسدەکەن. ئێمە لە دەزگاکەی خۆمان هەوڵدەدەین تێبگەین چەند کەس ئارەزوویان لەوە هەیە بەشداریی ئەم جۆرە سزایە بکەن. تا ژمارەکە زیاتر بێت ئێمە دڵخۆشتر دەبین، چونکە ئاشکرایە هاوڵاتیان دەیانەوێت هەست بە گوناهـ لە یادنەکەن و لەسەر خەتی ڕاست و دروستی هاوڵاتی بوون بمێننەوە.

مستەفا: بەڵێ... بەڵێ جەنابی ئیماندار. بەڵێ. تێگەیشتم، من پرسیارەکەم شتێکی تر بوو.

**«لەو کاتەدا جەمیلە دێت و هێشوویەک ترێ دەداتە دەست پیاوی ئایین»**

جەمیلە: بەڕێزی لە خوداترس شتێک لەم ترێ جوانە بخۆ.

پیاوی ئایین: «ترێکە وەردەگرێت و بەردەوام سەیری مستەفا دەکات» بێگومان. هەر ویستم وردتر بۆت ڕوونبکەمەوە. دەبێت دواجار بزانیت بۆ کەسانێکی زۆر دەیانەوێت لە سزادانی ئێوەدا بەشداربن. شتەکە بە شەخسی وەرمەگرە، زۆربەیان کێشەیەکی تایبەتییان لەگەڵ تۆدا نییە. چەند ڕێگایەک هەیە و دەبێت ئێوە یەکێکیان هەڵبژێرن. دەتەوێت بە چ ڕێگایەک بمریت، ئەوە پرسیارەکەیە؟ ... هەم، هەم، ترێیەکی نایابە جەمیلە خان، دەستخۆش.

مستەفا: بەڵێ. من پیاوێکی ترسنۆکم، دەمەوێت کەمترین ئازارم هەبێت، باشترە هەموو شت بە خێرایی تێپەڕێت.

قۆمیسەر: هەر لێرەوەیە دەوڵەت ئەو مافەی داویتێ خۆت هەڵیبژێریت بە چ ڕێگایەک دەتەوێت بمریت. چ وڵاتێکی ئازادمان هەیە. بەهـ بەهـ خۆت گوناهی خۆت هەڵدەبژێریت، خۆت شاهیدی سەر خۆت هەڵدەبژێریت، خۆت سزای خۆت دیاریدەکەیت، خۆت چۆنێتیی جێبەجێکردنی سزاکە دەستنیشاندەکەیت. برای هاوڵاتیم، مستەفا . بەختەوەر بە... بەختەوەر بە. من بم لە ناخی دڵەوە هەست بە ئازادی و شادومانی دەکەم.

مستەفا: بەڵێ جەنابی قۆمیسەر لە ناخی دڵەوە هەست بە بەختەوەری دەکەم.

پیاوی ئایین: بەوەدا دەتەوێت کەمترین ئازارت هەبێت، باشترە لە ڕێگای خواردنی دەرمانی زۆرەوە کۆتایی بە هەموو شتێک بێت. هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بەشداربن یەکی کەمێک دەرمانی خەو دەکەنە دۆلکەیەک ئاوەوە و تۆش دەیخۆیتەوە. وادەزانم جەمیلە خان تۆ دەتەوێت یەکەم کەس بیت ئەو کارە بکەیت.

جەمیلە: خۆم و سەعیدی هاوسەری داهاتووم، بەڵێ لە هەر کەس زیاتر دەمانەوێت کۆمەک بە مستەفای ئازیز بکەین.

پیاوی ئایین: خەڵکانێکم بینیوە پێیان خۆش بووە بە شێوازی یۆلیۆس قەیسەر بمرن، هەر یەکە و توند خەنجەرێکی لێبدەن، ئەویش هوشیار سەیریان بکات و لە ڕوخساریان ڕابمێنێت ساتێک خەنجەرەکان دەوەشێنن. بەڵێ زۆربەی ئەوانەی سزای مەرگ هەڵدەبژێرن، پێیان خۆشە زۆر بەو ئازارەوە بمێننەوە. جارێکیان وارێکەوت کۆمەککارانی بەستەزمان دەبوو دووجار توند خەنجەر لە تاوانبارەکە بدەن تا ڕۆحی دەرچوو، هەندێک ڕۆح هەیە هێندە گوناهی زۆرە، هێندە لەودونیا دەترسێت نایەوێت لە جەستە دووربکەوێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ لای باری تەعالا.

مستەفا: نا نا، جەنابی ڕۆحانی ئەوە لە بیربکە. جەمیلە قەبووڵی ناکات ماڵەکە پیس ببێت.

پیاوی ئایین: شێوازێکی تر ئەوەیە بچینە سەر دەریاچەیەک و بە پەلبەستکراوی بتخەینە تۆڕێکەوە و هەموو کۆمەککاران پێکەوە تۆڕەکە دابگرینە ناو ئاوی دەریاچەکە تا دەخنکێیت.

مستەفا: نا هەرچی پەیوەندیی بە خنکان و سووتانەوەیە لە بیرببکە.

ئەوەی ژەهرێکی خێرا یان دەرمانێکی خەوی زۆر بخۆم ڕەنگە باشترین جۆری مردن بێت.

جەمیلە: ئاه مستەفا گیان، کاتێک بۆ دواجار دەخەویت چەند جوان دەبیت. بە سەعید دەڵێم، کامێراکەی بهێنێت.

پیاوی ئایین: جەنابی قۆمیسەر خۆ گوێت لێ بوو، وادەزانم ئێستا گەیشتینە شتێک، ئێوە دەتوانن لە ڕاپۆرتەکەتاندا بینوسن و دوودڵیی ئەندامانی ئەنجومەن هێوربکەنەوە.

قۆمیسەر: هێندە هەیە دەبێت بەڕێز مستەفا ئیشەکە زۆر دوانەخات. وەک گووتمان، گەر دەستت ناچێتە خۆت ئاگادارمان بکەرەوە، خەڵکێکی زۆر خۆیان ناونوسکردوە.

مستەفا: هەموو شت بە پێی ئارەزووی ئێوە دەبێت... هەموو شت، خەیاڵتان ڕەحەت بێت جەنابی قۆمیسەر.

پیاوی ئایین: «هەڵدەستن بڕۆن» پێویستە ئێستا ماڵاواییتان لێ بکەین، دەبێت بچین بە سەروکاری ژنێکی زیندانییەوە کە نازانێت ماوەی سزاکەی خۆی چۆن بباتەسەر، دڵنیام ئەویش سفرە و خوانێکی جوانی ڕازاندۆتەوە.

قۆمیسەر: بێگومان. بێگومان. بەڕێز مستەفا، ئەگەر هەموو شت باش بڕوات بەڕێوە، زوو ئەم چیرۆکەش وەک زۆر چیرۆکی تر لەبیردەکەین. «دەست دەخاتە سەر شانی مستەفا» برای هاوڵاتیم، بەهێزبە و بڕوات بە خۆت بێت، لە بڕوا و ئازادی خۆت لامەدە، دڵنیابە ئێمە ئامادەین بۆ هەموو یارمەتییەک.

پیاوی ئایین: چیمان لەدەست بێت بۆ ئاسوودەیی ڕۆحی ئێوە بێ دوولی ئەنجامیدەدەین. ئێستاش لای ئێوەمان خۆش.

جەمیلە: چ خۆشحاڵم بەڕێزان، سفرە و نانی ئێمەتان قەبووڵکرد. لە ئەمانەتی خودادا بن.

مستەفا: ڕۆژێکی خۆشتان هەبێت بەڕێزان، شەوێکی خۆشتریش بە دوایدا.

قۆمیسەر: بۆ ئێوەش هەروەها.

**«قۆمیسەر و پیاوی ئایین دەچنە دەرەوەی شانۆ . مستەفا و جەمیلە ماوەیەک بەرامبەر یەک دەوەستن و سەیری یەک دەکەن».**

## دیمەنی حەڤدەهەم

«ژمارەیەک خەڵک کە لەسەروو دە کەسەوەن، ژن و پیاو تێکەڵن لەسەر شانۆن، مێزێک لە ناوەڕاستی شانۆکەدایە و تەنیا سوراحییەکی شوشەی پڕ لە ئاوی لەسەرە. مستەفا لەسەر تەختەخەوێک دانیشتووە و لە نزیک جێگاکەیەوە پیاوی ئایین لەسەر کورسییەک پاڵیداوەتەوە. جەمیلە و پیاوێک بە کامێرایەکەوە لە نزیک مستەفاوە وەستاون، جەلیلیش لە نزیک مێزەکەوە وەستاوە».

پیاوی ئایین: ببینە... ببینە هاوڕێم، چەند خەڵکی دڵسۆز هاتوون بۆ کۆمەکت.

جەلیل: من هەر بیستم کاری تۆ گەیشتۆتە ئەم کۆتاییە هەستم بە ئازارێکی قووڵ کرد. گووتم دەبێت چیم لە دەست دێت بۆی بکەم.

مستەفا: «هەڵدەستێت» سوپاستاندەکەم. ڕاستی منیش هەستمکرد دەتوانم کۆمەکێکتان پێبکەم. هیوادارم دوای بەشداریتان لەم کارەدا وەک پێویست هەستێکی ڕاستەقینەی گوناهـ لە ناختاندا سەوزببێت. من خۆم دەمتوانی ژەهرەکە بکەمە پەرداخێکەوە و بیخۆمەوە، بەڵام دڵنیام ئێوەش پێویستتان بەوەیە لە دڵەوە هەست بە گوناهـ بکەن. ڕاستی جەنابی بەڕێز جەلیل، خۆشحاڵم هاتوویت سەیرم بکەیت چۆن دەمرم، زۆر سوپاستدەکەم. هەستدەکەم تۆش پێویستت بەوەیە شایەنی ئەو سزایە بیت ڕۆژانە وەک بارێکی قورس لەسەر ئەستۆی خۆت هەڵیدەگریت. بەوەدا هەر یەکەمان سزای خۆی وەرگرتووە، کارێکی جوانە تاوانێکی شایستەشی بۆ دروستبکەین... من مستەفا ئەو هەستەتان پێشکەشدەکەم کە شایستەی سزای خۆتانن.

جەلیل: «بە چرپەوە بۆ مستەفا» ئەوەی بێ هیچ گوناهێک دەبێت ئەو هەموو ساڵە وەک تاوانبار بژیم، تورەمدەکات. سوپاس،

سوپاسـتدەکەم  ئـەم دەرفەتـەم پێدەدەیـت، لایەنیکـەم بڵێـم لـە کوشـتنی کەسـێکی بێتاوانـدا بەشـداربووم. ئـەو چاکەیـەت لـە بیر ناکـەم.

مسـتەفا: «بـۆ جەمیلـە» وا نییـە ژنـە ئازیزەکەم؟ تۆش پێویسـتت بـە گوناهێکە تـا لـە ژێـر بـاری بێگوناهـی ڕزگارت بێـت. بێگوناهـی جەهەنەمە... وانییە؟

پیـاوی ئاییـن: نـا، نـا. بەڕێـز مسـتەفا، شـتەکە بەوجـۆرە نییـە، وەک ئـەوەی گوناهــ لـە دوای سـزا بێـت. مەسـەلەکە تەنیـا تیـن و برەودانـە بـە هەسـتی گوناهبـاری، کـە هەموومـان پێویسـتیمان پێیەتـی.

مسـتەفا: سـەیرکە جەنابی خوداناس ... سـەیرکە. مامۆسـتا سـەعید، ئەو پیاوەی بـە حیسـاب دۆسـتی ژنەکـەی مـن بـووە، دەشـبێت بـە مێـردی داهاتـووی خاتـوو جەمیلـە، ماوەیەکی کورتی تر دێتە ئـەم ماڵەوە و لـە بـری مـن دەبێتـە باوکـی منداڵەکانم، ئـەو لەبری مـن منداڵەکانم گەورەدەکات. سـەیرکە، کامێراکەشـی هێناوە تا دوا چرکەکانی ژیانی مـن بـۆ هەتاهەتایـە تۆماربـکات. لـەوەدا لەسـەر هەقـە، ئەرشـیفی خانـەوادە شـتێکی موقەدەسـە. وانییـە جەنابی مامۆسـتا سـەعید؟

مامۆستا سەعید: بەڵێ ئەرشیفی خانەوادە شتێکی موقەدەسە.

مسـتەفا: هەر بـەم کامێرایەش ماوەیەکـی تر زەماوەندی هاوسـەرگیریی خۆت و جەمیلە تۆماردەکەیت.

مامۆستا سەعید: کامێرایەکی باشە. نیازێکم نییە بەو زوانە بیگۆڕم.

پیـاوی ئاییـن: بەڕێـز مسـتەفا . وردە وردە کات دەڕوات. میوانێکـی زۆرمان هەیـە وەسـتاون و دەیانەوێـت کۆمەکـت پێبکـەن.

کۆمـەککاری یەکـەم: «سـەیری پارچەیـەک حـەب دەکات لـە مستی خۆیدا»

هیوادارم، ئەم دەرمانەی من دەیخەمە ئاوەکەوە کۆتاییەکی ئاسوودەت پێببەخشێت.

کۆمەککاری دووەم: ڕاستی سوپاستدەکەین ڕێگامان پێدەدەیت بەشداریبکەین لە سزادانتدا، ببورە بەرپرسان ناهێڵن جگە لە وشەی سزادان وشەیەکی تر بەکار بهێنین.

کۆمەککاری سێهەم: دوای تۆ دڵنیام هەست بە گوناهێکی گەورە دەکەم.

کۆمەککاری چوارەم: لەبەرئەوەی هەموو دەزانین تۆ کەسێکی باش بوویت. هەموو دەزانین شایستەی ئەم سزایە نیت.

مستەفا: ئوە هاوڕێیان، ناسیاوانی خۆشەویست. مەسەلەکە هەر ئەوەیە من دەستم ناچێتە خۆم، دەزانم دەبوو خۆم ئەو کارەبکەم، بەڵام لەوە ترسنۆکترم بتوانم بە تەنیا بمرم، بۆنەیەکی خۆشە لە ناو ئێوەدا ماڵاوایی بکەم.

پیاوی ئایین: بەڕێز مستەفا دەبێت دەست پێبکەین، پێویستە لەوە زیاتر کات بە فیڕۆ نەدەین.

مستەفا: کات؟ جەنابی خوداناس... کات؟ لە کەیەوە مردووەکان بیریان لە کات کردۆتەوە؟

پیاوی ئایین: قسەکەت دروستە، قسەکەت ڕاست و دروستە، بەڵام تا لە ناو ئێمەدایت یاساکانی هەر بەشەرێکی فانیت بەسەردا دەچەسپێت.

مستەفا: بەڵێ لەو ڕووەوە کەمێک دووربینی و قایمکارییم کردوە. هەر هەڵبژاردنی مەرگ خۆی جۆرێک بوو لە خۆپارێزی و مشوورخۆری.

جەلیل: هەستدەکەم ڕێگایەکی خێرا و ئاسانت هەڵبژاردوە. هەستدەکەم

بەم مردنە پتر خۆت لە سزا دەشاریتەوە تا ئەوەی جەزا وەربگریت و سزا بچێژیت.

مستەفا: ئەوە هاوڕێم جەلیل. خراپەیەکم بۆ تۆ نەبووە تا بەوجۆرە زمانی بەدم لێبدەیت.

پیاوی ئایین: بەڕێز جەمیلە خان، وابزانم تۆ دەتویست یەکەمین کەس بیت دەرمانە کوشندەکە بکەیتە ئاوەکەوە.

مستەفا: ئاە جەمیلە تکایە نا. تۆ دواهەمین کەس بە. تکایە، ئەوە دوا داخوازیی منە، با تۆ دواهەمین کەس بیت.

جەمیلە: پیاوێکی هێندە خۆپەرست مەبە. تۆ خۆت دەڕۆیت و ئیتر ناتبینینەوە، دوور نییە من ٥٠ساڵی تر بژیم، دەمەوێت گوناهێکی گەورەم هەبێت هەموو ژیان هاوڕێ و هاودەمم بێت. نامەوێت جارێکی تر قۆمیسەرەکان بمگرنەوە لەبەرئەوەی خۆم بە بێتاوان زانیوە... هەر دەکەومە ئەسارەت با لەبەر گوناهێکی ڕاستەقینە بێت. ئەگەر من یەکەم کەس بم، هەستدەکەم لەوانی تر زیاتر و زووتر تۆم کوشتوە. جگە لەوە وەک هەر ژنێکی بەدبەختی ئەم وڵاتە بە مافی خۆمی دەزانم، مێردی خۆم بکوژم.

جەلیل: دەم خۆش جەمیلە خان، هەموو بەدوای تاوانێکدا دەگەڕێین لەو هەستە پیس و نەفرەتییەی بێگوناهی ڕزگارمانبکات.

مستەفا: «نائومێد» کەواتە جەنابی ئیماندارى بەڕێز با دەست پێبکەین.

پیاوی ئایین: زۆرباشە با دەست پێبکەین، کەوایە تۆ جەمیلە خان یەکەم کەس بە، دوای تۆش هاوسەری داهاتووتان، تا لە خەیاڵی خۆتاندا تەواوی دیمەنەکە لە شانۆگەرییەک بچێت، ژنێک و دۆستەکەی، مێردێکی سەربار و خۆرکەئاسا ژەهرخواردەکەن و بەرێگای خۆیان بۆ ژیانێکی نوێ پاکدەکەنەوە. ئەوە

وادەکات هـەر جارێـک پێکـەوە دەچنـە نـاو جێـگا هەسـت بـە گوناهــ بکـەن. هەسـتێک هەم ئێمـە و هەم خوداش لـە ئێوەدا بـۆی دەگەڕێین.

**«جەمیلە دەرمانێک دەکاتە ناو ئاوەکەوە، سەعید لەو کاتەدا وێنەی دەگرێت. دواتر کامێراکە دەداتە دەست جەمیلە و خۆشی دەرمانەکە دەکاتە دۆلکەکەوە و جەمیلە وێنەی دەگرێت».**

پیاوی ئاییـن: دوای ئێـوە نۆبەتـی خۆمـە. دوای منیـش نۆبەتی بەڕێـز جەلیلە، ئەویـش هاوڕێـی زیندانـی تاوانبارەکەیـە و هەقـی خۆیەتـی لـە تەدارەکەکـەدا بەشـداربێت. «ڕوو دەکاتـە کۆمەککارەکانـی دی» دوای جەلیلیـش ئێـوەن، خۆتـان خۆتـان ڕێکبخـەن، گرنگ نییـە کـێ پێشـدەکەوێت و کـێ پاشـدەکەوێت، هـەر ئەوەیـە کەرەسـتەی سـزاکە بـە تـەواوی ئامادەبێـت. بەڕێـز مسـتەفا، دەتوانیـت ئێسـتا بچیتە سـەر جێگای خـۆت و کەمێک چاوەڕێ بکەیت.

**«مستەفا دەچێتە سەر تەختی خەوەکە و دادەنیشێت و بە ئارامییەوە سەیریاندەکات. پیاوی ئایین بەشە دەرمانی خۆی دەکاتە ئاوەکەوە و جەلیلیش بە دوایدا، دواتر ئەوانی دیکەش یەک لە دوای یەک ئەو کارە دەکەن. دواتر پیاوی ئایین بێدەنگ و بە ئاماژەیەکی دەست داوەتی مستەفا دەکات ئاوەکە بخواتەوە، ئەویش هەڵدەستێت و بێدەنگ هەموو ئاوەکە دەخواتەوە و دەگەڕێتەوە سەر جێگای خۆی... بە درێژایی دیمەنەکە سەعید ڤیدیۆ دەگرێت. وردە وردە هەموان لە دەوری تەختەخەوەکەی مستەفا کۆدەبنەوە».**

پیاوی ئاییـن: ئێسـتا کاتێتـی بـۆ هەمیشـە ماڵاوایـی لـە تـۆ بکەیـن و ڕۆحـت بـەرەو لای خـودای تەبارەک وە تەعـالا بەڕێبکەین. جگە لەوەی لـە خـودا بپاڕێینـەوە بـە ئیمانـدار قەبووڵتبـکات و بەهەشـتی

بەرینت پێببەخشێت، لە گوناهەکانت خۆشبێت و بەزەیی پێتدا بێتەوە هیچی دیمان لە دەست نایەت، خودا بتگەێنێتە شوێنێک دڵتی تێدا ئاسوودەبێت... هەموو بڵێن ئامین.

هەموو: ئامین.

مستەفا: «ڕادەکشێت و بە دەنگێکی کز دەڵێت» بەڕێزان، نامەیەکم بۆ منداڵەکانم نوسیوە، لە ژێر سەرینەکەمدایە، تکایە جەمیلە بۆ منداڵەکانی بخوێنەوە... تکایە.

**«مستەفا دوای تەواوکردنی ڕستەکە بە ماوەیەکی کەم چاوانی لێک دەنێت و دەمرێت. جەمیلە دەستدەبات لە ژێر بالیفەکەوە نامەیەک دەردەهێنێت، بەلام پیاوی ئایین بە هێمنی لە دەستی وەردەگرێت».**

## دیمەنی هەژدەهەم

«شوێن ماڵی جەمیلەیە. سێ منداڵ بە جلی پرسەوە لەگەڵ میدیاکاردا دانیشتوون، میدیاکار وا دەردەکەوێت وەک قسە بۆ منداڵەکان بکات. جەمیلە و سەعید دێنە ژوورێ»

جەمیلـە: زۆر سـوپاس بەڕێـز بـۆ ماندووبوونتـان. هیـوادارم منداڵـەکان نەبووبێتنـە مایـەی سەرئێشـە بۆتـان.

میدیاکار: بێگومان نا، خانم... بێگومان نا.

جەمیلـە: منـداڵان ئێسـتا کاتـی ئەوەیـە بڕۆنـە ژوورەکـەی خۆتـان و بیـر لـە قسـەکانی ئـەم پیـاوە بەڕێـزە بکەنـەوە کـە تـا ماوەیـەک زوو زوو سـەردانتان دەکات تـا لـە کۆچـی دوایـی باوکتـان تێدەگـەن و قەبوولیدەکـەن.

میدیـاکار: هیـچ شـتێکی وەهـام نەکـردوە خانـم. ئیشـی ئێمەیـە ڕۆحییەتـی مرۆڤـەکان بـۆ قەبووڵکردنـی واقـع ئامادەبکەیـن.

## «منداڵەکان بە غەمگینی و بێدەنگی شانۆکە چۆڵ دەکەن»

میدیـاکار: هێنـدە هەیـە دەبـوو لە بـری نامەکەی خـۆی، نامەیەکـی جیاوازیان بۆ دروسـتبکەم.

سەعید: بێگومان کارێکی باشت کردوە.

جەمیلە: بەڵام نامەکەی خۆی لە کوێیە؟

میدیـاکار: ڕاسـتییەکەی جەمیلـە خـان هـەر بەڕێـز پیـاوی ئاییـن نامەکـەی هێنایـەوە بـۆ دەزگا، هـەڵاو بەزمێکـی گـەورە دروسـتبوو. دەبـوو

نامەکە بسووتێنین و ونیبکەین. هەیئەتی قۆمیسەرەکان هەستیان بە مەترسییەکی زۆر کرد.

سەعید: نامەیەکی ترسناک بوو.

میدیاکار: بەڵێ، بەڵێ. لەوێدا نوسیبووی هیچ گوناهێکی نەکردوە، هەمیشە بێگوناه بووە، کتێبخانەکەی نە سووتاندوە. داواشی لە منداڵەکانی کردبوو، بێ هیچ هەستێک بە گوناه گەورەبن و نەترسن و بەرگری لە بێگوناهییان بکەن.

سەعید: بەڵێ، قسەی پڕوپوچی تریش.

میدیاکار: بەڵێ، نوسیبووی ئێمە هەموو بوونەوەری درۆزنین و ماسکێکی ساختەمان کردۆتە دەموچاومان.

سەعید: نوسیبووشی من درۆزنم، من هیچم لەگەڵ جەمیلەدا نەبووە، خۆشم نەویستوە و خۆشم ناوێت، مرۆڤێکم لە ترسی قۆمیسەرەکان دەمامکێکم کردۆتە سەرم و ڕۆڵێک نمایشدەکەم.

میدیاکار: دەربارەی تۆش جەمیلەخان هەمان بۆچوونی هەبوو.

جەمیل: کەواتە بە دڵێکی ئاسوودە و بێ هیچ هەستێک بە تاوان مردوە.

میدیاکار: بەڵێ، دەتوانین وا بڵێین. بۆیە قۆمیسەرەکان غەمگینن، ئەگەر بیانتوانییایە لە گۆڕ دەریاندەهێنا و زیندوویاندەکردەوە تا دووبارە هەوڵی لەگەڵدا بدەن، تا بە جۆرێکی هێمن و ئاشتیخوازانە بیروڕاو و بۆچوونەکانی بگۆڕن.

سەعید: بەجۆرێک لە جۆرەکان هەمووانی فریودا.

جەمیلە: «بۆ سەعید» تۆ بێدەنگ بە . ئەی بەڕێز تۆ چیت بە منداڵەکان گووت.

میدیاکار: بێگومان من دەبوو هەموو چیرۆکەکە پێچەوانە بکەمەوە، نامەیەکی تر بنوسم، حیکایەتێکی تر دابڕێژم. بە منداڵەکانم گووت، باوکتان گوناهێکی گەورەی کردوە، هەستێکی زۆری بە تاوان هەبووە، بەرگەی ئەو هەستەی نەگرتووە و ژەهرێکی خەستی خواردۆتەوە. بەڵام نابێت ڕقتان لە باوکتان بێت، هەموو کەس گوناهی خۆی هەیە، هەموو مرۆڤێک هەست بە گوناه دەکات، ئێوەش دەبێت بزانن لە ناختاندا گوناهبارێک هەیە. پێمگووتن هەم پزیشکە دەروونناسەکەمان و هەم پیاوی ئایین سەردانتان دەکەن و شتی زیاتر و وردترتان لەسەر خۆتان و باوکتان بۆ دەگێڕنەوە.

سەعید: خوا جەزاتان بداتەوە.

جەمیلە: بەڵێ دەبێت فێرین خۆیان بێگوناه نەبینن. شتێکی ترسناکە ... نا نامەوێت وەک باوکیان کۆتاییان بێت. مردنی پێ باشتر بوو لەوەی خۆی بە گوناهبار ببینێت. خۆی لە هەر شت لاگرنگتر بوو.

میدیاکار: مردنی هەڵبژارد بۆ ئەوەی نەهێڵێت تووشی ئازاری ویژدانی بکەین. بووە قوربانیی سەرسەختیی خۆی.

سەعید: بۆ دۆزەخ هەرچی بێگوناهە.

میدیاکار: بەڵێ لەگەڵتدام بۆ دۆزەخ هەرچی بێگوناهە.

جەمیلە: هەق بە تۆیە سەعید گیان، هەق بە تۆیە. بۆ دۆزەخ هەرچی بێگوناهە.

**کۆتایی**

مرۆڤ لە چیرۆکی ئادەم و حەوا وە تا ئەمڕۆ لە کێشەی گوناه و بێگوناهی ڕادەمێنێت. لە هەندێک لە تێکستەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرندا، مرۆڤ نازانێت لەسەرچی دادگایی دەکرێت، نازانێت تۆمەتەکەی چییە و کێن ئەوانەی دادگایی دەکەن، بەڵام مرۆڤ بەردەوام دەتوانێت بۆ بێگوناهیی خۆی بکۆشێت و هەوڵبدات «وەک لای کافکا دەیبینین». بەڵام لە دونیای مستەفا ڕێبەردا شتەکان تەواو بە پێچەوانەوەن، مرۆڤ دەبێت خۆی ئەندازیاری دادگایی خۆی بێت، دەبێت هەموو هێزی خۆی بخاتە کار تا بیسەلمێنێت بێگوناه نییە. لە سیستمی ئێستادا مرۆڤ تەنیا لە ڕێگای "هەستکردن بە گوناهەوە" دەبێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. دەسەڵات بۆ ئەوەی بژی، تەنیا ئەوەندەی دەوێت بمانکات بە شەریک لە تاوانەکاندا، هەر کاتێک ئەو هەستەمان لا دروستبوو ئێمەش گوناهبارین و شەریکی تاوانەکەین، ئیدی جگە لەوەی پرسیار لە سزای شایستەی خۆمان بکەین مافێکی دیمان بۆ نامێنێتەوە. ئەم شانۆنامەیە قسەیە لەوەی دروستکردنی کۆمەڵگایەک هەمووان تێیدا تاوانبارین، پاڵهێزێکی نهێنی و گەورەی ئەو سیستمەیە کە ئێمە لە نێویدا دەژین..

" دەربارەی شانۆنامەی «بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان»

بەشێک لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نوسەردا.



BO DOZEX,
EY BÊGUNAHAN

BAXTYAR ALI

Rahand

0770**9309121**

rahandpress@gmail.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی مەولەوی،
تەلاری سیروانی نوێ، نهۆمی چوارەم.